**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت**

**بەشی زمانی کوردی**

# (ڕۆڵی هێما زمانیی و نازمانییەکان لە بونیادی وێنە کاریکاتێرییەکاندا)

نامەیەکە

فەرەیدون عەبدوڵڵا عەلی

پێشکەشی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سلێمانیی کردوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت:

پ.ی.د.جوانە ئەحمەد حەمە حسەین

٢٧٢٣کوردی ٢٠٢٣زاینی ١٤٤٤ کۆچی

# پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من ئامادەکراوەو نوسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی زمانی کوردیدا. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ بکرێت.

پ.ی.د. جوانە ئەحمەد حەمە حسەین　　　　　واژۆ:

ڕێکەوت:　　/　　/٢٠٢٣

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوەو هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژۆ:

پ.د.بێستون حەسەن ئەحمەد

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت:　　/　　/٢٠٢٣

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوە، بۆیە ڕازیم، کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

واژۆ:

بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێج

ڕێکەوت:　　/　　/٢٠٢٣

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ:

ئێمە وەکو لیژنەی گفتوگۆ، ئەم ماستەرنامەیەمان، کە ناونیشانەکەی بریتی بوو لە (ڕۆڵی هێما زمانیی و نازمانییەکان لە بونیادی وێنەی کاریکاتێرییەکاندا)خوێندەوە و خوێندکارەکەمان، کە ناوی(فەرەیدون عەبدوڵڵا عەلی)بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیاردەدەین، کە پێداویستییەکانی بروانامەی ماجستێری لە پسپۆڕی زمانی کوردی تێدایە، بە پلەی(    ). لەم پێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ:

ناو: پ.د. دارا حەمید محەمەد

ئەندام:

ڕێکەوت:   /  ٣ / ٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: پ.ی.د ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا

ئەندام:

ڕێکەوت:   /  ٣ / ٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: پ.د. بێستون حەسەن ئەحمەد

سەرۆک:

ڕێکەوت:   /٣ / ٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. جوانە ئەحمەد حەمە حسێین

ئەندام و سەرپەرشت:

ڕێکەوت:   /٢٠٢٣/٣

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە(      )لە ڕێکەوتی (  /  /  )پەسەندکرا.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. حسن فخرالدين خالد

سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

ڕێکەوت:   /   / ٢٠٢٣

**بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی:**

ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی(ڕۆڵی هێمای زمانیی و نازمانییەکان لە بونیادی وێنە کاریکاتێرییەکاندا)، کە لە لایەن(                    )پێشکەشکراوە، لە لایەن خودی خۆمەوە لە ڕوی زانستییەوە پێداچونەوەی بۆ ئەنجامدراوەو پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندین، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ بکرێت.

**هەڵسەنگێنەری زانستی:**

**ڕێکەوت:**

**پێشکەشە :**

- بەو کەسانەی ئارەزومەندن، کە زمانی کوردی گەشە بکات و پێشبکەوێت........، دەیانەوێت کەلێنەکانی زمانەکەیان بە تەنها وشەیەکیش بێت پڕبکەنەوە.
- بەو کەسانەی، کە خوازیارن زمان و ئەدەبی کوردی هاوشێوەی زمانەکانی تری جیهان لە برەو و بەرەوپێشچوندابێت.................
- بەتەواوی خێزانەکەم، کە زۆر ماندوبون لە پێگەیاندنم.

## سوپاس و پێزانین:


- سوپاسی خوای گەورە دەکەم بۆ ئەو هەلەی، کە پێیبەخشیم.
- سوپاسی بێپایانم بۆ بەڕێز(پ.ی.د.جوانە ئەحمەد حەمە حسەین)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیەی گرتە ئەستۆ و بەوپەڕی دڵسۆزی و لێبوردەییەوە هاوکاریکردم.
- زۆر سوپاسی(ئیلیان)خانی کچم دەکەم، کە بەپەرۆشی و لەخۆبوردنەوە ئەرکی تایپکردنی توێژینەوەکەی گرتە ئەستۆ و لەگەڵم ماندوبوو.
- سوپاسی سەرجەم مامۆستایان و هاوڕێیان دەکەم، کە بەتەنها وشەیەکیش بێت هاریکارییان کردوم بە مەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە.
- سوپاسی سەرجەم مامۆستایان و فەرمابنەران و کارمەندانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی دەکەم، کە هەمیشە هاوکارمبوون.
- سوپاسی ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت و دەستەی کارگێڕی بەشی زمانی کوردی دەکەم، کە بێ ماندوبوون هەمیشە پاڵپشت و پشتیوانم بوون.

# لیستی هێما و کورتکراوەکان

| هێما | لێکدانەوە |
|---|---|
| SS | ئاستی ڕوکەش |
| DS | ئاستی قوڵ |
| [+/−] | نرخی سیمای واتایی |
| < > | نیشانکاری سیمانتیکی |
| [ ] | نیشانە جیاکەرەوەکان |
| ← | دەبێتە |
| ڕ | ڕستە |
| ف.ن | فریزی ناوی |
| ف.ک | فریزی کاری |
| (( )) | وەرگرتنی دەقاودەق |
| ( ) | سود وەرگرتن لە دەقێک |
| \ | نیشانەی هێز |
| / / | هێمای فۆنیم |

# لیستی وشەو زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی |
| --- | --- |
| Language | زمان |
| Linguistic | زانستی زمان |
| Theory linguistics | زمانەوانی تیۆری |
| Applid linguistics | زمانەوانی کارەکی |
| Linguistic schools | قوتابخانەی زمانەوانی |
| Sign | هێما |
| Form | فۆڕم |
| Meaning | ناوەڕۆک |
| Semiology | هێمالۆژی |
| Signified | هێمابۆکراو |
| Morphomics | وشەسازی |
| Parole | دەربڕاو |
| Lexicon | فەرهەنگ |
| Mental lexical | فەرهەنگیی ئاوەزی |
| Mental | ئاوەز |
| Encoding | کۆدکردن |
| Code exchanging | کۆدگۆڕینەوە |
| Code | کۆد |
| Verbal signals | هێمای زمانیی |
| Non-verbal signals | هێمای نازمانیی |
| Verbal language | گوتەیی |

| | |
|---|---|
| No-verbal language | ناگوتەیی |
| Semantic | واتاسازی |
| Syntax | ڕستەسازی |
| Phonemics | دەنگسازی |
| Pragmatic | پراگماتیک |
| Meaning | واتا |
| Meaning theory | تیۆرەکانی واتا |
| Generative and transfortation symantic theory | تیۆری واتاسازی بەرهەمهێنان و گواستنەوە |
| Standard semantic theory | تیۆری واتاسازی ستاندارد |
| Interperetive semantic | تیۆری واتاسازی لێکدەرەوەیی |
| Symbols semantic theory | تیۆری واتاسازی نیشانەکان |
| Phoneme | فۆنێم |
| Morpheme | مۆرفێم |
| Lemma | لێما |
| Receiver | وەرگر |
| Sentence | ڕستە |
| Syllable | بڕگە |
| Types of language | جۆرەکانی زمان |
| Language of poam | زمانی هۆنراوە |
| Language of newspapers and magazines | زمانی ڕۆژنامەو گۆڤار |
| Language of media | زمانی ڕاگەیاندن |
| Language of story and novel | زمانی چیرۆک و ڕۆمان |
| Language of raido and t.v | زمانی رادیۆو تەلەفیزیۆن |

| | |
|---|---|
| Language of caricature | زمانی کاریکاتێر |
| Caricature | کاریکاتێر |
| Image | وێنه |
| Body language | زمانی جەستە |
| Precedent hypothesis | گریمانەی پێشینە |
| Action speech | کردەی قسەیی |
| Implecatare | بەخشکەیی دەربڕین |
| Intonation | ئاوازە |
| Cender | نێرەر |
| Context | دەوروبەر |
| Context of theory | تیۆری دەوروبەر |
| Context of verbal | دەوروبەری زمانیی |
| Context non verabal | دەوروبەری نازمانیی |
| Meaning of semantic | واتای سیمانتیکی |
| Meaning of pragmatic | واتای پراگماتیکی |
| Paralinguistic | پارا زمانی |
| Concept | چەمک |
| Lexeme | لێکسیم |

**ناوەڕۆک** **لاپەرە**


پێشەکی ..... ١
بەشی یەکەم: ..... ٣ – ٤٩
١/١- دابەشکردنی ئاستەکانی زمان بەپێی قوتابخانە زمانەوانییەکان ..... ٣
١-١/١ قوتابخانەی زمانەوانی مێژوویی/دێرین ..... ٥
٢-١/١ قوتابخانەی زمانەوانی بەراوردکاری ..... ٨
٣-١/١ قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری/ڕۆنانکاری دی سۆسێر ..... ١٣
٤-١/١ قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری ئەمریکی/بلۆمفێڵد ..... ١٩
٥-١/١ قوتابخانەی زمانەوانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ..... ٢٢
٦-١/١ قوتابخانەی زمانەوانی درکپێکردن ..... ٢٥
٢/١ فەرهەنگ و زانیاری فەرهەنگیی ..... ٢٨
٣/١ جۆرەکانی زمان ..... ٣٤
١-٣/١ زمانی هۆنراوە ..... ٣٦
٢-٣/١ زمانی چیرۆک ..... ٣٨
٣-٣/١ زمانی ڕۆمان ..... ٣٩
٤-٣/١ زمانی ڕاگەیاندن ..... ٤١
٥-٣/١ زمانی ڕۆژنامەو گۆڤار ..... ٤٣
٦-٣/١ زمانی تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ ..... ٤٥
٧-٣/١ زمانی کاریکاتێر ..... ٤٧
بەشی دووم: ..... ٤٩ – ٩٧
١/٢ واتاو واتاسازی ..... ٤٩
١-١/٢ تیۆرەکانی واتا ..... ٥١
٢-١/٢ تیۆری واتاسازی لێکدەرەوەیی ..... ٥٢
٣-١/٢ بنەماکانی تیۆری واتاسازی لێکدەرەوەیی ..... ٥٥

٢/١-٤ زانستی هێمالۆژی و زانستی زمان.......................................................................... ٦٢
٢/٢ هێمای زمانیی و نازمانیی لە چوارچێوەی سیمانتیک و پڕاگماتیکدا............................ ٦٦
٢/٢-١ پڕاگماتیک و هێمای نازمانیی.............................................................................. ٧٣
٢/٢-٢ پڕاگماتیک و تیۆری دەوروبەر context theory.................................................... ٧٦
٣/٢ هێمای نازمانیی.................................................................................................. ٨٨
بەشی سێیەم:............................................................................................................ ٩٧ – ١٣٢
١/٣ چەمک و زاراوەی وێنەی کاریکاتێری........................................................................ ٩٧
٣/١-١ جۆرەکانی کاریکاتێر............................................................................................. ١٠١
٢/٣ مێژووی وێنەو وێنەی کاریکاتێری............................................................................ ١٠٣
٣/٢-١ جۆرەکانی وێنە.................................................................................................... ١١٠
٣/٣ وێنەی کاریکاتێری و هێمای زمانیی و نازمانیی........................................................... ١١٦
ئەنجام....................................................................................................................... ١٣٢
لیستی سەرچاوەکان.................................................................................................... ١٣٣
پوختە بە زمانی کوردی................................................................................................ ١٤٢
پوختە بە زمانی عەرەبی................................................................................................ ١٤٣
پوختە بە زمانی ئینگلیزی.............................................................................................. ١٤٤
خشتەی وێنە کاریکاتێرییەکان و بەکارهێنانی هێمای زمانیی و نازمانییەکان.................... أ
خشتەی وێنە کاریکاتێرییەکان و بەکارهێنانی هێمای نازمانیی........................................... ب – ج

## پێشەکی:

### (٠-١) ناونیشانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە، ناونیشانی(ڕۆڵی هێمای زمانیی و نازمانییەکان لە بونیادی وێنە کاریکاتێریەکاندا)ی دراوەتێ، خۆی لە زمانەوانی تیۆری و کارەکیدا دەبینێتەوە، کە دوو لقی سەرەکی زمانەوانین، خۆیان بە لێکۆڵینەوە لە زمان و واتا و مەبەستە شاراوەکان خەریکدەکەن، کە هێمای زمانیی و نازمانییەکان هەڵیانگرتون، لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێت.

### (٠-٢) هۆی هەڵبژاردن:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە، لەلایەکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە بواری هێمالۆژیدا کەمترین توێژینەوە ئەنجامدراوە، لەم سۆنگەیەوە دەرگا لەسەر ئەم بابەتە دەکرێتەوە، بۆ هاتنەبەرهەمی چەندین توێژینەوەی دیکە. لە لایەکی ترەوە هێما زمانیی و نازمانییەکان لە توانایاندایە واتای جیاواز بە وێنە کاریکاتێرییەکان ببەخشن، هەروەها کامیان ڕۆڵیان زیاترە بۆ ئەوەی پەیام و واتاکانیان لە وێنە کاریکاتێرییەکاندا بەرجەستە بکەن.

### (٠-٣) پرسیار و گریمانەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە ئایا تیۆری واتاسازی لێکدەرەوەیی هێما زمانییەکانی زمانی کوردییان پێلێکدەدرێتەوە؟ ئایا دەوروبەر چ ڕۆڵێک لە بەخشینی واتای جیاواز بە دەربڕاوەکان دەگێرێت؟

ئایا هێما نازمانییەکان چ کاریگەرییەک لە گەیاندنی واتا و مەبەست و پەیامی جیاواز دروستدەکەن؟ یاخود هێما زمانییەکان لە نێوان نەتەوەکاندا واتای جیاواز هەڵدەگرن؟

### (٠-٤) کەرەستەو ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا پێڕەوی ڕێبازی(وەسفی-شیکاریdescriptive analysis) کراوە، لە بواری زمانەوانی تیۆریدا و لەگەڵ هەندێک لایەنی کارەکی بۆ شیکردنەوە و پیشاندان و ڕونکردنەوەی نمونەکان بە وێنە، کە پشت بە دەوروبەری زمانیی و نازمانیی دەبەستێت. کەرەستەی خاوی توێژینەوەکە، زاری زمانی کوردی ناوەڕاستەو نمونەکان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زمانەکەوە وەرگیراون.

## (٠-٥) سنوری توێژنەوەکە:

توێژینەوەکە، زیاتر سنوری کارکردنی لە چێوەی تیۆری واتاسازی لێکدەرەوەیی(سیمانتیک) و تیۆری دەوروبەر(پڕاگماتیک)دا دەبینێتەوە، بە نمونەی زیندوی زمانەکە شیکردنەوەیان بۆ کراوە، بەپێی پێویستی توێژینەوەکە پەنا براوەتە بەر نمونەی دیکە.

## (٠-٦) ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە، بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو، توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا باس لە قوتابخانە زمانەوانییەکان کراوە، بەپێی پێڕەوی کارکردنیان. هەروەها باس لە فەرهەنگ و زانیاری فەرهەنگیی و جۆرەکانی زمان کراوە و جیاوازییەکانیان خراوەتەڕوو.

بەشی دووەم، تەرخانکراوە بۆ پوختەیەک دەربارەی تیۆرەکانی واتا، بە تایبەتی تیۆری واتاسازی لێکدەرەوەیی، لە هەمانکاتدا بنەماکانی بەوردی باسکراون. هەر لەم بەشەدا زانستی هێمالۆژی و زمانەوانی و پێوەندی نێوانیان بەوردی خراوەتەڕوو. لە لایەکی ترەوە بە نمونەی زیندوی زمانەکە هێمای زمانیی تێدا بەرجەستەکراوە. هەروەها باسی پڕاگماتیک و تیۆری دەوروبەر بەپێی بیروبۆچونی زمانەوانەکان لێکدراوەتەوە، هەر لەم بەشەدا هێمای نازمانیی بە نمونەی زیندوی زمانەکە و وێنەی کاریکاتێری و گەیاندنی واتا جیاوازەکانیان خراوەتەڕوو.

لە بەشی سێیەمدا، کە لایەنێکی کارەکی توێژینەوەکەیە، چەمک و زاراوەی وێنەی کاریکاتێری و جۆرەکانی بە شێوەیەکی ورد خراوەتەڕوو. لەبارێکی تردا باس لە مێژووی وێنەو جۆرەکانی وێنە کراوە، لە هەمان بەشدا چەند نمونەیەکی وێنەی کاریکاتێری بە شێوەیەکی کارەکی و لێکدانەوەی واتای سیمانتیکی و پڕاگماتیکییان؛ بەپێی هەندێک لە بنەماکانی تیۆری واتاسازیی لێکدەرەوەیی و تیۆری دەوروبەر شیکردنەوەیان بۆ ئەنجامدراوە.

## بەشی یەکەم:

## ١/١ دابەشکردنی ئاستەکانی زمان بەپێی قوتابخانە زمانەوانییەکان:

زانستی زمان، بوارێکی فراوانی زمانیی داگیرکردوەو هەر لە مێژەوە سەرنجی مرۆڤایەتی بە گشتی  و زمانەوانانی بە تایبەتی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە.  بە مەبەستی تێگەیشتن لە زانستی زمان وەکو ئەوەی  زانستی سەربەخۆ بۆ بیر و بۆچونەکانی (دی سۆسێر) دەگەڕیتەوە، واتە تاوەکو پێش بۆچونەکانی(دی سۆسێر)، وەکو زانستێکی سەربەخۆ و زانستیش سەیرنەکراوە.

زانستی زمان بە شێوەیەکی گشتی و زانستییانە خۆی بە دیاردەکانی زمانەوە سەرقاڵدەکات، دیاردەکانیش زیاتر کێشەو گرفتی زمان دەگرێتەوە. دیاردەکان بە پێی ئاستەکانی زمان دیاریدەکرێن، بۆ نمونە لە ئاستی ڕستەسازیدا چۆنێتی ڕیزکردنی کەرەستە بۆ پێکهێنانی ڕستە بە پێی زمانە سروشتییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، وەکو زمانی کوردی ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە بەشێوەی(بکەر-بەرکار-کار)، زمانی عەرەبی(کار- بکەر-بەرکار)، زمانی ئینگلیزی بەشێوەی (بکەر-کار-بەرکار) ڕیزدەکرێن لە چوارچێوەی ڕستەدا. دەتوانرێت هەمان شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ ئاستەکانی دیکەی زمان بکرێت، کە بریتین لە ئاستی(وشەسازی، دەنگسازی، واتاسازی، پراگماتیک).

بۆیە پێویستە لێرەدا بپرسین زمان چییە؟

زمان سیستەمێکی ڕێکوپێکی ڕێزمانە و وەکو گەنجینەیەک وایە، کە پڕ بێت لە زەخیرەو دانەوێڵە، بەڵام گەنجینەی مێشک پڕە لە وشەو و وێنەی شت و بیرەکان، بۆیە ناتوانرێت بگوترێت زمان کۆمەڵە وشەیەکە و بەس، (بەڵکو کۆمەڵە وشەیەکی سیستەمدارەو و بە پێی پێویستی مرۆڤ سوودی لێوەردەگیرێت). (شوانی،٢٠٠٩:١٩-٢٠).

زمان بە دیاردەیەکی مرۆیی لەقەڵەم دەدرێت، کە سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە و تایبەتە بە مرۆڤ. زمان سیستەمێکە کۆمەڵێک هێمای گوتراو و نەگوتراو دەگرێتەوە؛ بەهۆیەوە تاکە کەس دەتوانێت پێوەندی بە کەسانی دیکەوە بکات و گوزارشت لە بیروباوەڕ و دیدگای خۆی بکات. (ئەلزغلول،٢٠١٥:٢٣٢).

(دی سۆسێر) دەڵێت ((زمان بەرهەمی کۆمەڵایەتی هاوزمانانە و کۆمەڵە ئاکارێکی زۆر پێویستە، کە کۆمەڵ دایهێناوە، بۆ ئەوەی لە بەکارهێنانیدا یارمەتی تاکەکانی بدات)). (خۆشناو،٢٠١٦:١٣).

بە شێوەیەکی گشتی زمان لە چەندین بەش پێکهاتووە، بریتین لە واتا و وشەو دەنگ و ڕستەکان لە ڕێگەی ئەم بەشانەوە دەتوانرێت پێوەندی و تێگەیشتنەکان بەردەوام بێت و بەهۆیەوە جۆرەکانی زمان دیاریبکرێت لەوانە:

١-زمانی سروشتی:

ئەو زمانانەن، کە بە شیوەیەکی سروشتی خودا بە مرۆڤ و گیانلەبەرانی بەخشیوە، وەک زمانی(مرۆڤ، هەنگ..هتد).

٢-زمانی دەستکرد:

ئەو زمانانەن، کە مرۆڤ دروستیکردووە، وەک زمانی(کۆمپیوتەر، جەستە، هێما نازمانییەکان...هتد).

٣- زمانی زیندوو:

ئەم جۆرەیان بریتییە لەو زمانانەی، کە لە کاتی ئێستادا گفتوگۆی پێدەکرێت و بەکاردەهێنرێت، وەک زمانی(کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی...هتد).(خۆشناو،٢٠١٦:٣٧-٤٠).

٤-زمانی مردوو:

ئەو زمانانەن، کە پێشتر خەڵکی پێیدواون، بەڵام لە کاتی ئێستادا هیچ قسەکەرێکی لە ژیاندا نەماوە و کۆچیدوایی کۆتا ئاخێوەری ئەو زمانە بە مردنی ئەو زمانە دیاریدەکرێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەکی کورت بە ئاستەکانی زمان، بەپێی قوتابخانە زمانەوانییەکان بکرێت. بۆ ئەوەی بزانین، ئایا قوتابخانە زمانەوانییەکان چۆنێتی دەربڕین و ئاشکراکردنی تایبەتییەکانی زمان پەیوەست بە ئاستەکانەوە، چۆن لە کەرەستەو دانە زمانییەکانیان ڕوانیوە؟ یان لە کام دانە و کەرەستەی زمانییەوە دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردوەو لە کام ئاستەشدا کۆتاییان بە بیر و بۆچون و لێکۆڵینەوەکانیان هێناوە. هەروەها قوتابخانە زمانەوانییەکان بە پێی هەردوو جۆری هێمای (زمانیی و نازمانیی) چۆن کاریان لەسەر زمان کردووە و ئاماژەیان بە زانستی هێما کردوە. ڕیزبەندی قوتابخانە زمانەوانییەکان بە پێی مێژووی سەرهەڵدانیان و تایبەتییەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانیان خستۆتەڕوو:

## ١-١/١قوتابخانەی زمانەوانی مێژوویی:

ئەم قوتابخانەیە کار لەسەر ئەوە دەکات، کە چۆنێتی سەرهەڵدان و دۆزینەوەی یەکەم زمان لە جیهاندا کام زمانەیە؟ یاخود ئەم زمانە، مرۆڤ خۆی دروستیکردوە، یان بەخشراوی خودایە؟ هەرچەندە چەندین تیۆر دەربارەی سەرەتا و دروستبوونی زمان لە لایەن زانایان و زمانەوانانەوە ئاماژەیان پێکراوە وەک تیۆری (دەنگە سروشتییەکان، تیۆری (یو–هی–هۆ-YO HE-HO) دینگ–دۆنگ,(ئاماژەی زارەکی)، هەریەکە لەم تیۆرانە ڕەچەڵەکی زمان بۆ هۆکارێکی تایبەتی دەگێڕنەوە، کە هەندێکیان بەڵگەی ڕون و ئاشکراو بەرجەستەیان لە بەردەستدا نییە، لەبەر ئەوە ئاسان نییە بتوانرێت یەکەم زمان لە گێتیدا دیاریبکرێت. (بەرهەم ستار، وانەی خوێندنی باڵا، ئینگلیزی،٢٠٢٠–٢٠٢١).

بە پێی ئەو تیۆرییانە بێت ئەرکی زمان بریتی بووە لە دروستکردنی پێوەندی و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانە، واتە زمان هۆکارێک بووە بۆ بەردەوامبوونی ژیان. هەندێک لە زانایان بیروڕای جیاوازیان دەربارەی ڕەچەڵەک و سەرەتای زمان هەیە، وەک( ئەرستۆ) دەڵێت ((مرۆڤ گیاندارێکی ناتقە)). لە پێناوی ئەم بیرەدا، چەند ئەزمونێک ئەنجامدرا، وەک ئەوەی مرۆڤ لە دەرەوەی کۆمەڵ بژی  فێری زمان دەبێت؟ یان بە پێچەوانەوە. تاڕادەیەک ئاین ڕۆڵ و گرنگی لەم بوارەدا هەیە، ئەوانەی پێڕەوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن ڕایانوایە، زمان خەڵاتی خودای گەورەیە بە بەڵگەی ئەوەی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ((وعلم آدم الآسماء كلها)). (القرآن الكريم، البقرة، الآية:٣١).

لەم ڕوانگەیەوە زمان بەخشراوی خودایە،( چۆمسکی)یش بە شیوەیەکی زانستی لە زمانی کۆڵیوەتەوە، کە هەموو مرۆڤێک خاوەنی توانست و توانای قسەکردن و گفتوگۆی هەیە. زۆربەی زۆری میللەتەکان لاسایی ڕێزمانی یۆنانی و ڕۆمانییەکانیان کردۆتەوە، بەو بیانوەی ئەوەی ئەوان لە فەلسەفە و مێژوو بازرگانی و شتی تردا پێشەنگن و چاویان لێدەکرێت، دەشێت لە لێکۆڵینەوەی زمانیشدا وەکو سەرچاوە لێیانبڕوانرێت؛ بۆ نمونە ڕایانوابوو:

١–نابێت چاوگ لەیەک بترازێ و کەرەستەی تری بخرێتە نێوانیانەوە.

٢–نابێت ڕستە بە(پریپۆزشن) کۆتایی بێت.

دوای توێژینەوەو سەرنجدان دەرکەوت، ئەو بیروبۆچونانە پێچەوانەی هەندێک زمانن، وەکو زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی، بۆیە بە تێپەڕبوونی کات ئەو ڕێزمانە باوی نەماو گەڕانەوە سەر ڕێزمانی (وەسفی). دوای دەرکەوتنی زانیاری سەبارەت بە ڕێزمان، یۆنانییەکان گەیشتنە

ئەو ئەنجامەی، کە زمانەوانی لای یۆنانییەکان نەگەیشتە ئاستی پێشکەوتن. هەوڵەکانی زمانەوانە هیندییەکان بە تایبەتی ڕاو بۆچونەکانی (پانینی) دوای ئەوەی پەرتوکێکی لەم بوارەدا نوسیوە بە ناوی (هەشت بەشەکە)، کە بۆ چەند زمانێکی جیهانی وەرگێڕدراوە.

هەروەک (بلۆمفیڵد) دەربارەی پانینی دەڵێت ((ڕێزمانی پانینی یەکێکە لە مەزنترین ئەو بەڵگە مێژوییە دێرینانەی، کە ئاماژەیەکی ڕون بۆ پێشەوەچونی عەقڵی مرۆڤایەتی دەکەن)). (خۆشناو، محمد،٢٠٠٨ :٩).

زمانەوانی دێرین، لە ماوەی دوو هەزار ساڵدا پەیدابوون، سەرەتاکەی بۆ فەیلەسوفان ( ئەفلاتون، ئەرستۆ) دەگەڕێتەوە یەکەم کەس بوون گرنگییان بە زمان داوە، لە هەمانکاتدا واتایان بە بنەمایەکی سەرەکی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانیاندا سەیرکردووەو جێگەی سەرنج و بایەخیان بووە. (ئەفلاتون) یەکەم کەس بووە ناو و کاری لەیەکجیاکردۆتەوە، بەڵام (ئەرستۆ) کاری لەسەر ناسینەوەی پیت و جیاکردنەوەی بەشەکانی تری وەک(ئامراز و بەشەکانی ئاخاوتن) کردوە.

لەم قوتابخانەیەدا باس لە پێوەندی نێوان ناو و ناولێنراو کراوە (ئەفلاتون) پێوەندی نێوانیان بە سروشتی دادەنێت، بەڵام (ئەرستۆ) پێیوایە پێوەندی نێوان ناو و ناولێنراو لە خۆوەیە. پێدەچێت ڕاوبۆچونی ئەرستۆ زانستی بێت، چونکە لە پێوەندی سروشتیدا ناتوانرێت گشتگیر بکرێت بەسەر کەرەستەکانی زماندا، چونکە دەتوانرێت لە هەندێک ناو و ناولێنراودا پێوەندییەکی سروشتی بدۆزرێتەوە، وەک دەنگەکانی خشە خش، گرمە گرم...هتد، بەڵام پێوەندی لەخۆوە زۆربەی هێماو هێما بۆکراو(شت) دەگرێتەوە. لەلایەکی ترەوە زمانی لاتینییان کردبووە سەنگی مەحەک بۆ هەڵسەنگاندنی زمانەکانی دیکەو زمانی نوسینیان بەلاوە گرنگ بوو کەمتر ئاوڕیان لە زمانی ئاخاوتن دەدایەوە، لەم ڕوانگەیەوە پێیانوابوو خەڵکی ئاسایی زمان تێکدەدەن و دەیشێوێنن و زمانی فەیلەسوف و زانایانیان لەلا جێگەی بایەخ بوو. ڕۆمانیەکانیش تاڕادەیەک باش مامەڵەیان لەگەڵ زماندا کردوە، بە تایبەتی لایەنی تیۆری زمان و هەوڵیاندا لەگەڵ زمانەکەی خۆیاندا بیگونجێنن و گرنگیان بە ڕێزمان و تیۆری زمان داوە. لە زۆربەی کارەکانیاندا لاسایی یۆنانییەکانیان کردۆتەوەو کاریگەری ئەوانیان لەسەر بووە، واتە گەیەنەر بوون نەک داهێنەر. (خۆشناو،١٢:٢٠٠٨). لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕونکردنەوانەی خرانەڕوو، دەتوانرێت بگوترێت لە زمانەوانی دێریندا بەپێی ئاستەکانی زمان و پێڕەوبەندی لەم قوتابخانە زمانەوانییەدا بریتییە لە:

واتاسازی ← ڕستەسازی ← وشەسازی ← دەنگسازی

لێرەدا مەبەست لەوەیە، ئاستی واتاسازییان کردبووە بنەما بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان، واتە لە نێوان( فۆرم و واتا)دا ئەمان واتایان بەلاوە گرنگ و جێگەی بایەخ بوو ڕایان وابوو بەهۆی واتاوە دەگەنە بەشەکانی تری ئاخاوتن.

لە ئاستی ڕستەسازیدا دەتوانریت باسی ئاستی ژێرەوە و ڕوکەشی ڕستەکان بکرێت، لە هەمانکاتدا پێیانوایە هەموو زمانەکان تەواون و بێکەموکورین، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا چەمکی(مردن)ئەم وشانە دەگرێتەوە (کۆچیدوایی، تۆپین، ژیانئاوایکرد، وەفاتیکرد، ماڵئاوایکرد ، ئەمری خوای بەجێهێنا...هتد)، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ گەیاندنی ئەو چەمکە تەنها وشەی (مردن dead) بەکاردێت. لەم ئاستەشدا ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت و بە پێش و دواخستنی کەرەستەکان واتای ڕستەکەش دەگۆڕێت.

لە ئاستی وشەسازیدا پێویستە زمانەکان تەواو و پڕ لە وشەو زاراوە بن، بەم هۆیەوە بتوانرێت باسی هەموو شتەکان بکرێت، واتە هیچ کەرەستەیەک بەبێ ناو(فۆرم) نەمێنێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە زمانی کوردی لە زۆر بواردا ناتەواوەو کەموکوڕی هەیە، بە واتایەکی تر زمانی کوردی یان هەر زمانێکی دیکە بخەیتە بەر باس و توێژینەوە، بێگومان کەلێنی وشەو زاراوەی هەیە و لە ڕێگەی وەرگرتن لە زمانەکانی دیکەوە پڕیدەکاتەوە، وەکو ناوی ئەو ئامێرو تەکنەلۆژیایانەی، کە خۆمان دروستکەرو خاوەنی نین، بۆیە ناوەکەیان(فۆرمەکەیان) لە زمانی دروستکەری کەرەستەکانەوە وەردەگرین، بەڵام بەپێی یاسا و ڕێسای زمانەکەی خۆمان بەکاریاندەهێنین، وەک( کۆمپیوتەر، پیتزا، فەیسبوک......هتد). ئەم قوتابخانەیە لە ئاستی دەنگسازیدا جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە نابێت گۆڕان لە زماندا ڕوبدات، چونکە بەهۆی گۆڕانەوە زمانەکە بەرەو پشێوی و تێکدان دەچێت، کە ئەمەش زانستی نەبوو، چونکە زمان هەمیشە لە گۆڕاندایەو هەوڵدەدات بە کەمترین دەربڕین زۆرترین واتا بگەیەنێت، واتە ئابووریکردن لە زماندا نیشانەی پێشکەوتن و زانستی زمانەکەیە، نەک کەموکوڕی. بۆ نمونە گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان و فۆنەتیکییەکان جێگەی ڕەخنەبوون وەک دیاردەکانی(دەنگ گۆڕکێ و کرتاندنی دەنگ و کلۆربونی دەنگ و کەوتنی دەنگ....هتد)، وەک:

| | |
|---|---|
| دەوڵەمەند ← دەوڵەمەن | قادر← قایر |
| تەرزە ← تەزرە | چوار← چار |

هەرچەندە قوتابخانەی زمانەوانی دێرین دەنگسازییان پشتگوێ خستبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئاستەکانی زمان پێوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەیە، هەر کاتێک باسی واتا بکرێت لە هەمانکاتدا ئاستەکانی دیکە ئامادەی لێکۆڵینەوە دەبن، چونکە واتا ڕۆڵ و گرنگییەکی زۆری

لەدیاریکردنی یەکەی ئاستەکانی زماندا هەیە. کەواتە ئەم قوتابخانەیە زیاتر واتایان بەلاوە جێگەی سەرنج بووە وەک لە فۆڕم، پێیانوابوو، کە واتا دروستکەری فۆڕمیشە؛ کاتێک فۆڕمێک دادەڕێژریت، پێویستە فۆڕمەکە هەڵگری واتا بێت، بە واتایەکی تر واتا بەرجەستەکەری فۆڕمەو و بوونی فۆڕم بەستراوە بە بوونی واتاوە. دەتوانرێت تاڕادەیەک جیاوازی ئەو زمانەوان و زانایانە لەبەرچاو بگیرێت، کە دەکەونە ناو چوارچێوەی ئەم قوتابخانەیەوە لە بارەی لێکۆڵینەوەو ڕاو بۆچوونیان لەسەر زمان و زانستی زمان. ئەوانەی ئاماژەمان پێکرد دەتوانرێت وەکو تایبەتمەندییەکی گشتی قوتابخانەی زمانەوانی دێرین دابنرێت بە تایبەتی دەربارەی ئاستەکانی زمان. بۆ نمونە هیندییەکان میللەتێکن، کە زۆر زوو درکیان بە ڕۆڵ و گرنگی زمان کردوە، بۆیە بە پێشەنگی ئەم بوارە دادەنرێن، کە مەبەستیان خزمەتکردن بووە بە زمان لە پاڵ گرنگیدان بە ئاینەکەیان. (ناوخۆش،٢٠٠٥: ١٠).

(پانینی) لە دیارترین فەیلەسوفەکانی بووە، کە باسی ئاستی (فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و مۆرفۆفۆنێم)ی کردوە. لە هەمانکاتدا هەندێک بابەت و تایبەتمەندی لایەنی ڕستەسازییان ئاماژە پێکردوە بە تایبەتی زمانی لاتینی.

کەواتە ڕاوبۆچوونی زمانەوانی هیندییەکان لە ڕوی ڕیزبەندی ئاستەکانی زمانەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

دەنگسازی ← وشە سازی ← ڕستەسازی ← واتاسازی

ئەوەی جێگەی سەرنجە هیندییەکان زیاتر مشتومڕیان لەسەر واتا بووە، هەرچەندە لایەنەکانی تریشیان پشتگوێ نەخستوە، بەڵام لە واتادا زیاتر قوڵ بونەتەوەو گرنگییانداوە بە پێوەندی نێوان (واژە و واتا) لە هەمانکاتدا باسی کاریگەری دەوروبەریان لەسەر واتای وشە کردوەو ئاماژەیان بە دیاردەی هاوبێژی و هاوواتایی داوە و جۆرەکانی واتایان دەستنیشانکردوە وەک واتای(گشتی، چۆنییەتی، ڕووداو، تایبەتی). (محمد،٢٠١٢: ١٤).

## ٢-١/١ قوتابخانەی زمانەوانی بەراوردکاری:

لە دوای قوتابخانەی زمانەوانی مێژوویی، کە توانییان بناغەیەک و سەرەتایەک بۆ زانستی زمان دابنێن، هەر چەندە هەوڵەکانیان زانستی نەبوون و هەوڵ و گۆڕانی زمانیان بەرەو نەمان و فەوتان برد، واتە نابێت گۆڕانکاری لە زماندا ڕووبدات. لە دوای ئەم قۆناغە قوتابخانەیەکی زمانەوانی دیکە سەریهەڵدا، کە بە زمانەوانی بەراورد ناودەبرێت، یان ڕێزمانی بەراورد، کە قۆناغی کردنەوەی ئەوروپایە بە ڕوی میللەتانی تردا بە تایبەتی کیشوەری ئاسیا. زمانەوانی

بەراورد: لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری دەنگسازیی و وشەسازیی و ڕستەسازیی و واتاسازییە لە نێوان ئەو زمانانەی سەر بە یەک کۆمەڵەی زمانین، یان دەکەونە ناو تاکە خێزانێکی زمانییەوە.(سەعید،١١:٢٠١١).

زمانەوانی بەراورد هەموو هەوڵ و توانایەکیان بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی مێژوویی زمان و گەشەی مێژوویی و بنچینەی واتای و وشە بووە، ئامانجی زمانەوانی بەراورد دۆزینەوەو ئاشکراکردنی خاڵی هاوبەش و لێکچونی نێوان زمانەکانی سەر بەیەک کۆمەڵەی زمانین و دیاریکردنی سنوری جوگرافییان بە خاڵی جیاکەرەوە دادەنا. زمانەوانی بەراورد بە لێکۆڵینەوەکانی(ولیەم جۆنز) ی بەریتانی دەستپێدەکات، کە ویست و خولیای ئەوە بوو بەراوردێک لە نێوان زمانەکانی(سانسکریتی و لاتینی و گریک)دا بکات، گەیشتە ئەو ئەنجامەی هاوبەشییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیەو ڕایگەیاند، کە زمانی (سانسکریتی)لە زمانەکانی دیکە پتەوتر و کامڵتر و وردترە، کە ئەم هەنگاوەی(ولیەم جۆنز) بەیەکەم هەنگاوی ڕیزمانی بەراورد دادەنرێت.(محمد،٢٧:٢٠١٣).

پاشان توانییان سەرچاوەی زمان بدۆزنەوە و ئەو زمانانە دیاریبکەن، کە دەکەونە ژێر چەتری کەڵەزمانەکەوە، وەک زمانەکانی(لاتینی و گریکی کۆن و سانسکریتی)بوونەتە ئەندامی زمانی هیندۆ ئەوروپییەکان، کە ئەم جۆرە پۆلێنکردنەی زمان بۆ ئەم قوتابخانەیە یەکێکە لە شاکارەکانیان، کە بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی دەنگەکانی زمانەکانەوە بەرجەستەبووە. واتە زمانەوانی بەراورد بە لێکۆڵینەوە لە ئاستی دەنگسازییەوە هەنگاوە زمانییەکانیان هەڵگرتووە بۆ دیاریکردنی جۆر و خێزانی زمانەکان.

پاش ئەم هەوڵە پۆلێنکردنی زمانەکان بە پێی جۆری مۆرفیمەکان کرایە خاڵی وەرچەرخان لە ئاستی وشەسازیدا، هەر بۆیە (شلیگڵ)بۆ یەکەم جار لە ساڵی(٨١٨)دا خستیەڕوو، توانی سێ جۆر زمان جیابکاتەوە:

آ-زمانی دابڕاو(داپچڕاو): ئەو زمانانە دەگرێتەوە، کە گیرەکیان نییە، وەک زمانی(چینی). (خۆشناو، محەمەد، ١٦:٢٠٠٨).

ب-زمانی لێکدراو (ناوگرەکان): ئەو زمانانەن، کە گیرەکیان هەیە و کارییپێدەکەن و بەکاریدەهێنن، وەک زمانی(عەرەبی).

ج- زمانی لکاو : ئەو زمانانەن، کە دەتوانرێت کەرەستەو دانەکانیان بخرێتە پاڵ یەکتری بۆ دروستکردنی یەکەی گەورەتر وەک زمانی (کوردی). (ناوخۆش، خۆشناو، ٥٧:٢٠١٠-٦١).

جگە لەم سێ جۆر زمانە لە زۆربەی سەرچاوەکانی دیکەدا چەندین جۆری زمانییان دەستنیشان کردوە وەک زمانی(کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، بازاڕی....هتد). هەرچەندە ئەم دیاریکردنە لە جۆرەکانی زماندا زیاتر پێوەندی بە زمانی تاک و گروپەوە هەیە، نەک بتوانرێت جۆرەکانی زمان بە شێوەیەکی فراوان لە جیهاندا پۆلێنبکات، چونکە پۆلێنکردن زیاتر لەسەر بنەمای لێکچون ئەنجامدەدرێت. ئەم قوتابخانەیە زمانی لێکدراوی لە دوو جۆرەکەی تر لاپەسەندتر و بەرزترەو پێیوایە زمانی لاتینی و گریکی کۆن و سانسکریتی بەرزترین و باڵاترین زمانن. قوتابخانەی زمانەوانی بەراورد بە شێوەیەکی ئێستایی کاریان لەسەر زمان دەکرد، واتە بە (سینکرۆنی)کارە زمانەوانییەکانیان ئەنجامدەدا، کە ئەمەش یەکێکە لە کارە زانستییەکانی زمانەوان(دی سۆسێر)، کە پێیوایە پێویستە توێژینەوە زمانییەکان بۆ خودی زمانەکەو لەپێناو خۆیدا ئەنجامبدرێت، ئەمەش واتای ئەوەیە زانستی زمان گرنگی بە زمان دەدات. بۆچونی قوتابخانەی زمانەوانی مێژوییان ڕەتکردوە، کە پێیانوابوو گۆڕان لە زماندا زمانەکە بەرەو لەناوچون و لاوازی دەبات، بەڵکو ئەمان ڕایانوابوو ناوێزەیی لە زماندا بوونی نییەو هیچ گۆڕانێک لە خۆوە نابێت و گۆڕان لە زماندا دیاردەیەکی ڕێک و پێکەو بەپێی یاسا کاردەکات.

قوتابخانەی زمانەوانی بەراورد لە سەدەی(١٨ و ١٩)دەدا برەوی زۆری پێدراو توانییان کارێکی زانستی ئەنجامبدەن و لێکۆڵینەوەکانیان زیاتر لەسەر بنەمایەکی زانستی و کارکردن لەسەر دیوی ناوەوەی زمان بوو، بە واتایەکی دیکە کارکردنیان بە پێی ئاستەکانی زمان ئاستی دەنگسازیی و وشەسازیی و واتاسازیی دەگرتەوە.

کەواتە دەتوانرێت پێڕەوبەندی کارکردنی قوتابخانەی زمانەوانی بەراوردکاری لەبارەی ئاستەکانی زمانەوە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیزبکرێت:

دەنگسازیی ← وشەسازیی ← ڕستەسازیی ← واتاسازیی

ئەم شێوازە لە کارکردن زیاتر لەو کاتەدا هەستی پێدەکرا، کە کۆمەڵێک بە ناوی(ڕێزمان نوسە گەنجەکان)دەرکەوتن، چونکە ڕاوبۆچونی ئەم کۆمەڵە زمانەوانە جیاوازبوو لە بیرو بۆچونی ئەوانەی پێش خۆیان. دیارترینیان زمانەوان(پاوڵ)بوو، کە لە ساڵی(١٨٨٠)زاینیدا کتێبێکی بە ناوی(بنەمای مێژویی زمان)ەوە بڵاوکردەوە.(محمد،٢٠١٣:٣٠-٣١).

زمان دوو لایەنی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە(فۆڕم و واتا)زمانەوانە گەنجەکان زیاتر لایەنی فۆڕمیان بەلاوە جێگەی بایەخ بوو، تاڕادەیەک لایەنی واتایان فەرامۆشکرد بوو، چونکە لایەنی واتا زیاتر پێوەندی بە مرۆڤ و کۆمەڵەوە هەیە.

له ئاستی دەنگسازیدا هەوڵیاندا ئەوە بچەسپێنن، کە دەنگەکانی زمان ناوێزەییان تێدا نییە، واتە لایەنی فیزیکی ئاخێوەری زمانەکە گرنگە، کە مەبەست لێی دەنگە بیستراوەکانن، یان وێناکراوەکان لە ناخی تاکدا جێگیربووە و دەبنە بەشێک لە مێژووی زمان، کە ئەمەش زمانەوانەکان لە یەکتر نزیک دەکاتەوەو دەتوانرێت گۆڕان و گەشەی قۆناغەکانی زمانەکە دیاریبکرێت.

کەواتە دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت گۆڕان لە زماندا بە شێوەیەکی سیستەماتیکی بە پێی چەند یاسایەکی چەسپاوی زمانەکە ڕوودەدات، بە تایبەتی گۆڕانی دەنگ و کاریگەرییەکانی لەسەر یەکتر لە چوارچێوەی زمانێکی دیاریکراودا، ئەمەش هەنگاوێکی سەرەکییە بۆ دەستنیشانکردنی یاساکانی وەک(گۆڕانی دەنگ، کرتاندنی دەنگ، کەوتنی دەنگ....هتد)،کە ئەمەش دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی لە یاسا فۆنەتیکییەکان. (ناوخۆش،٢٠٠٥:٢٤).

لە بنەڕەتدا فۆنەتیک بەشێکە لە زانستی زمان و لە دەنگەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی دەدوێت. (مارف١٩٧٦:٣).

لە هەمانکاتدا، ئەم کۆمەڵە زمانەوانە، زیاتر جەختیان لەسەر دەنگ دەکردەوە، تا گەیشتۆتە ئەوەی درکیان بەوە کردوە، کە دوو پێوەریان بۆ خواستنی وشە(وەرگرتنی وشە)داناوە، کە بریتین لە:

١-دەکرێت وشە خواستراوەکە نەکەوێتە ژێر کاریگەری یاسا دەنگییەکانی زمانەکەوە وەک:

| **زمانی عەرەبی** | **زمانی کوردی** |
|---|---|
| الحج | حەج |
| الزكاة | زەکات |
| عمرة | عەمرە |

| **زمانی ئینگلیزی** | **زمانی کوردی** |
|---|---|
| Like | لایک |
| Shock | شۆک |
| Stress | ستریس |

| | |
|---|---|
| Facebook | فەیسبوک |
| Part | پارت |

٢- دەکرێت وشە خواستراوەکە بکەوێتە ژێر یاسا دەنگییەکانی زمانەکەوە، واتە بە پێی یاسای زمانەکە وشەکە بگونجێنرێت لە کاتی دەربڕیندا، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا وەکو وشەیەکی زمانەکە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. وەک:

| **زمانی کوردی** | **زمانی عەرەبی** |
|---|---|
| نفط | نەوت |
| بئر | بیر |
| کتاب | کتێب |

| **زمانی ئینگلیزی** | **زمانی کوردی** |
|---|---|
| Computer | کۆمپیتەر |
| New | نوێ |
| T.V | تەلەفیزیۆن |
| T. Shert | تیشێرت |

لە ئاستی دەنگسازیدا زمانەوان(فرانز بۆپ)ی ئەڵمانی چەندین توێژینەوەی لە بواری فۆنۆلۆژیدا ئەنجامداوە، کە بە توێژینەوە فۆنۆلۆژییە مێژووییەکان ناسراوە. لە دوای ئاستی دەنگسازیی ئاراستەی کارکردنیان لەسەر ئاستی وشەسازییە، بە پێی لاگرەکان زمانەکانیان جیاکردۆتەوە، واتە مەرج و سنوری زمانەکانیان بە پێی لاگر لکاندن دیاریکردوە. پاشان ئاماژەیان بە ئاستی ڕستەسازیی و واتاسازیی کردووە، بەڵام ئەم قوتابخانەیە زیاتر جەختیان لەسەر لایەنی دەنگسازییە. کەواتە قوتابخانەی زمانەوانی بەراورد و قوتابخانەکانی دیکەش کەمتر ئاوڕیان لە بواری واتاسازی و پراگماتیک داوەتەوە، زمانەوانی بەراورد زیاتر گرنگی بە لایەنی سەرزاری نێوان زمانەکان دەدات، واتە ئاستی ڕووکەش(شێوەی دەرەوەی زمانەکان)، تاڕادەیەک ئاستی ژێرەوە، یان لێکچونی ژێرەوەی زمانەکان پشتگوێ دەخات.

لە لایەکی ترەوە، ئەم ڕێبازە وای بۆ دەچێت، کە زمانی هیندۆ ئەوروپی بنەڕەتی و بناغەیە و زمانەکان لە لقەکانییەوە بونیاد دەنرێتەوە، بەڵام هەندێ کێشەو گرفت چارەسەر ناکات، وەک

ئەوەی لایانوایە زمانە سەرەکییەکە(باوکەکە)دەبێت لە چەند زارێک پێکهاتبێت، کە ئەم بۆچونە لای بەراورد کارەکان جێگەی قبووڵ نییە، هەر بۆیە بۆ پڕکردەوەی ئەو کەموکوڕییانە پەیدابوون و دروستبوونی قوتابخانەی زمانەوانی نوێ بەردەوام بوو.

### ٣-١/١ قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری/ڕۆنانکاری/ بەرایی دی سۆسێر:

قوتابخانە زمانەوانییەکانی پێشتر، کاریان لەسەر زمان کردوە، بەڵام کاری سەرەکییان بریتی نەبووە لە لێکۆڵینەوە لە زمان، یان سەیرکردنی زمان وەکو زانستێکی سەربەخۆ. هەرچەندە بە شێوازی جیاواز بۆچونەکانیان خستۆتەڕوو هەر قوتابخانەیەکیش بڕوای تەواوی بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی خۆیان هەبووە.

مێژووی لێکۆڵینەوە لە زمان بە گشتی دەتوانرێت بۆ سێ سەردەم و قۆناغ دابەشبکرێت:

سەردەمی یەکەم: لە سەرەتاوە دەستپێدەکات و تاکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم درێژەی کێشا وەک لە قوتابخانەی زمانەوانی مێژوویی و بەراوردیدا ئاماژەمان پێدا، کە بیرۆکەو نیشانەی تایبەت  بە زمانیان بۆ لێکۆڵینەوەکانیان نەبووە، تەنها کارکردنێکی سەرپێی بووە لەسەر زمان لە خزمەت پسپۆڕییەکەی خۆیاندا.

سەردەمی دووەم: دوایی ئەو قۆناغە لێکۆڵینەوەکان لەسەر زمان گۆڕانکاری بەسەردا هاتوو ماوەیەکی دورو درێژ توێژینەوە لەسەر زمان کرا، کە بە تایبەتی دەرکەوتنی قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری لە ئەمەریکا، کە بە تەواوەتی کارکردنیان ئاراستەی زمان بوو لە خزمەتی زمان خۆیدا بوو. (خۆشناو، محەمەد،١٧:٢٠٠٨).

سەردەمی سێیەم: ئەم قۆناغە دوای قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری دەستپێدەکات بە تایبەتی لە ساڵی(١٩٥٧)زاینیدا، کە خۆی لە بیرۆکەی نوێی زمانەوانی بە ناوی(ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە)دا خۆی ڕاگەیاند.(باتنی، ٢٠١٢:٤٠).

لای ڕۆنانکارەکان، زمان، چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و تایبەتمەندی گواستنەوەو گۆڕانی هەیە، بوار بۆ شیکردنەوەیەکی دەرونی و کۆمەڵایەتی دەرەخسێنێت.(درەیی، ٢٠١٤:٨٩-٩٠).

ئەم قوتابخانەیە پێیوایە، توێژینەوە لە زمان دەبێت لە پێناو خزمەتکردنی خودی زمانەکەدا بێت. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، پێویستە زمانەوانی گرنگی بە زمان بدات و کاری سەرەکی لەسەر بکات. لێکۆڵینەوە لە زمان وەکو زانست بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری ئەوروپی دەگەڕێتەوە، کە لەلایەن(دی سۆسێر)ەوە ڕابەرایەتی دەکرا. واتە تاکو

پەیدابوونی ئەم قوتابخانەیە زمان وەک و زانستێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا نەدەکرا. توانی گرۆتینێک بە کاری زمانەوانی بدات و چەندین شاکار لەم بوارەدا بەرهەم بهێنێت، گرنگترین کتێبی ناوی(چەند وانەیەک لە زمانەوانی گشتی)، کە قوتابییەکانی دوای مردنی خۆی بە چاپیان گەیاندووە و بۆ چەندین زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە. دوای ئەم کارەی قوتابخانەکەی بە قوتابخانەی ڕۆنانی ناسرا . هەرچەندە(دی سۆسێر) خۆی بە زمانەوانی بەراورد دەستیپێکردوە، بەڵام دواتر بۆچونەکانی گۆڕانی بەسەردا هات و تاڕادەیەک پێچەوانەی بیروبۆچونی بەراوردکاری بوو. (وانەی ماستەر، دەرون عەبدولڕەحمان، زانستی زمان، ٢٠٢٠-٢٠٢١).

(دی سۆسێر)توانی گۆڕانکاری بنەڕەتی و سەرەکی لە ڕەوتی چەمک و زاراوەو زمانناسیدا بکات، کە تاوەکو ئێستاش ئەو گۆڕانانە جێگەی بایەخەو کاریان پێدەکرێت.

گرنگترین کارەکانی بریتین لەمانەی خوارەوە:

١-بە پێچەوانەی قوتابخانەکانی پێش خۆی گرنگی بە زمانی ئاخاوتن( قسەکردن) دەدات، بە واتای ئەوەی زمانی قسەکردن سەنگی مەحەکەو پێویستە بە گرنگییەوە لێیبڕوانرێت. (خۆشناو، محەمەد،١٨:٢٠٠٨).

٢-زمان وەک دیاردەیەکی زیندوو سەیردەکات، واتە زمان هەمیشە لە خۆنوێکردنەوەو داتاشین و بەرهەمهێنانی وشەو زاراوەی نوێدایە.

٣- زمان بە پێڕەو کاردەکات، مەبەست لە پێڕەو ئەوەیە، هەر ئاستێک لە ئاستەکانی زمان بخەینە ڕوو، یان توێژینەوەی لەسەربکرێت، ئەوا دانەو کەرەستەکانی بەرانبەر بە یەکتر وەستانیان تێدا بەدیدەکرێت، وەک ئاستی دەنگسازیی کاتێک بەهای فۆنێمێک لە ڕوی سازگەو و شوێنی دروستبوونی و ئەو ئەندامانەی بەشداری لە دروستبونیدا دەکەن دەردەکەوێت، کە بەرانبەرەکەی دیاریبکرێت بۆ نمونە:

/ب/ بەرانبەر /پ/

/ج/ بەرانبەر /چ/

لێرەدا کاتێک بەهاو تایبەتمەندی و ئەدگاری فۆنێمی/ب/ دەردەکەوێت، کاتێک لە بەرانبەر فۆنێمی/پ/ دابنرێت، واتە تایبەتمەندییەکانیان، تاڕادەیەک لەیەکەوە نزیکن ئەمەش بەو واتایە نایەت کە فۆنێمەکان جیاوازییان نییە.

لە ئاستی وشەسازیشدا مۆرفیمەکان دەبنە دەرخەری جیاوازی واتایی ئەو وشانەی، کە دایدەڕێژن وەک:

هەڵچوون_____ داچوون دابەزین______ سەرکەوتن

لێرەدا مەبەست ئەوەیە، کە مۆرفیمی(هەڵ، دا) لە توانایدایە واتای وشەکان و کردارەکان بگۆڕێت.

لە ئاستی ڕستەسازیشدا دەتوانرێت بە هەمان شێوەی ئاستەکانیتر چەندین نمونەی زیندوی زمانەکەمان بخەینەڕوو وەک:

هاتن ____ڕۆشتن پێدان____ وەرگرتن

کڕین____ فرۆشتن هەڵگرتن_____ داگرتن

لە نمونەکانەوە ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە کردارەکان بەرانبەر بەیەک دەوەستن و دەتوانرێت چەندین واتای جیاوازیان لێبەرهەمبهێنرێت.

لە ئاستی واتاسازیدا، بێگومان چەندین نمونە هەیە وەک:

باش____خراپ جوان____ قەشەنگ

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، لە ئاستی واتاسازیشدا لە ڕوی پێوەندییە واتاییەکانەوە دەتوانرێت وشەی هاوواتا و فرە واتاو دژواتا دەستنیشان بکرێت.

٤-یەکێک لە هەوڵەکانی (دی سۆسێر ) ئەوە بوو؛ زمان وەکو زانستێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و دابڕێت لە زانستەکانی دیکە.

٥-دوانەکانی(دی سۆسێر)، بووە هۆی ئەوەی دوای خۆی و قوتابخانەکانی دیکە، کاریگەری ئەم بۆچونەیان لەسەربێت، بەڵام بە زاراوەو چەمکی نوێوە.(دی سۆسێر)وەک یەکەم کەس ئاماژەی بۆ هێماو باسی پێوەندی نێوان (هێما و هێما بۆکراو)ی کردووە.

لە هەمانکاتدا چەندین کاری دیکەی بە ئەنجام گەیاندووە، کە پێش ئەمیش ئاماژەیان پێکراوە وەکو ( ڕێزمانی گشتی). بەم کارانەی (دی سۆسێر) توانی بابەتی زمانەوانی و زمان لە ژێر سێبەر و هەژمونی مێژووی سەدەی(١٩)دا دەربکات. بە پێی تێڕوانینی زانستە زمانەوانییەکان، زمان کاتێک تەواو و گشتگیرە، کە بە قۆناغ و پلە بخوێنرێت لە سەرەتاوە دەنگەکان، پاشان

وشەو و مۆرفێمەکان تاکو دەگاتە واتای دەربڕاوەکان (هێماکان).(خۆشناو، محەمەد، ٢٠٠٨:٢٠-٢١).

بە شێوەیەکی گشتی لای (دی سۆسێر) ئاراستەی کارکردنی قوتابخانە زمانەوانییەکەی لە دوانییەکانیدا بەرجەستە دەبێت و درک بە ئاراستەو پەیڕەوبەندی ئاستەکانی زمان دەکرێت، بۆ نمونە لە سەرەتادا باسی زمان و ئاخاوتن دەکات، کە زیاتر گرنگی بە زمانی ئاخاوتن داوە، چونکە زمان بوونێکی گشتی هەیە، واتە زمانی گشتی کۆی هەموو زانیارییەکانەو هەموو ئاخێوەران کۆپییەکیان بەرکەوتووە، کەواتە ئاخاوتن بەرجەستەو کۆنکرێتکەری زمانە، کە بوونێکی واتایی(ئەبستراکت)ی هەیە. (ۆدیسن، و. فاروق ٢٠٠٨:٣٢).

کەواتە سەرەتا شێواز و کارکردنی(دی سۆسێر)لەسەر زمانی ئاخاوتن بووە، کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دەنگ و دەنگیش یەکێکە لە دانە سەرەکییەکانی ئاستی دەنگسازیی. یەکێکی تر لە دوانەکانی (دی سۆسێر)لایەنی(دایکرۆنی و سایکرۆنی)یە، کە دایکرۆنی باس لە گۆڕان و گەشەی زمان بە تێپەڕبوونی کات دەکات، زیاتر گرنگی بە فۆڕم دەدات، تاکو واتاسازی و ڕێزمان، چونکە گۆڕانی واتا دەچێتە بواری سایکرۆنییەوە. بەهۆی تیۆری دایکرۆنیەوە دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت(دی سۆسێر) گۆڕانی دەنگی بەسەرەتای گۆڕانی وشەسازیی و واتاسازیی داناوە، بە واتایەکی تر گۆڕانی وشەسازیی و واتاسازیی زیاتر پشت بە گۆڕانی دەنگ دەبەستێت. زمانەوانی ڕۆنانکاری ئەوروپی، دوای دەنگ کاریان لەسەر ئاستی وشەسازیی کردوە، بۆ نمونە بە یەکەوە هاتنی مۆرفێمەکان و هاوڕێیەتی نێوانیان، چونکە وشەسازیی لێکۆڵینەوەیە لە دروستەی ناوەوەی وشە. لە هەمانکاتدا وشەسازیی پێکدێت لە دروستەو پرۆسە، واتە دانەو کەرەستەی هەیە لە پرۆسەیەکدا بە دروستکردنی وشەی نوێ بە واتای نوێ بەرجەستەی دەکات. (خوێندنی ماستەر، عەبدولجەبار مستەفا، وشەسازی٢٠٢٠-٢٠٢١). بۆ نمونە وشەکانی:

دوشمن ← دوژمن دەستگا ← دەزگا

گۆڕانی ئەو دەنگانە سەرەتاکەی بۆ ئاستی وشەسازیی دەگەڕێتەوە، پاشان ئاستی دەنگسازیی، کە(دی سۆسێر) لە بواری دایکرۆنیدا باسی گۆڕانی دەنگ دەکات، کەواتە دوای ئاستی دەنگسازیی(دی سۆسێر) ئاماژەی بە ئاستی وشەسازیی کردووە. لەهەمانکاتدا زیاتر بایەخی بە لایەنی سایکرۆنی داوە، وەک لە لایەنی دایکرۆنی، چونکە سایکرۆنی لێکۆڵینەوە لە زمانە زیندووەکان دەکات لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، بەڵام دایکرۆنی گرنگی و پشت بە دەقی نوسراو و دەستنوسی کۆن دەبەستێت، واتە زیاتر مێژووی زمانەکە دەخاتەڕوو.

هەرچەندە ئەم دوو میتۆدە لە خاڵێکدا بە یەکدەگەن و دژی یەکتری نین، بەواتایەکی تر لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بە میتۆدی مێژوویی بە بێئاگاداربوون لە حاڵەتی ئێستایی(سایکرۆنی)ئەنجامێکی باشی نابێت، یان کارێکی تەواو و پڕاوپڕ دەرناچێت، هەربۆیە دەتوانرێت ئەم دوو لایەنە بە تەواوکەری یەکتری دابنرێن، چونکە ئەگەر ئاگاداری ئێستایی زمانەکە نەبیت ناتوانرێت گۆڕانکارییەکانی زمانەکە دیاریبکرێت، کە بەسەر زمانەکەدا هاتووە.

یەکێکی تر لە دوانەکانی(دی سۆسێر) بریتی بوو لە:

- ئاستی ئاسۆیی/ سینتاگماتیکی(syntajmatic)

- ئاستی ستونی/ پارادیگماتیکی(paradijmatic ) ئەم دوو پێوەندییەی(دی سۆسێر)ئاماژەی پێکردوە زیاتر لە فرێز و ڕستەدا ڕەنگیداوەتەوە، واتە دەتوانرێت بگوترێت ئەم ئاستانە لە ڕستەسازیدا بەرجەستە دەکرێن، هەربۆیە باس و خواسی لەسەر ئاستی وشەسازی خستۆتەڕوو؛ ئاراستەی توێژینەوەو داهێنانەکانی ڕوی لە ئاستی ڕستەسازی کردوە. بنەماکانی ڕێزمان لە هەموو زمانەکاندا لە ناوەڕۆکدا وەکیەکن، بەڵام لە وردەکاری و شیکردنەوەکانیاندا جیاوازی بەدیدەکرێت و ئەمەش بە پێی زمانەکان دەگۆڕێت. (علی، ٢٠١٤:١٧).

پێوەندی ئاسۆیی نێوان کەرەستەکانی ڕستە بەو واتایە دێت، کە کەرەستەو پێکهێنەرەکانی ڕستە چ پێوەندییەکانیان بە کەرەستەکانی دواوە و پێشەوەی خۆیانەوە هەیە، یاخود کەرەستەی باڵادەستی ڕستەکە، چۆن دەتوانرێت پێداویستییەکانی تێربکرێت، ئەمەش کرداری ڕستەکە ئارگۆمێنتەکانی داوا دەکات بە پێی هێزی کردارەکە(تێپەڕ، تێنەپەڕ). کردارە تێپەڕەکان پێویستیان بە دوو ئارگۆمێنت هەیە، بۆ ئەوەی ڕستەیەکی واتا دروست و ڕێزمان دروست بەرجەستە بکات وەک:


١-ئازاد نانەکەی خوارد.

لێرەدا کرداری تێپەڕی (خوارد) پێویستی بە دو کەرەستە هەیە، کە بریتین لە( ئازاد، نان) واتە بوونی بکەرێک توانای خواردنی هەبێت و بەرکارێک، کە شیاوی( خواردن) بێت، کە (نان)ە. بەڵام کرداری هێز تێنەپەڕ پێویستی بە یەک ئارگۆمێنتە بۆ ڕونکردنەوەی واتاکەی و لایەنی ڕیزمانییەکەی وەک:

٢-بەهار هات.

لێرەدا (بەهار) ناوی کەسێکەو بکەری ڕستەکەیە و توانیوێتی پێداویستی کرداری(هات) تێربکات. کەواتە پێوەندی ئاسۆیی، نێوان کەرەستەکانی ڕستە بەها و نرخی ئارگۆمێنتەکان دیاریدەدەکات و ڕۆڵیان دەخاتەڕوو.(محەمەد، ٢٠١٠:٧١).

پێوەندی ستونی، تاڕادەیەک زیاتر پێوەندی بە ئاستی وشەسازییەوە هەیە، چونکە ئەم پێوەندییە دەچێتە ناو جۆری وشەکانەوە(مۆرفێم)، بەو واتایەی ئەو کەرەستانەی دەبنە جێگرەوەی ئارگۆمێنتەکان دەبێت لە هەمان کەتیگۆری بن، تا بتوانن لە بری یەکتری و جێگەی یەکتری بگرنەوە. ئەم پێوەندییە بریتییە لە پێوەندی نیوان ئارگۆمێنتێکی ڕستەکە لەگەڵ وشەیەکی تری زمانەکە لە دەرەوەی ڕستەکە وەک:




لێرەدا دەبینرێت پێوەندی نێوان وشەکانی (گەڕایەوە، هاتەوە، دەخوات، دێتەوە) پێوەندییەکی ستونییە سەر بە یەک کەتیگۆری زمانن کە(کردار)ە، دەتوانن جێگەی یەکتری بگرنەوە بەبێ ئەوەی کار بکاتە سەر لایەنی ڕێزمانی ڕستەکە. لە پێوەندی ستونیدا پێویستە (ناو) جێگەی(ناو) و(جێناو) جێگەی(جێناو)بگرێتەوە، واتە هەموو پۆلەکانی وشە بەهەمانشێوە لەم جۆرە پێوەندییەدا کاردەکەن. ئەمەش لە خزمەتی ئەوەدایە، کە ڕستەسازی زمانەکە تێکنەچێت و یاساکانی پێشێل نەکرێت، واتە نابێت(کار) لە جیاتی(ناو) یان(ئاوەڵناو)لە جیاتی (جێناو) بەکاربێت. (دزەیی، ٢٠١٣:٢٨-٣٠).

لە هەردوو پێوەندییەکەدا(ئاسۆیی و ستونی) پێویستە کەرەستەکان ڕەچاوی سیستەمی زمانەکە بکەن. بە واتایەکی تر هەر گۆڕانکارییەک لە شوێنی کەرەستەکاندا ڕوبدات، ڕستەکە واتا دروست و ڕێزمان دروست نابێت بۆ نمونە:

٤-گورگەکە مەڕەکەی خوارد. (ڕستەیەکی دروستە).

٥-مەڕەکە گورگەکەی خوارد .(ڕستەیەکی نادروستە).

لێرەدا ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە لە ڕستەی(٥)دا لە ڕوی ڕێزمانەوە دروستە، بەڵام ڕستەکە لە ڕوی واتای کەرەستەکانییەوە، ڕستەیەکی واتا نادروست بەرهەمدەهێنێت.

یەکێکیتر لە بنەماو کارە گرنگەکانی بونیادگەری(دی سۆسێر) ئەوەیە، کە زمان بە (پێڕەو)واتە زمان بە یاسا و سیستەم کاردەکات و هەر گۆڕانکارییەک ڕوبدات هەڕەمەکی و لەخۆوە نییە، بەڵکو بچوکترین دانەی زمانیی تا گەورەترین دانەی زمان بەپێی ئاستەکانی زمان؛ پێڕەوی

یاسا و ڕێسای زمانەکە دەکەن. ئەم زانایە لە دوای ئاستی ڕستەسازیی تیشکێک دەخاتە سەر لایەنی واتاسازیی و پێوەندی نێوان (فۆڕم و واتا) ڕوندەکاتەوەو پێیوایە(فۆڕم و واتا) لە یەکتری جیانابنەوە و پێوەندییەکەیان لە خۆوەیە وەکو ڕەمز(هێما) ئاماژەی بۆ دەکات. بەو واتایەی بەڕێککەوتنی کۆمەڵ هێماکە کەرەستەیەکی تر لەدەرەوەی زمان ئاماژە پێدەکات و هەر بە ناوهێنانی هێماکە گوێگر بیر و هزری بۆ کەرەستەکە(هێما بۆ کراو)ەکە دەچێت. بەمپێیە لە کۆتاییدا دەتوانرێت بگوترێت، بنیادگەری(دی سۆسێر) ئاراستەی ڕیزکردن و گرنگی و پێڕەوبەندی کارکردنی لە ئاستەکانی زماندا بریتییە لە:

دەنگسازیی ← وشەسازیی ← ڕستەسازیی ← واتاسازیی

جگە لەو بابەتە زمانییانەی باسکران(دی سۆسێر)جیاوازی لە نێوان (ئاخاوتن و نوسین)دا کردووە و زیاتر وشەو دەربڕاو و ئاخاوتنی کردۆتە چەقی لێکۆڵینەوەکانی و تاڕادەیەک زمانی نووسینی فەرامۆشکردووە. لە دوای (دی سۆسێر) چەند قوتانخانەیەکی دیکەی زمانەوانی سەریانهەڵداو دەرکەوتن، بێگومان کاریگەری و شوێن دەستی قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری(دی سۆسێر) یان پێوەدیار بووەو تەواوکەری کارەکانی یەکتری بوون.

## ٤-١/١ قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری ئەمریکی/بلۆمفیلد:

قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری لە فەلسەفەیەکی دور و قوڵترەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ئەزموونگەرایی و بنچینەی ئەم ڕەوتە لە دەروونناسی و زانستە مرۆییەکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵدا، ئەزمون بە چەقی کاری توێژینەوەکانی دادەنێت، هەر وەک زانا (دەیڤید هیۆم) دەڵێت((هەموو یاساکانی سروشت، بەبێ جیاوازی لە ڕێگای ئەزمونەوە دەناسرێنەوە)). (باتنی، و.کەریم، ٢٠١١:٤١).

بونیادگەری سەرەتا و سەرهەڵدانی بۆ دوو قۆناغ دەگەڕێتەوە، کە بریتین لە قۆناغی سەردەمی (دی سۆسێر)، کە بە قوتابخانەی بونیادگەری ئەوروپی ناسراوە، قۆناغی دووەمی بۆ زمانەوانی ئەمریکی بە تایبەتی(بلۆمفیلد)دەگەڕێتەوە، کە بە قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری ئەمریکی ناسراوە. ئەم قوتابخانەیە وەک تیۆرێکی زمان، سەرچاوەکەی بۆ کتێبە بەناوبانگەکەی (بلۆمفیلد) بە ناوی ( زمانlanguage) لەساڵی (١٩٣٣)ی زاینیدا دەگەڕێتەوە، کە هەوڵیدا زانستی زمان وەک زانستێکی سەربەخۆ بناسێنێت، بەڵام بەهۆی کاریگەری بواری دەروونناسی بە تایبەتی قوتابخانەی (ڕەفتاری) لەسەر دەستی (واتسۆن) سەرنجی ڕاکێشاوە ویستی لە ڕێگەی قوتابخانەی دەرونی ڕەفتارییەوە بڕوانێتە زمان بە تایبەتی لە بواری واتادا، ئەمەش خاڵی

سەرەکی جیاکەرەوەی قوتابخانەی بونیادگەری ئەوروپی و قوتابخانەی بونیادگەری ئەمریکی بوو. (محمد،٢٠١٣:٦٢).

واتە لێکدانەوەی زانستی زمان لە ڕێگەی ڕەفتارەوە بە تایبەتی تیۆری(کارو کاردانەوە)، بەو واتایەی وروژێنەری ناوەکی دەبێتە هۆی ئەوەی دەربڕاوێک دەربڕێت و گوێگر لە دەنگەکانەوە لێکۆڵینەوە لە زمانی ئاخاوتن بکات بە تایبەتی ئەم بۆچونەی لە چیرۆکی(جاک و جیل)ەوە بەرجەستەکرد، کە لە ئەنجامی برسێتی(جیل) وروژێنەر دێتەئاراوەو بەهۆی دەربڕاوێکەوە داوای سێوێک دەکات و (جاک)سێوەکەی پێدەدات.

واتە جاک توانی وەڵامدانەوەی وروژێنەری ناوەوەی جیل بێت، لێرەدا مەبەست ئەوەیە، ئەگەر جیل برسی نەبوایە(وروژێنەر) ئەوا دەنگی لێوە نە دەهات و ڕەفتاری زمانی ئەنجامنەدەدا. بلۆمفێڵد دەڵێت ((لە قسەی مرۆڤدا دەنگی جیاواز واتایی جیاواز دروستدەکەن. لێکۆڵینەوە لە پێوەندی نێوان دەنگ و واتا، لێکۆڵینەوەیە لە زمان)).

لەم چیرۆکەوە ئەوە بەرجەستە دەبێت، کە (بلۆمفیلد) زیاتر گرنگیداوە بە دەنگەکانی ئاخاوتن و دورکەوتنەوە لە واتا. هاوکات توانی پرۆسەی(کەرتکردن)بەکاربهێنێت بۆ جیاکردنەوەی یەکە زمانییە بچووکەکان لە ڕوی فۆڕم و ڕوخسارەوە. (بلۆمفێڵد) لێکۆڵینەوەکانی دابەشکرد بەسەر سێ لقی سەرەکیدا:

١-زانستی فۆنۆلۆژیphonemics واتە دەنگسازیی.

٢-زانستی مۆرفۆلۆژی morphemics واتە وشەسازیی.

٣-زانستی سینتاکسsyntax واتە ڕستەسازیی. (سعید،٢٠١١:١٣-١٤).

بونیادگەری ئەمریکی، جەختیان لەسەر لایەنی ڕوخساری وشەبوو، واتە کەرەستەیەکی بەرجەستەی زمان وەکو دەنگ و مۆرفیمەکان. کەواتە ڕۆنانکارەکان، تاڕادەیەکی زۆر ئاستی ژێرەوە(قوڵ)یان پشتگوێ خستووە و شیکردنەوەکانیان بە چەند هەنگاوێکدا دەڕوات، بەو واتایەی ئاراستەو پێڕەوبەندی کارکردنیان بریتیە لە:

دەنگسازیی ← وشەسازیی ← ڕستەسازیی

هەرچەندە پێیانوایە لە نێوان ئاستی دەنگسازیی و وشەسازیدا ئاستێک هەیە، وەک گەیەنەرێک لە نێوان لایەنی دەنگسازیی و وشەسازیدایە، ئاستەکەش (مۆرفۆفۆنۆلۆژی) یە، یەکەی

ئاستەکەشی بریتییە لە (مۆرفۆفۆنیم)، بە واتایەکی تر ئاستی ناوبەند لە نێوان ئەو دوو ئاستەدا هەیە، پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییە، پێش ئەوەی پرۆسەیەکی فۆنۆلۆژی بێت بۆ نمونە:

پێشمەرگە ← پێژمەرگە دەستگر ← دەزگر

لێرەدا گۆڕانی دەنگەکان پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییە، چونکە کار لە ناوەوەی وشەکان دەکات، دەتوانرێت چەندین نمونەی دیکە لە زمانی کوردیدا بخرێتەڕوو وەک:

خانوو+ ۆکە = خانۆکە سەوز+ ە = سەوزە

کەواتە ڕێزمانی ڕۆنانکاری، بریتییە لە ناسینەوەی کەرەستەو دانەی هەر ئاستێکی زمان وەک یەکەی(فۆنیم)بۆ ئاستی دەنگسازیی و یەکەی(مۆرفیم)بۆ ئاستی وشەسازیی و لە ڕێگەی جیاکردنەوەی مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی ڕستە ئاماژەیان بەوە دەکرد، پێویستە لێکۆڵینەوەکان لە فۆنیمەکانەوە لە ئاستی دەنگسازییەوە دەستپێبکات، پاشان مۆرفیم لە ئاستی وشەسازیدا و دوای ئەم ئاستەش بواری ڕستەسازیی بخرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە.

واتاش بەو پێیەی لە هەموو ئاستەکاندا بوونی هەیە، ناکریت بە جیاو سەربەخۆ توێژینەوەی لەسەر بکرێت. تاڕادەیەک تێکەڵییەک لە نێوان ئاستەکاندا دروست دەبێت، هەر بۆیە ئاستی واتاسازییان پشتگوێ خستبوو، زیاتر گرنگییان بە لایەنی فۆڕم و ڕوخسار دەدا.

جگە لەوەش ڕایانوابوو ئاستی (فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی) بەرجەستەن بۆ لێکۆڵینەوە و کار لەسەر کردن گونجاوترە بە تایبەتی بۆ ئەو زمانانەی زمانی نوسیینیان نییە، بەراورد بە واتا، کە بوونێکی بەرجەستەی نییە، تا ڕادەیەک ڕاستەوخۆ پێوەندی بە بابەتەکانی فەلسەفە و لۆژیک و سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەوە هەیە.( موختار، ١٩٨٢:٢٤).

ڕستە لای ڕۆنانکارەکان دابەش دەکرێت بۆ دوو بەش ئەوانیش:

بەشی نیهاد و بەشی گوزارە. لەو شیکردنەوانەی سەرەوەدا ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە زمانەوانی مێژوویی یان دێرین واتایان کردبووە چەقی لێکۆڵینەوەکانیان بۆ پۆلێنکردن و بەرجەستەکردنی کارەکانیان، بەڵام ڕۆنانکارەکان(فۆڕم، ڕوخسار)یان کردبووە بنەماو بنەڕەت بۆ گەیشتن بە واتا. بە واتایەکی دیکە زمانەوانی دێرین واتایان خستبووە خزمەت ئاستەکانی دیکەی زمانەوە بۆ لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانیان، بەڵام ڕۆنانکارەکان دەیانویست لە ڕێگەی توێژینەوە لە (فۆنیم و مۆرفیم و فرێز)بگەنە ئاستی واتاسازیی و کاری لەسەربکەن. قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری بووە سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەیەکی زمانەوانی نوێ ئەویش قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ی چۆمسکی بوو.

## ٥-١/١ قوتابخانەی زمانەوانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە:

**GENERATIVE AND TRANSFORMATIONAL GRAMMAR**

لە دوای خستنەڕوی بیروڕاکانی قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری. ڕەوتی سەرهەڵدان و لەدایکبوونی قوتابخانە زمانەوانییەکان لە بارو بەردەوام بوو. بە ڕەنگدانەوەی بیروڕاکانی (بلۆمفیڵد) قوتابخانەیەکی نوێی تازەگەر بە ڕابەرایەتی زمانەوان(چۆمسکی) سەریهەڵدا، کە وەرچەرخانێکی گرنگ و گەورە بوو لە بەرەو پێشەوەچونی ئاراستەو کارکردن لە زانستی زماندا. هەرچەندە (چۆمسکی)سەرەتا لە بونیادگەرییەوە دەستیپێکرد، بەڵام توانی بەهزرە ماتماتیک و بیرە تیژەکەی توێژینەوە زمانەوانییەکان لە بواری شیکردنەوەی  یەکەی ئاستەکانی زماندا دەوڵەمەند بکات. پاش چاپکردنی کتێبی(پیکهاتە سینتاکسییەکان)ی لە ساڵی (١٩٥٧) زاینیدا توانی بنەمایەکی نویَ بۆ زمانەوانی دابڕێژێت. (باطنی، و.کەریم، ٤٨:٢٠١٢).

(چۆمسکی) لە بواری زمانەوانیدا بۆچونەکانی، تا ڕادەیەک پێچەوانەی بیروڕاکانی قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەرییە، بەڵام لە هەمانکاتدا سودی لە بۆچونەکانیان وەرگرتووە و توانیوێتی گۆڕانکاری لە بواری زمانەوانیدا بکات. هەرچەندە لە هەندێک بواردا تەواو پێچەوانەی بۆچونەکانی بونیادگەرییە. لە گرنگیدان و پێڕەوبەندی ئاستەکانی زانستی زماندا( چۆمسکی) تەواو پێچەوانەی ئاراستەی کارکردنی قوتابخانە زمانەوانییەکانی پێش خۆیەتی. سەرەتا زمانەوانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە لە ئاستی ڕستەسازییەوە دەستپیدەکات، واتە لە ڕستەوە هەنگاو بۆ ئاستەکانی دیکەی زمان دەنێت.

زمان پێکهێنەری سەرەکی و بنەرەتی تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەیە، لایوایە زمان بریتییە لە کۆمەڵێک ڕستە بە پێی یاسای تایبەتی لە مێشکدایە، بە واتایەکی تر زمان کۆمەڵە یاسایەکە لە مێشکدا(ئاوەز) توانای بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی بێکۆتا لە ڕستەیان هەیە و بڕیاری ڕێزمانی ڕستەکان و ناڕێزمانییان دەدات. ئەم گرنگی پێدانەی (چۆمسکی) بە ڕستەسازیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕستەسازیی، ئەو زانستەیە لە چۆنێتی خستنەپاڵ و ڕیزکردنی وشەکان لە دروستەی فرێز و ڕستەدا دەکۆڵێتەوە. ڕستەسازی زمان لە مردن و لە ناوچون و پوکانەوە دەپارێزێت و دەتوانرێت هەموو کەرەستە و دانەکانی دیکەی ئاستی زمانەوانی تێدا بەرجەستە بکرێت، کاکڵەی لێکۆڵینەوەکەی کردارو فرێزە داواکراوەکانییەتی. پێیوایە ڕستە خاوەنی دوو پێکهاتەیە ئەوانیش(ئاستی قوڵ، ئاستی ڕوکەش). ئەم دوو ئاستەش بە پرۆسەی (گواستنەوە) ئاڵوگۆڕ دەکەن، واتە ئاستی قووڵ دەگۆڕێت بۆ ئاستی ڕووکەش. بوونی زمان دەگێڕێتەوە بۆ ناو مێشک بە شێوەیەکی بایەلۆژی و خۆڕسک لە لایەن خوداوە

پێیبەخشراوە بە هۆیەوە دەتوانێت چەندین ڕستەو گوتراو بەرهەمبهێنێت. ئەم بوونەی زمان لەگەڵ ئەزمون و کۆمەڵدا دەتوانێت زیاتر گەشە بە زمان بدرێت و بتوانێت هەموو پێداویستییەکانی تێگەیشتن و پێوەندیکردن فەراهەمبکرێت لەلایەن مرۆڤەوە. (چۆمسکی) ئەم بوونە هۆشەکییە بە( توانست) و بەرجەستەکردنی ئەم توانستە بە( بەکارهێنانی زمان/توانا) ناودەبات. لەم خاڵەدا سودی لە بیروڕاکانی(دی سۆسێر) وەرگرتووە، لە کاتێکدا (چۆمسکی) لە فێربوونی زماندا کاریگەری(دیکارت) و ئەقڵگەرایی پێوە دیارە، چونکە (دیکارت) ڕایوابوو هەندێک چەمک دەکەونە پێش ئەزمونەوە و بونێکی خۆڕسکییانەیان هەیە.( باطنی، و.کەریم، ٥٧:٢٠١٢).

(چۆمسکی) ڕایوایە بۆ گەیشتن بە زمان و توانست لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە دەبێت، کەواتە توانا بەرجەستەکەری توانستە. پاشان(چۆمسکی) تیشکی خستۆتە سەر ئاستی وشەسازیی و دەنگسازیی لە دوایدا ئاماژەی بەواتاو واتا لێکدانەوە کردوە، بەڵام لە ژێر ڕۆشنایی ڕستەسازیدا لێکۆڵینەوەکانی لە بواری وشەسازیی و لایەنەکانی دیکەدا بەرجەستە کردوە. بۆ نمونە لە وشەسازیدا:

| | |
|---|---|
| پیازی تەڕ | تەڕەپیاز |
| فریز/ڕستەسازیی | وشەی لێکدراو/وشەسازیی |

لە ڕوی واتاوە جیاوازییان هەیە(پیازی تەڕ) واتایەکی گشتی هەیە، واتە هەموو جۆرە(پیازێکی تەڕ) دەگرێتەوە، بەڵام( تەڕەپیاز) واتایەکی تایبەتی هەیە، کە جۆرێکە لە (پیازی تەڕ)، کە مەبەست پیازی سەوزە، دەتوانرێت بگوترێت واتای بەشە لە گشت. لە ئاستی دەنگسازیدا(چۆمسکی) پێیوایە لە دوای لە وشەسازیی، پێویستە  لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زماندا لە ڕێگەی(توانا )وە بکرێت، کە بریتییە لە درکاندنی دەنگەکانی زمان مەرج نییە وێنەیەکی ڕاست و دروستی زمان بن . هەندێکجار نایەکسانی لە دەنگەکان و زماندا بەدیدەکرێت، بە هۆی دوبارەیی و وەستان و هەڵەی ڕیزمانییەوە. ئەم کارەش لە پێناو گەیشتنە بە خودی زمان، یان ئاشکراکردن و دەستنیشانکردنی ئاستی قوڵی ڕستەو دەربڕاوەکانە.

لە ئاستی واتاسازیشدا،(چۆمسکی) بۆ جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمان دروست، لە ڕستەی نادروست، واتا دەکاتە خاڵی جیاکەرەوەی نێوانیان، یان دەبێتە مەرج بۆ ناسینەوەی ئەو ڕستانەی دوو ڕۆنانی ژێرەوەیان هەیە، لەو ڕستانەی، کە دوو ڕۆنانی سەرەوەیان هەیە لە بەرانبەردا یەک ڕۆنانی خوارەوە یان سەرەوەیان هەیە. لەو ڕوانگەیەی باسکران( چۆمسکی)

پێیوایە، کە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە زمان پێویستە ئاستەکانی زمان بەیەکەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، چونکە لە هەر ئاستێکیانەوە دەستپێبکرێت ئاستەکانی دیکەش ئامادەی لێکۆڵینەوە دەبن، ئەمەش پێچەوانەی ڕاوبۆچونی بونیادگەرەکانە، کە لایانوابوو دەبێت ئاستەکانی زمان بەسەربەخۆ کاریان لەسەر بکرێت. (چۆمسکی) ئاماژەی بەوە کردووە، کە زمانەکانی جیهان هاوبەشی و ناوکۆییان زۆرە بە تایبەتی لە ئاستی قوڵی ڕستەکاندا، ئەوەی جیاوازییە بریتییە لە ئاستی ڕوکەش، واتە شێوەی ئاخاوتن و دەربڕینی کۆمەڵ. هەردوو قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەو قوتابخانەی بونیادگەری لە خاڵێکدا هاوبەشن ئەویش ئەوەیە، کە هیچیان گرنگییان نەداوە بە دەوروبەر. ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ئەوەی کردووە بە ئەرکی خۆی، یان ئامانجی ئەوەیە توانستی قسەکەر/گوێگری زمانێک پەسەند بکات و ڕوونیبکاتەوە. (کۆمەڵێک زمانەوان، ٢٠٠٩:٣٥٢). هەرتوخمێکی بەرایی(سەرەتایی) بریتییە لە (ف.ن )و بەند و بەستراوە بە توخمێکی بەرایی ترەوە لە(ف.ک) پێکهاتووە. واتە شێوازبەندی بەم شیوەیەی خوارەوەیە

ڕ ← ف.ن + ف.ک

لەلایەکی دیکەوە(چۆمسکی) گرنگی بە یاساکانی گواستنەوە داوە، یاساکانی گواستنەوە بریتییە لەو یاسایانەی، کە ئاستی قوڵی ڕستە بۆ ئاستی ڕوکەشی ڕستە دەگۆڕێت و یاساکانیش دەکرێن بە دوو بەشەوە:

١-یاسا بە خورتییەکان.

٢- یاسا سەرپشکییەکان. (دزەیی، ٢٠١٣:٩٠).

لە کۆتاییدا دەتوانرێت بگوترێت گواستنەوە یاسایەکی ڕیزمانی جیهانییە، لە هەموو زمانە سروشتییەکاندا بوونی هەیە ، بەڵام ژمارەو جۆرەکانی مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا، یان شێوە زارەکانی زمانیشدا وەکویەک وابن، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا هەشت یاسای گواستنەوەی هەیە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا جیاوازەو یاساکانی گواستنەوە دەشێت ژمارەیان کەمتر یان زیاتر بێت. لە هەمانکاتدا پێڕەوبەندی کارکردنی قوتابخانەی زمانەوانی(بەرهەمهێنان و گواستنەوە) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ڕستەسازیی ← وشەسازیی ← دەنگسازیی

ئاستی واتا سازیی لای ئەم قوتابخانەیە بەسەر ئاستەکانی دیکەی زماندا دابەشدەبێت، بە واتایەکی تر واتا لە هەموو ئاستەکاندا ئامادەیی هەیە و مەرجە بۆ بڕیاردان لەسەر ڕاستی و دروستی ڕستەو دانەو یەکەی هەر ئاستێک، بۆ نمونە لە ئاستی ڕستەسازیدا دەبێت ڕستەکە واتا دروست و ڕێزمان دروست بێت، یان لە ئاستی دەنگسازیدا بۆ جیاکردنەوەی(فۆنێم) لە دەنگێک، کە فۆنێم نییە، یان فۆنێمەکە وشەی نوێ بە واتایی نوێ بەرهەمبهێنێت. لە ئاستی وشەسازیشدا یەکەی (مۆرفێم) بچوکترین یەکەی ئاستەکەیەو پێویستە واتادار بێت(سەربەخۆ) یاخود توانای هەڵگرتنی واتاو گۆڕینی واتای وشەی هەبێت وەک مۆرفێمی بەند.

## ٦-١/١ قوتابخانەی زمانەوانی درکپێکردن: cognitive linguistics

بە تێڕوانینێکی ورد لە بیروڕاکانی هەردوو قوتابخانەی(ڕەفتاری، بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ئەوەمان لەلا گەڵاڵە دەبێت، کە بۆچونی هەردوو قوتابخانەکە ڕاستن، بەڵام لە هەمانکاتدا کەموکوڕیشی تێدایە، هەردوکیان تەنها لایەنێکیان ڕەچاوکردووە، کە خۆی لە کاتی شیکردنەوەکاندا پێویستمان بە(ئاوەز و کۆمەڵ) دەبێت، تا بتوانرێت زمان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بەرجەستە بکرێت و تاکەکانی کۆمەڵ بتوانن لێیان تێبگەن.

لە ئەنجامی ئەم تێڕوانینانەدا قوتابخانەیەکی نوێی زمانەوانی سەریهەڵدا، کە ئەویش قوتابخانەی(زانستی زمانیی درکپێکردن)ە، لەسەر دەستی زانا(langacker)، (لانگکەر)لە ساڵی(١٩٧٠)ی زاینیدا دەستی بە کارەکانی کرد، هەرچەندە سەرەتاکانی بۆ ساڵی(١٩٥٠)زاینی دەگەڕێتەوە. (فەتاح،٢٠١٢:٢١-٢٤).

زانستی زمانی درکپێکردن یەکێکە لەو تیۆرانەی بە میتۆدێکی نوێ لە زمان و ئاوەزداری مرۆڤ دەکۆڵێتەوەو پێوەندی نێوانیان دەخاتەڕوو. بەوەی کە زمان(( پێڕەوێکی ژیری ئاڵۆزەو ئامێری گوزارشتکردن و بیرکردنەوەیە)). (فەتاح، ٢٠١٢:٤٢-٤٨).

هەرچی درکپێکردنە، پەیوەستە بە کردە ئاوەزییەکانی وەک( زانین، پەیبردن، تێگەیشتن، بیرکردنەوە، یادگە، فێرکردن، بیرهێنانەوە، ئەزمون......هتد)، کەواتە درکپێکردن کردەیەکە بە مەبەستی بەدەستهێنانی کۆزانیاری. (حسەین،______:٣).

ئەم قوتابخانەیە پێوەندییەکی بەهێزی بە زمانەوانییەوە هەیە، هەردوو قوتابخانەکە (بەرهەمهێنان و گواستنەوە، زانستی زمانیی درکپێکردن) کار لەسەر(ئاوەز)دەکەن، هەروەها کەرەستەکانی(زمان) بەکاردەهێنن بۆ لێکۆڵینەوەکانیان مەبەستمان دەربڕاوەکانن و بەهۆی

زمانەوە باری دەرونی مرۆڤەکان ئاشکرا دەکرێت و بەرجەستە دەبێت، واتە زمان وەکو بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوەکانیان بەکاردەهێنن. ئەم قوتابخانەیە شێلگیرانەتر  لە زمانی ڕوانی و پێیوایە زمان دەبێت لە کۆمەڵدا بەکاربێت، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی زمان بە شێوەیەکی بایلۆژی لە مێشکی مرۆڤدا بونی هەیە،  دەبێت گرنگی بە(فۆڕم، واتا)بدرێت؛ بۆ ئەوەی هەموو ئەو واتایانەی، کە وشەکان هەڵیانگرتون شیبکەینەوە. پرۆسەی درکپێکردن لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە دەبێتە هۆی درکپێکردنی واتای فەرهەنگیی کەرەستەکان، چونکە واتای فەرهەنگی لە ئاوەزی مرۆڤدایەو و جێگیرە، پاشان بە پێی دەوروبەر و بەکارهینانی بۆ واتا و مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنرێت.

کەواتە (زانستی زمانی درکپێکردن) چەقی کارکردنیان لەسەر(واتا) یە، لە ڕێگەی واتاوە دەگەنە یەکەو ئاستەکانی دیکەی زمان، هەر بۆیە کاری(زانستی زمانیی درکپێکردن) بریتییە لە شیکردنەوەی واتای ئاشکراو شاراوەی دەربڕاوەکان و هەریەکەیان بەجیا دەکرێت لە گۆشەنیگاو تێڕوانینی جیاوازەوە لێیانبڕوانرێت و تێگەیشتن بێتە ئاراوە، جیاوازی ئەم گۆشەنیگایانەش زیاتر بۆ جیاوازی ئەزمون و شارەزایی و دونیایی بە کۆدکراوی ئەو مرۆڤە دەگەڕێتەوە، کە لە کۆمەڵ و دەوروبەرەوە وەریگرتوە، وەکو کۆدی تایبەتی کۆزانیاری لە ئاوەزیدا هەڵگیراوەو لە کاتی قسەکردن و بینینی وێنەی ڕوداوێکی دیاریکراو بە پێی شارەزایی و ئەزمونە بە کۆدکراوەکەی قسەدەکات و لە وتەکان دەگات. بەمەش بەردەوام خەریکی قسەکردنە لە گۆشەنیگا و بۆچونەکانی خۆی لەسەر ژیان و دەوروبەری، کەواتە هەمیشە قسە لەسەر خۆی دەکات، کە ئەمەش بنەمای گرنگی پێدانی(زانستی زمانیی درکپێکردن)ە، بۆ شیکردنەوەی زمان، بەو پێیەی ئەرکی سەرەکی زمان کارکردنە لەسەر واتا، کە بەهۆیەوە درک بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی دەربڕاوەکان دەکرێت. (وێ دۆسن، و.فارووف، ٢٠٠٨:٩٠-٩٢).

بە بۆچونی ئەم قوتابخانەیە،( واتا)تەنها بریتی نییە لە دیوی دووەمی وشەو فۆڕمەکان، کە لە ئاوەزدا هەڵگیراون، بەڵکو ئەم زانستە پێیوایە(واتا)دەبێتە هۆی داڕشتنی فۆڕمی ڕستەکەش، بەو واتایەی  باسکردنە لە دیوی دووەمی وشە(فۆڕم)ەکە و تەواوکەری یەکترن، لە هەمانکاتدا واتا دروستکەر و خوڵقێنەری دیوی یەکەمی وشەکەشە، کە مەبەست فۆڕمەکەیەتی، کەواتە بوونی واتا دەبێتە هۆی بوونی فۆڕم. ( Evans and Melanie, 2006;21) .

کەواتە چۆنێتی گرنگی پێدان و ڕیزبەندی کارکردنی ئەم قوتابخانەیە دەربارەی کارەکانیان لەسەر ئاستەکانی زمان دابەشدەبێت بۆ:

١-سیمانتیک(فۆڕم و واتا).

سەرەتاو بنچینەی چەقی کارکردنیان لەسەر واتایە، وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد، بە تایبەتی پێوەندی نێوان فۆڕم و واتاو کاریگەرییان لەسەر یەکتری. لە ڕێگەی هێزە درکپێکردنەکان(بینین، بیستن، بۆنکردن، دەستلێدان، تامکردن)، لە ڕێگەی ئەزمون و شارەزاییەوە دەتوانرێت واتاو مەبەستی جیاواز لە دەربڕاوەکان هەڵبهێنجرێت. بۆ نمونە:

٦- ئیبراهیم پاشا شاری سلێمانی دروستکرد.

٧- شاری سلێمانی لە لایەن ئیبراهیم پاشاوە دروستکرا.

بە تێڕوانین لەو دوو ڕستەیە تێبینی ئەوە دەکرێت، کە هەمان واتایان هەیە لە ڕوی فۆڕمەوە، بەڵام(زانستی زمانی درکپێکردن) ئەوە ڕووندەکاتەوە، لە ڕستەی ژمارە(٦)دا وەکو پێناسەو ناساندنێک وایە بۆ(ئیبراهیم پاشا)ی بابان، بەڵام لە ڕستەی ژمارە(٧)دا ڕستەکە زیاتر (هەوڵدان) دەگرێتەوە، کە مەبەست دروستکردنی شاری سلێمانییە.

لە نمونەکانەوە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە لە دەربڕینی(وشەو و فرێز و ڕستەکان)دا واتایەکی ئاشکراو واتایەکی پەنهان و شاراوەی هەیە، واتا ئاشکراکە زیاتر لە واتای فەرهەنگیی(سیمانتیکی) دەربراوەکەوە هەڵدەهێنجرێت و واتا شاراوەکەش لە بەکارهێنانی دەربڕاوەکانەوە بەرجەستە دەکرێت، بەڵام ئەمە زیاتر کاری(زانستی پڕاگماتیک و زانستی زمانی کۆمەڵایەتییە).

٢- ڕێزمان (وشەو فریز و ڕستەکان):

ڕاوبۆچونی ئەم قوتابخانەیە دەربارەی ڕێزمان پێکدێت لە وشەو فرێز و ڕستەکان دەتوانریت لە ڕێگەی وشەوە بگەینە فرێز و پاشان دروستکردنی ڕستەکان. سەرەتای وشەکان بۆ دەنگ و کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی واتا دەگەڕێتەوە، هەرچەندە ئەم قوتابخانەیە(زمان)وەک یەک پاکێج (پێکهاتە) سەیردەکات، ئاستەکانی زمان لە یەکتری جیاناکاتەوە، بەڵکو بە یەکەوە و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەردەکات؛ بە مەبەستی هەڵهێنجانی هەموو ئەو واتایانەی، کە یەکەو دانەی پێکهێنەرەکانی ئاستەکانی زمان لە خۆیاندا حەشاریانداوە. بۆ نمونە واتای فەرهەنگیی، یان سیمانتیکی لە دەربراوەکاندا زیاتر لە ڕێگەی ئەزمون و شارەزاییەوە بەرجەستە دەبێت. کەواتە پێڕەوبەندی و کارکردنی ئەم قوتابخانەیە لەسەر ئاستەکانی زمان بریتییە لە :

واتاسازیی ← ڕێزمان ← (وشەسازیی-ڕستەسازیی).

## ٢/١ فەرهەنگ و زانیاری فەرهەنگیی:

لەپاری یەکەمدا بەپێی قوتابخانەکانی زمانەوانی، تاڕادەیەک تیشک خرایەسەر شێواز و پەیڕەوبەندی کارکردنیان بە پێی گرنگیدان و کردنە چەقی ئاستێک لە ئاستەکانی زمان. لەو گۆشەنیگایەوە بە پێویست دەزانرێت زانیارییەکانی ناو ئاستەکانی زمان، کە بریتین لە زانیاری(ڕستەسازیی و وشەسازیی و دەنگسازیی) چۆن بەرجەستە دەکرێن؟ یان لە کوێدا هەڵگیراون؟ بۆ ئەوەی مرۆڤ یان ئاخێوەران لە کاتی پێویستدا دەستیان پێیبگات و سودی لێوەربگرن، چونکە قوتابخانە زمانەوانییەکان کەمتر ئاوڕیان لەم بابەتە داوەتەوە مەبەست کۆگای زانیارییەکانە، لە کاتێکدا ئەوان مەبەستیان زیاتر فەرهەنگی وشە بە وشەیە بەتایبەتی لای زمانەوانانی مێژوویی، پێیانوایە دەبێت فەرهەنگێک هەبێت بۆ لێکدانەوەی واتای دەق یان واتای ئەو وشانەی، کە جێگەی مشتومڕ لەسەر کردنن، بەو پێیەی ئەمان زیاتر لێکدانەوەی واتایان لا گرنگ و جێگەی سەرنجیان بووە. لە کاتێکدا قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری لە باسکردنی ئاستی مۆرفۆلۆژی بە تایبەتی(مۆرفیم)دا، کە بە یەکەیەکی( ئەبستراکت)ی واتایی دادەنێن، واتە خاوەنی بونێکی فیزیکی نییە، بەڵکو لە ئاوەز و مێشکی ئاخێوەراندایەو پارێزراوە؛ دەبێت لە ڕێگەی یەکەیەکی دیکەوە بەرجەستە بکرێت.(محمد،٢٠١٣:٧١-٧٢).

کۆزانیارییەکان پەیوەستن بە فەرهەنگەوەو وێنەیەکیان لە فەرهەنگدا بوونی هەیە. بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەهەر ئاستێک لە ئاستەکانی زمان بگریت و تیشکی بخەیتە سەر پێویستمان بە فەرهەنگ دەبێت، بۆ نمونە کاتێک ئاماژە بە دەنگسازیی فەرهەنگیی دەکەین لە هەمانکاتدا مۆرفۆفۆنۆلۆژی ئامادەی پرۆسەکە دەبێت، چونکە بەهۆی تیۆری نیشانە کردنەوە، کە لایوایە کەرەستەکان لە فەرهەنگدا نیشانە ناکرێن، تا وەکو وشەکە دێتە ناو ڕێزمان و لەوێدا نیشانە دەکرێت و ڕێزمانیش وشەکان دەکات بە سێت، لە کاتێکدا لە فەرهەنگدا بەم شێوەیە بوونی نەبووە بۆ نمونە: لە فەرهەنگدا فۆنیمی/ش/ لە پرۆسەی وشەسازیدا دەبێت بە فۆنیمی/ژ/ وەک لە وشەکانی:

بەشدار ← بەژدار


دەتوانرێت هەمان لێکدانەوە بۆ ئاستەکانی دیکەی زمانیش بکرێت، کە بەبێ فەرهەنگ ناتوانرێت لێکدانەوەو شیکردنەوە بۆ زانیاری دەربڕاوەکان بکرێت. لەبەر بایەخ و ڕۆڵی فەرهەنگ بۆ پرۆسەکانی زمان پێویستە ئاماژەیەکی پوخت بە فەرهەنگ بدرێت.

((فەرهەنگ وەکو زاراوە لە زمانی کوردیدا چەندین وشەی بەرانبەر بەکارهاتووە وەک (وشەنامە، فەرهەنگ)، لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی(المعجم)، بە زمانی ئینگلیزی لێکسیکۆن(lexicon) بەکارهاتووە و ئەو کەرەستانەی تێیدا تۆمار دەکرێت بە(لێما و لێکسیم و لێستیم) ناو دەبرێن)). (حسەین،٢٠٢١:١٢٨-١٢٩).

پێناسەو ناساندنی فەرهەنگ جێگەی بایەخی زۆربەی زمانەوانان بووە، هەر یەکەیان لە ڕوانگەو گۆشەنیگای جیاوازەوە ئاماژەیان پێکردووە، تا ڕادەیەک بەیەکداچوون و تێکەڵاوییەک لە نێوانیاندا بوونی هەیە، چونکە زۆربەیان فەرهەنگیان بە فەرهەنگی ئاسایی، یان وشەنامە لەقەڵەم داوە، وەک فەرهەنگی(هەمبانە بۆرینە، زەبیحی....هتد). لەم فەرهەنگانەدا تەنها واتایی وشە بە وشەیان کردووەو لێکیانداوەتەوە، بەڵام لێرەدا مەبەست فەرهەنگی ئاسایی نییە، بەڵکو مەبەست لە فەرهەنگیی ئاوەزییە، کە وشەنامەکەی ناو مێشکی مرۆڤە.

فەرهەنگ(( مەعریفەی زمانی مرۆڤە، کە تێیدا زانیاری فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و واتایی هەڵگیراون)). (محمد، ٢٠١٦:٦).

فەرهەنگ(( فەرهەنگی ئاوەزی وشەنامەکەی ناو مێشکەو سەرچاوەی زانینەو تێیدا زانیاری فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی هەڵگیراون، دارشتەی سایکۆلۆژیی زانیارییە لێکسیکییەکانە)). (سعید،٢٠١٥:٦).




هێڵکاری ژمارە(١) پێکهاتەی زمان

فەرهەنگ و ڕێزمان تەواوکەری یەکترن، واتە فەرهەنگ ناتوانێت هەموو وشەو کەرەستەکان بخاتە ڕوو، چونکە ئەرکی ڕێزمانە، کە ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوەو وشەی نوێی بۆ دابرێژێت. بەمپێیە هەرسێ پێکهاتەکە زانیاری بەرایی و سەرەتایی لە فەرهەنگەوە وەردەگرن و بە پێی

یاساو ڕێساکانی تایبەت بە خۆیان کەرەستەکانیان ڕیزدەکەن و وەریاندەگرن. (مەعروف،٢٠٢٠:٧-١٠).

دەنگسازیی هەوڵدەدات پێکهاتەکەی لە ڕوی پێکهێنانی مۆدیلەکانی برگە، وشەسازیش کاری وشە دروستکردن و پێکهێنانە، وەک دروستکردنی(وشەی ناسادە).

لە ڕستەسازیدا سەرەو ڕیزبوونی کەرەستەکان بۆ پێکهێنانی فرێز و ڕستەکان و دیاریکردن و جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی و واتا دروست لە ڕستەی نارێزمانی و واتا نادروست. بێگومان فەرهەنگ ڕۆڵ و گرنگی لە دەوڵەمەندکردنی ئاستەکانی زمان و کەرەستە پێکهێنەرەکانی بە پێی ڕێساو یاساکانی ڕێزمانی زمانەکە هەیە. لەم ڕوانگەیەوە فەرهەنگ بتوانێت زانیارییەکان بگەیەنێتە ئاستەکانی زمان بەپێی یاسایەکی دیاریکراو، بۆیە دەبێت فەرهەنگ خۆی خاوەنی ڕێساو یاسایەکی تایبەت بە خۆی بێت بۆ ڕیزکردنی کەرەستەو چەمکەکانی. کەواتە ئاخێوەری زمان دەتوانێت لە ڕێگەی فەرهەنگەوە واتای ڕاست و ناڕاست جیابکاتەوە و بەهۆی زانیارییەکانی ناو فەرهەنگی ئاوەزییەوە.

هەر بۆیە هەموو قسەپێکەرانی زمان بە گشتی لە زانیاری زمانیدا هاوبەشن، ئەمەش دەگەڕیتەوە سەر بۆچونەکەی(چۆمسکی)، کە پێشنیازی ئەوە دەکات ڕێزمانی زمانەکان لە کەسی نمونەییەوە وەربگیرێت، مەبەستی لەوەیە توانست بە شێوەیەکی گشتگیر لای ئاخێوەران هەیە و یاسا و ڕێساکانی تێدایەو لە ڕێگەی ئاخاوتن و سەلیقەی ئاخێوەرەوە بەرجەستە دەبێت.

پێدەچێت لە کۆنکرێتکردنی توانستدا، کە بریتییە لە توانا، جیاوازی لای تاکەکان بوونی هەبێت، مەبەستمان فۆرم دارشتنە لە ئاستەکانی زماندا. (مەعروف،٢٠٢٠:٣٦-٣٧). کەواتە زانیارییەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە ئاوەزی مرۆڤدا هەڵگیراون و هاوکات میکانیزمی چۆنێتی لە خۆگرتنی وشەکانی زمانێک دەگوترێت فەرهەنگیی ئاوەزی. هەر بۆیە فەرهەنگ یەکێکە لەو بابەتانەی لە زانستی زماندا جێگەی گرنگی و ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیەو پێوەندی هەمبەری لەگەڵ پێکهاتەکانی تری زماندا هەیە، هەموو پرۆسەیەکی زمان بوونی لە زمانەکاندا ڕێژەییە، واتە پرۆسەی مۆرفۆلۆژیش بە شێوەیەکی ڕێژەی بوونی لە زمانەکاندا هەیە، لەو ڕوانگەیەوە، کە زمان بەشێکی دانەبڕاوە لە کۆمەڵ و لەگەڵ گۆڕانگاری گەشەکردنەکاندا دەڕوات، هەمیشە فەرهەنگی زمان؛ لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو زیادبوونی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ کەرەستەی نوێ وەردەگرێت، جگە لەمەش وەک هەر پێکهاتەیەکی ترلە هەوڵی نوێبونەوەو پێشکەوتندایە لە هەموو لایەنە جیاوازەکانی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و

ئاینییەوە. لە ئەنجامی ئەو گۆڕانانەدا، پێویستە زمان هەمیشە لە هەوڵدا بێت بۆ سازکردنی وشەی نوێ، یان وشەیان بۆ وەربگرێت. پێویستە ئەو وشانە لە ژێر ڕکێفی یاساو ڕێسای زمانەکەدا بێت و کەسانی پسپۆڕ کار لەو بوارەدا بکەن و بڕیار لەسەر وشەو زاراوەکان بدەن.

قوتابخانە زمانەوانییەکان، وەک قوتابخانەی( زمانەوانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، زانستی زمانی درکپێکردن) ئاماژەیان بە فەرهەنگیی ئاوەزی داوە و هەریەکەیان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لێیانڕوانیوە، لێرەدا بە پێویست دەزانرێت ئاماژە بە ڕاو بۆچونی هەر یەکەیان بدرێت. (چۆمسکی) دامەزرێنەری قوتابخانەی زمانەوانی(بەرهەمهێنان و گواستنەوە) لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا، فەرهەنگ بەو بنەماو بنەڕەتە دەناسێنێت، کە ڕستە ئاستی قوڵ و ڕوکەشی هەیە، لە ئاستی قوڵدا پێویستە جێکەوتەکانی بەهەند وەربگیرێت و لە فەرهەنگەوە پڕ بکرێتەوە و ڕۆڵی واتایی بە کەرەستە سینتاکسییەکان ببەخشێت، پێیوایە فەرهەنگ پێکهاتووە لە ژمارەیەک یەکەی فەرهەنگیی، کە ئەم یەکانە بریتین لە مۆرفێم، زانیارییە سینتاکسی و مۆرفۆلۆژییەکانیان تێدایە. کەواتە فەرهەنگ هەموو زانیارییەکان لەسەر وشەکان کۆدەکاتەوە بۆ پێوەندیکردن و دروستکردنی وشەی نوێ. و حاڵەتەکان بگرێتەوە، کە لە سەرەتادا بە ئاسایی دانەدەنران. بۆ نمونە کاتێک منداڵ لە دایک دەبێت دەزگایەکی بۆ زمانپژان و فێربوون پێیە(ڕێزمانی گشتی) بۆ دروستکردنی وشەو ڕستەی بێکۆتا، بەمپێیە بوونی زمان بە توانایەکی بایلۆژی دادەنێت.

یەکێکیتر لە بنەماکانی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە، کە کۆزانیاری زمانیی بە هەموو ڕەهەند و کایەکانییەوە، وەک بەکارهێنانی وشەکان بە مەبەستی پڕکردنەوەی کەلێنەکانی ڕستە بە پێی یاساکانی زمان. بریتییە لە ڕێزمانی گشتی، کە بە هۆیەوە منداڵ دەتوانێت لە ماوەیەکی کورت و دیاریکراودا فێری چەندین وشەو ڕستەی بێکۆتا ببێت، بۆنمونە کەسێک، کە فێری کردەی دابەشکردنی ژمارە بیرکارییەکان دەبێت پێویست بەوە ناکات هەموو ژمارەو ئەنجامی دابەشکردنەکان لەبەر بکات، بەڵکو بۆ یەک ژمارە فێربوو توانی ئەنجام بخاتەڕوو، ئەوا دەتوانێت هەموو ژمارەکان دابەشبکات و ڕاستی و دروستی و هەڵەی ئەنجامەکەی دیارییبکات. لە لایەکی ترەوە(چۆمسکی) لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا(ڕستەسازیی)ی کردووە بە چەقی لێکۆڵینەوەکان و بە هۆیەوە واتای دەربڕاوەکان دیاریدەکات، لێرەدا مەبەست بەکارهێنانی وشەکانە لە ڕستەکاندا، بەهۆیەوە واتای فەرهەنگیی وشەکان دەردەکەوێت و تەواو دەبێت، هاوکات ئەم قوتابخانەیە وا لە زمان دەڕوانێت، کە زمان پێکهاتەیەکی مۆدولارێتییە، واتە زمان مۆدولێکی پێکهاتەیی چڕ و ئاڵۆزی مێشکی مرۆڤەو سەربەخۆیەو دابڕاوە و جیاکراوەتەوە لە پێکهاتە ئاوەزییەکانی تری مرۆڤ و بە جیا کاردەکات و تیایدا مۆدولێکی(سینتاکسیی و

سیمانتیکی و مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی و پراگماتیک) لە خۆدەگرێت. بۆ نمونە مۆدولی ڕستەسازیی ئەو شوێنەی فەرهەنگیی ئاوەزییە، کە بایەخ بە خستنە پاڵیەکی وشەکان دەدات بۆ بەرهەمهێنانی فرێز و ڕستەکان. مۆدولی فۆنۆلۆژیش گرنگی و بایەخ بە خستنەپاڵ یەکی دەنگە زمانییەکان دەدات بۆ دروستکردنی برگەو وشەی زمانەکە. وشەسازیش لێکۆڵینەوەیە لە پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بە واتای  نوێ، واتە کەرەستەو پرۆسەیە. قوتابخانەی زمانەوانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە باوەڕی بە فەرهەنگیی ئاوەزی هەیە، کە پێیوایە منداڵ لە سەرەتای ژیانەوە خاوەنی ئەو فەرهەنگەیەو زانیارییە زمانییەکانی تێدا هەڵگیراوە، دەتوانێت لە کاتی پێویستدا دەستی پێیانبگات و بەکاریانبهێنێت. کەواتە قوتابخانەیەکی ( ئاوەزییە Mentality) ناودەبرێت. بەو واتایەی زمان بەشێکە لە ئاوەزی مرۆڤدایەو بە شارەزایی و لایەنی کۆمەڵایەتی بەهێز و گەشە سەندو دەبێت و دەبێتە زیاتر کاراکردن و پەیبردن بە واتایی دەربڕاوە زمانییەکان. (فەتاح،۲۰۱۲:۱۰۷-۱۵۲).

(زانستی زمانی درکپێکردن) دەربارەی فەرهەنگیی ئاوەزی ناو مێشکی مرۆڤ و لەگەڵ گرنگیدان بە واتاو کردە چەمکییەکان و بەرجەستەکردنی شارەزایی لە لێکۆڵینەوەکانی زماندا، لەگەڵ ئاوەز و ڕێگای تێکەڵبوونیان بەیەکەوە دەدوێت.( EVANS; 2006, 22).

(زانستی زمانی درکپێکردن) وەک ڕێبازێکی نوێ و هاوچەرخ هەوڵدەدات ڕەنگدانەوەی کارکردنی ئاوەز و لایەنەکانی دیکەی مرۆڤ بێت،وەک(شارەزایی، ئەزمون، پەیبردن بە جیهانی دەرەوە).

کۆزانیاری زمانی و پێکهاتە زمانییەکان بە شێوەیەکی خۆڕسک لە ناو ئاوەزی مرۆڤدا بوونی نییە، بەڵکو بە بەکارهێنانی بەردەوامی زمانەوە پەیوەستە. کۆزانیاری زمانی لە بەکارهێنانی زمانەوە پەیدادەبێت، بەمپێیە پۆلەکان پێکهاتەی سیمانتیکی و سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژیەکان لە درکپێکردن و پەیبردنەکانی مرۆڤەوە لە بۆنەو بەکارهێنانە جیاوازەکانی زمانەوە پەیدا دەبن.

زانستی زمانی درکپێکردن پێیوایە زمان ڕەنگدانەوەی کردەکانی مرۆڤە، واتە زمان لە ڕێگەی درکپێکردن و پەیپێبردنەوە بەرجەستە دەکرێت، کە ئەمەش هەموو لایەن و کایەکانی زمان دەگرێتەوە وەک(ئیدیۆم و میتافۆڕ و ئەزموون ...هتد). زمانەوانانی درکپێکردن وەها سەیری ڕێزمان دەکەن، کە بریتییە لە پرۆسەی بە چەمککردن، یان پێکهاتەی چەمککردن، واتە واتا دەکەنە چەقی لێکۆڵینەوەکانیان و گرنگی و ڕۆڵی دەخەنەڕوو لە درککردن بەو واتا بارکراوانەی، کە دەربڕاوەکان و چەمکەکان هەڵیانگرتوە. کەواتە دەتوانرێت چەمکێک چەندین

واتا بگەیەنێت و درکپێبکرێت و لە ڕێگەی ئەزمون و شارەزاییەوە، نەک لە ڕێگەی فەرهەنگیی ئاوەزییەوە، بۆ نمونە چەمکی، یان کەتیگۆری(ڕاخەر)وردبینەوە دەبینین قسەکەر سەبارەت بە(دۆشەک) لە بارودۆخی ئاسایدا بۆ دانیشتن بەکاردێت، بەڵام هەر هەمان وشە (ڕاخەر) لە سەیراندا بەکاردێت، وەک پارچە کومبارێک، یان حەسیرێک، بەڵام ئەگەر هاتوو هەمان وشە (ڕاخەر) لەماڵەوە بەکاربێت قسەکەر مەبەستی کومبار یان فەرش دەگەیەنێت. دەشێت ڕادەی گرنگی و نرخیان جیاواز بێت، بەڵام هیچ حاڵەتێکمان دەست ناکەوێت، کە هەموو ئەندامەکانی کاتیگۆرییەکە هاوشێوەی یەکتربن و بە هەمان مەبەست بەکاربهێنرێت. ( Evans And Mealnie Green, 2006; 35).

ئەم قوتابخانەیە دژی تیۆری مۆدولارێتی دەوەستێتەوە پێیوایە ئاستەکانی زمان پێوەندییەکی پتەویان بە یەکەوە هەیەو ناتوانرێت لە یەکتری جیابکرێنەوە و دایانبپرێت، بەڵکو لەگەڵ شێوەی بایلۆژیدا کاردەکەن و دەتوانن وشەو دەربڕاوی نوێ بەرهەمبهێنن بە هاوکاری وشەو دەربڕاوە کۆنەکان، کەواتە ئاستەکانی زمان هاوکارو تەواوکەری یەکترن، بەڵام بە سەربەخۆ کارناکەن. دەتوانرێت بگوترێت هەردوو قوتابخانەی زمانەوانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەو قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردن؛ وەک دوو قوتابخانەی دژ بەیەک و پێچەوانە سەیرناکرێن، بەڵکو تەواوکەرو هاریکاری یەکترین، چونکە باوەڕیان بە بوونی فەرهەنگیی ئاوەزی(ئاوەز) هەیە. هەردوو قوتابخانەکە لە گۆشە نیگای جیاوازەوە لێکۆڵینەوەو ڕاوبۆچونیان لە بارەی زمان و لە خزمەتی زماندا دەخەنەڕوو. لە ژێر ڕۆشنایی پێناسەکان و نمونەکاندا بۆ بەرجەستەکردنی واتای دەربڕاو(هێمای زمانیی و نازمانیی) پێویستە کەسەکە بە شێوەیەکی زیندوو ئەزمونی بکات و پاشان چەمکێکی بۆ دادەنێت، چونکە زانستی زمان بەکارهێنانی زمانەو لە ئەزموندا لە ڕێگەی دەربڕاوەکانەوە ڕەنگدەداتەوە. مەبەست لە ئەزمون زیاتر لایەنی کۆمەڵایەتییە، کە خۆی دەبینێتەوە لە واتای( میتافۆر ،ئیدیۆم، پەند، تابۆ.....هتد).ئەم واتایانە لە ڕێگەی ژیانکردنی کەسەکەوە لە کۆمەڵدا بەرجەستە دەبێت، واتە هەندێ واتای هێمای (زمانیی و نازمانیی )کۆمەڵ و کلتور و دابونەریت بڕیاری لەسەردەدات، بۆ نمونە:

وێنەی کاریکاتێری ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بە پێی کلتوور و دابوونەریتی کۆمەڵگا دەگۆڕێت، مەبەست لەوەیە هەمان وێنەو هێمای نازمانیی لای میللەتان واتایی جیاوازی لێهەڵدەهێنجرێت.

ئەو واتایانەی، کە وێنە کاریکاتێرییەکان هەڵیانگرتون دوای ئەوەی لای ئاخێوەران و گوێگران بەرجەستە دەبێت، وەکو هێمایەک لە فەرهەنگیی ئاوەزیدا بە چەمک دەکرێت، هەر بە کەوتنە بەر چاویان دەتوانن واتاو لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکەن.

وێنەی کاریکاتێرێک هەیە باسی خاکی نیشتیمان دەکات و دەیچوێنێت بە لاشەیەک لەسەری نوسراوە لاشەی میللەت، هەموو دەسەڵاتدار و کاربەدەستە باڵاکانی ئەو میللەتە(وڵات)ە، لەسەر ئەو لاشەیە لە ژیانێکی شاهانەدا دەژین، بەڵام کەسانی ئاسایی لە ژیانێکی زۆر سادە و کولە مەرگیدا ژیان بەسەر دەبەن. کەواتە بەهۆی هێمای زمانیی و نازمانیەوە دەتوانرێت زۆرترین واتاو لێکدانەوە بە پێی ئەزمون و کلتوری کۆمەڵگا بخریتەڕوو.

## ٣/١ جۆرەکانی زمان:

سەرچاوەی دروستبوونی زمان بریتییە لە فەرهەنگ و ڕێزمان، لە هەمانکاتدا یەکێکە لە ڕێگاکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی تاک، بەڵام زمانێکی پێوەری بێت، واتە بە نووسین کردنی زمان بە شێوەیەکی زانستی، زمانی ستاندارد ڕێگایەکە بۆ دەوڵەمەندکردن و بێکەموکوڕی زمانی ڕاگەیاندن، پێویستە زمانە گشتییەکە لە فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەری زمانەکە دەربهێنرێت و بخرێتەڕوو، چونکە هەموو زانیاریەکان لەناو فەرهەنگەکەدان لەگەڵ ڕێساو یاساکانی زمانەکە، بێگومان زمان لەڕوی نوسین و ئاخاوتنەوە دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە، پێویستە ئاماژەیەکیان پێبکرێت.

زمان سیستەمێکی دەنگییە، مەبەست لێی گەیاندنی واتایە، لێرەدا زمانە ستانداردەکە دەبێتە هۆی ڕاست و دروستی جۆرەکانی زمان بە تایبەتی زمانی ڕاگەیاندن، کەواتە نەبوونی زمانی ستاندارد کەموکوڕی دەخاتە  زمانی ڕاگەیاندنەوە. بەواتایەکی تر بوونی زمانی ستاندارد کەموکوڕی و بۆشایی و نەبوونی وشەو زاراوەو چەمک پڕدەکاتەوە.

زمانی ڕاگەیاندن، هاوواتای تێدا نییەو ئاوەزمەندی و ژیربێژی لە زمانی کوردیدا هەیەو زەنگینە، مەبەست لە سیستەمی دەنگی زمان ئەوەیە وشەکانی زمان هێمای هێمان، بۆ نمونە( دار) هێمایە بۆ دەنگەکان، واتە(دار) خۆی هێمای کەرەستەیەکە لە سروشتدا و دەنگەکان هێمای هێماکەن، کەواتە هێمایەک دەبێتە هێما بۆ هێمایەکی دەنگی دیکە. کاتێک مرۆڤ سیستەمە دەنگییەکە دەخاتە بواری کارەکییەوە دەبێتە(گوتن)، ئەمەش بە مەبەستی گەیاندنی واتایە، هەموو قسەپێکەرانی زمانێک لەم پرۆسەیەدا هاوبەشن، چونکە بەکارهێنانی سیستەمەکەیە لە بارێکی ئاساییدا.

ئاخاوتنی ڕۆژانە لە زماندا پلەو پایەی بەرزی بۆ دانراوە، چونکە زمانی ئاسایی خەڵکەکەیە بە گشتی. هەموو ئاخێوەران وشە سنوردارەکانی زمان بەکاردەهێنن، بەڵام ئازادن لە گەیاندنی واتا و بارکردنی واتای جیاواز لەسەر وشەو دەنگەکان، کەواتە ئازادن لە بەکارهێناندا. بۆ نمونە فۆنێمەکانی زمانی کوردی یان هەر زمانێکی دیکە سنوردارن لە ڕوی ژمارەوە، بەڵام

ئەو دەربڕینانەی وشەکانی زمانی کوردی بەرجەستەی دەکەن لە ژمارە نایەن و ئەم جۆرە دەربڕینانە لە ویژەوانیدا پێیان دەگوترێت (ژانر). بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە(هۆنراوە، ڕۆمان، دراما، چیرۆک، وتار...هتد) هەر یەکە لەم ژانرانەش لە ناو خۆیاندا لە چەند ژانرێکی دیکە پێکدێن.

(مادام دی ستایل) دەربارەی ئەدەب دەڵێت((ئەدەب گوزارشت لە کۆمەڵگە دەکات و شتێکی گرانە میتۆدی کۆمەڵایەتی لەبەر نوسینێک یان دوان ڕەتبکرێتەوە، چونکە بەرهەمی پێشکەوتنی مێژویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و شۆڕشکردنە)). (مەعروف٢٠١٢:٢٨).

کەواتە زمان بریتیە لەو توانایانەی، کە ڕەخساون بۆ شێوازی دەربڕین بە پێی ژانرە ئەدەبییەکان و هەڵبژاردنی ئەو توانایانە بریتییە لە شێوازی کەسەکە، هەر بۆیە(بۆفۆن) دەڵێت ((شێواز مرۆڤەکە خۆیەتی)).

هەر بۆیە هۆراس دەڵێت (( زمان وەکو درەخت وایە و زاراوەکان وەکو گەڵان بە تێپەڕبونی کات گەڵا کۆنەکان دەوەرن و گەڵای نوێ سەوز دەبێت، درەختەکەش وەکو خۆی دەمێنێتەوە)).

زمان یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ئەدەب بە هەموو ژانرەکانەوە، بێگومان ڕەنگدانەوەی باری دەرونی نوسەرو ژیانی کاریگەری لەسەر زمانی نوسەر هەیە، گرنگ ئەوەیە نوسەر بتوانێت یاری بە وشەکان بکات و داهێنان لە زمانەکەدا ئەنجامبدات بۆ گەیاندنی پەیامی نوسەر لە ڕێگەی هێمای زمانییەوە. پێویستە ئەم پێوەندییە لە ڕێگەی(بابەت، پەیام وەرگر، نێرەر، ڕەمز) ئەنجامبدرێت، کە ئەمانە دەبنە هۆی بەدیهێنانی ئەرکەکانی زمان. نوسەر دەتوانێت گەشە بەزمانە ئاساییەکە بدات و فەرهەنگی زمان فراوانبکات، لە هەمانکاتدا فەرهەنگیی ئاوەزی خوێنەرانش بە وشەو زاراوەی نوێ و هەڵگری واتای نوێ دەوڵەمەند بکات، چونکە نوسەر واتای بارکراو بە وشە ئاساییەکانی زمان دەبەخشێت. (ئەحمەد،٢٠١٠:٢٠).

لە کۆندا ژانر هێواش و لەسەرخۆ گەشەی دەکرد، بەڵام کاتێک دەچەسپاو جێگیردەبوو بە ئاسانی ژانرێکی تر جێگەی نەدەگرتەوە، (ئەرستۆ) یەکەم کەس بوو یاساو سیستەمی بۆ ژانرەکان داناو لە بەرهەمی(هونەری شیعر)دا، هەرچەندە ژمارەو جۆری ژانرەکان ئاساییە کەم و زیاد بکات و بە پێی سەردەم و قوتابخانە ئەدەبییەکان ژانرێک نەمێنێت و ژانرێکی نوێ جێگەی بگرێتەوە. دابەشکردنی زمان بە پێی شێواز و نوسین بریتییە لە شێوازی زانستی و شێوازی ئەدەبی، لە هەمانکاتدا بە شێوەیەکی فراوانتر پێوەندی نێوان زمان و ئەدەب دەخرێتەڕوو. شێوازی زانستی بۆ دەربڕینی زانستە پەتییەکان بەکاردەهێنرێت و وەکو خۆی بابەتەکە دەگەیەنێت و گۆڕانکاری تێدا ناکرێت و هەست و سۆز و وروژاندنی تێدا نییە،

هەرچەندە باس بکرێت بۆ گەیشتن بە ڕاستی زانستییە و دەرونی مرۆڤ ناوروژێنێت. واتە زمان بیرێک دەگەیەنێت لە ڕێگای هێمای زمانییەوە بەهۆی(نێرەر، پەیام ،وەرگر). لێرەدا زیاتر مەبەستمان لە شێوازی ئەدەبییە، کە ژانرەکانیان بە هەموو جۆرەکانییەوە کار لەسەر وروژاندنی هەست و سۆز دەکات. زمان جگە لە ئەرکی گەیاندن چەند ئەرکێکی دیکەشی هەیە، واتە هەر ژانرە زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، لە هەمانکاتدا هاوبەشی و ناوکۆیی و جیاوازیش لە نێوان جۆرەکانیداهەیە. (عومەر،٢٠١٩:٨٠).

ئەم ژانرە ئەدەبییانە بەهۆی زمانەوە دەخرێنەڕوو، بۆیە پێویستە لێرەدا جۆرەکانی زمان بە پێی هەندێک لە ژانرە ئەدەبییەکان دەستنیشانبکەین:

## ١-٣/١ زمانی هۆنراوە:

زمانی هۆنراوە، بە گرنگترین و دیارترین ژانری ئەدەبی دادەنرێت ژانرەکانیشی بریتین لە(قەسیدە، سکاڵاکردن، نامەی شعری، لیریک،...هتد)، دەتوانێت زۆرترین کاریگەری و پەیام لەسەر خوێنەر دابنێت و جیاوازە لە زمانی ژانرەکانی تر.

زمانی هۆنراوە وەکو هێمایەکی زمانیی بەکاردەهێنرێت، بەڵام لادانە لە یاسا و ڕێزمانی زمانەکەو واتایەکی جیاواز بەرهەمدەهێنێت. واتە شاعیر دەتوانێت یاری بە وشەکان بکات و بەپێی مەبەست و پەیامی خۆی وشەکان بەکاربهێنێت.

بۆ نمونە وشەی( گوڵ) لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا مەبەست لێی گوڵی سروشتییە یان دەستکردە، بەڵام کاتێک شاعیر وشەی(گوڵ) بەکاردەهێنێت مەبەستی کەسێکە، کە چەندین واتا دەگەیەنێت بەهۆی نیشانە واتایەکانەوە دەخرێتەڕوو:

زمانی شاعیر
گوڵ
+ مرۆڤ
+خۆشەویست
+دایک
+هەست و سۆز
– بۆن

زمانی کەسی ئاسایی
گوڵ
+ بۆن
+ڕووەک
+ مرۆڤ
– خۆشەویستی

بەکارهێنانی زمان لە هۆنراوەدا بە پێی قوتابخانە ئەدەبییەکان دەگۆڕێت، بۆ نمونە لە قوتابخانەی کلاسیکدا مەرجەکان قورس و سەختبوون بۆ بڕیاردان لەسەر ئاستی هۆنراوەکان، لە قوتابخانەی ڕۆمانسیزمدا تاڕادەیەک ئاسانکاری لە یاساکاندا کراوە، هەروەها لە قوتابخانەی ڕیالیزمدا ئاسانی و سادەیی تێدا بەدیدەکرا. زمانی ئاسایی جیاوازە لە زمانی شعر، بۆ نمونە دیارترین جیاوازی بریتییە لەوەی، کە لە زمانی ئاسایی(ئۆتۆماتیک)دا پێوەندی نێوان دال و مەدلول پێوەندییەکی جێگیر و ڕێککەوتنە، بەڵام لە زمانی هۆنراوەدا بەو شێوەیە نییە، بەڵکو گونجاندنە و دەکەوێتە سەر توانای شاعیر لە بەکارهێنانی وشەکان بەپێی واتای جیاواز.(عەبدوڵڵا،......: ٥٠).

بێگومان جیاوازی بەکارهێنانی زمان لە نێوان کارە زانستییەکان و کارە وێژەییەکاندا لەلایەن توێژەران و زمانەوانانەوە نکوڵی لێنەکراوە، بە تایبەتی شێوازی وێژەیی بەرجەستەکردنی لە دەقی ئەدەبیدا. هەروەها گەلێک جیاوازی لە نێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا هەیە، وەک(چیرۆک، هۆنراوە، دراما، وتار.....)دا وەک (ابن طباطب) دەڵێت(( شیعر قسەیەکی جیاوازە لە پەخشان)). ئەلڕەحمانی،٢٠٢١:٣٨).

ئەگەر لە بواری جەنگ و شۆڕشدا بێت، یاخود لە بواری خۆشەویستی و چیرۆکی دڵداریدا بێت، زمانی هۆنراوە زیاتر هەوڵدەدات ڕێسا و یاساکانی ڕێزمانی زمانەکە ببەزێنێت و گوێگر لە بار و حاڵەتێکدا بهێڵێتەوە بە مەبەستی گەیاندنی واتای جیاواز بە گوێگر؛ گۆڕانکاری و جێگۆڕکێی وشەکان لە هۆنراوەدا ئەستەمەو دەبێتە هۆی تێکدانی واتای هۆنراوەکە، یان هەندێکجار زمانی هۆنراوە قورس و ئاڵۆزەو تێگەیشتن لێی ئاسان نییە، بە پێچەوانەی زمانی ژانرەکانی دیکەوە، کە دەتوانرێت بە تێڕامانێکی کاتی لە واتای دەربڕاوەکان و هێما زمانییەکان بگەیت. بە تایبەتی فۆڕمالیستەکان بایەخێکی زۆر بە لادان لە هۆنراوەدا دەدەن، وەک لادانی(واتایی، وشەیی، زمانیی، ناوچەیی...هتد)، کە ئەم لادانانە بە زۆری خۆیان لە شێوەی تەکنیشینی و جێنشینی و کات و دژ بەیەک وبەمرۆڤکردن، واتای نوێ بەرجەستە دەکات و ناڵۆژیکی و کورتبڕی دەبینێتەوە، بۆ نمونە سوهراب دەڵێت:

بە سەبەتەوە چومە

پێدان بوو

میوەکان گۆرانییان دەچڕی

لێرەدا بەکەسکردن کراوە میوەکان تایبەتمەندی مرۆڤیان دراوەتە پاڵ، کە بریتییە لە چڕینی گۆرانی.

نالی دەڵێت:

موژگانت هەم تیرە هەم شیر

برۆت میحرابە هەم تاقە هەم جووت

شاعیر لێرەدا واتای نوێ و خوازەی بە وشەکان داوە، بۆ نمونە وشەی(تاق)ی بە دوو واتا بەکاریهێناوە:

تاق :واتایی شێوەی برۆی خۆشەویستەکەی لە تاقی خانوی کۆن دەچێت.

تاق: برۆی خۆشەویستەکەی تاکە یان جووت.

زمانی هۆنراوە هەوڵدەدات وشەیەک بە چەند واتایەک بەکاربهێنێت، بە پێچەوانەی زمانی ئامێرییەوە(زانست)، کە وشەیەک بۆ یەک واتا بەکاردەهێنێت و لایەنی سۆزداری لە دەستدەدات، بەڵام زمانی هۆنراوە شێوەی هەرەبەرزی زمانی هەست و سۆزە.( ئەحمەد، ١٦:٢٠١٠).

هەر بۆیە شاعیر هەوڵدەدات وشەکان یان هێمای زمانیی بە شێوەیەک بەکاربهێنێت دوربکەوێتەوە لە واتای فەرهەنگی وشەکان، بێگومان ئەم کارەش بە هەموو شاعیرێک ناکرێت، چونکە پێدەچێت بیر و هەستێکی قوڵ و فراوانی هەبێت، بەڵام ناتوانێت وەکو هۆنراوە وشەکان ڕیزبکات و ئەو پەیامە بگەیەنێت، کە  شاعیر مەبەستیەتی بەم هۆیەوە وشەکان لە واتا کۆنەکان ڕزگاردەکات، وەکو گۆرانی شاعیر دەڵیت:

هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم

بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم

### ٢-٣/١ زمانی چیرۆک:

چیرۆک، بە یەکێک لە هونەرەکانی پەخشانی کوردی دادەنرێت، لەم ساڵانەی دوایدا زیاتر گرنگی پێدراوەو نوسەران هەوڵیانداوە بەرهەمی نوێ لەم بوارەدا پیشکەش بکەن، بە تایبەتی دوای بەرەو پێشچوونی بواری ڕۆژنامەگەری و گۆڤار و بڵاوکراوەکان.

چیرۆک دەکرێت تایبەت بکرێت بە چینێکی کۆمەڵ، بۆ نمونە چیرۆکی منداڵان، زیاتر زمانێکی سادە و ساکاری هەیە و بە شێوەیەک لەسەر زمانی ئاژەڵ و گیاندارانەوە بەرجەستە دەکرێت، هەروەها وا دەخوازێت چیرۆکەکە ڕون و ئاشکراو بێ گرێ و گۆڵ بێت و خاوەنی هزرێکی دیاریکراو بێت.

کەواتە زمانی چیرۆک ئەو نێوەند و پێوەندییەیە، کە بیرۆکە و ڕاستییەکان و کەسایەتییەکان و کارەکتەرەکان دەگوازێتەوە بۆ گوێگرو خوێنەران. بنەما سەرەکییەکانی چیرۆک بریتین لە(کات و شوێن و ڕوداو کارەکتەر...هتد).

پێویستە نوسینی چیرۆک و گێڕانەوەی بە شێوەی دیالۆگ بێت، کاریگەری زیاتر دروست دەکات و پەیامەکەی باشتر دەگەیەنێت. زمانی چیرۆک جیاوازە لە زمانی هۆنراوە، زمانی چیرۆک پێویستە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکەوە وەربگیرێت و دوربێت لە ڕەوانبێژی و تەومژ و لێڵی واتایی، هەرچەندە دەشێت وشە و زاراوەی هەندێک شێوەزار و زاری دیکەی زمانەکەی تێدا بەکاربهێنرێت بە پێی شوێنی ژیانی نوسەر و شارەزایی لە زمانی نەتەوەکەیدا.

زمان لە چیرۆکدا زیاتر پەیوەستە بە زەین و هزرەوە، وەک لە هۆنراوەدا، لە چیرۆکدا کێش و سەروا بەکارناهێنرێت و تاڕادەیەک دوردەکەوێتەوە لە وروژاندنی هەست و سۆز زیاتر چیرۆک مامەڵەکردنە لەگەڵ بیری خوێنەردا. (ئەلڕەحمانی،٢٠٢١:٣٩).

هەر چەندە هەندێک چیرۆکنووس بە زمانێکی سادە و ساکار چیرۆکەکەی نانوسێت و ئاڵۆزی لە تێگەیشتنیدا دروستدەکات، لەبەرئەوە پێویستە نوسەر شارەزایی باشی لە زمانی نەتەوەو زمانی ڕۆژانەی خەڵکدا هەبێت؛ بۆ ئەوەی گرێوگۆڵ لای خوێنەر دروست نەکات و دوربکەوێتەوە لە بەکارهێنانی واتای خوازەیی وشەکان. هەندێکجار لە پاڵ بەکارهێنانی هێمای زمانیدا بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی چیرۆکەکە نوسەر هەوڵدەدات هێمای نازمانیی و وێنە تێکەڵ بکات بە تایبەتی لە چیرۆکی منداڵاندا، کە ئەمەش کاریگەری زیاتر بەجێدەهێڵێت لە مێشک و ئاوەزی منداڵدا بۆ ماوەیەکی زیاتر بەرجەستەی دەکات. کەواتە زمانی چیرۆک وەکو زمانی هۆنراوە خاوەنی چەند سیماو تایبەتمەندییەکە پێویستە نوسەری چیرۆک پەیڕەویان بکات، بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی بەزیندویی بمێنێتەوە.

## ٣-٣/١ زمانی ڕۆمان:

زمانی ڕۆمان زمانی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکە، یان لە زمانی نەتەوەو خەڵکەوە نزیکە، شێوازی نوسینی ڕۆمان درێژترە و تاڕادەیەک ڕوداوەکان ئاڵۆزی تێدایە، ڕۆماننووس ڕوداوەکە بە

شێوەیەکی کارەکی دەبینێت، یان لە بیر و هزریدا خەیاڵێک دەکات و لە نوسینی ڕۆمانەکەیدا دەیخاتەڕوو، ئاوەزمەندی ئەوەیە نوسەر پەیامێک بە خوێنەر و گوێگر بگەیەنێت، واتە هەڵچونێک هەیە و بەرجەستەی دەکات لە نوسینەکەیدا و خوێنەر وەڵامی ئەو هەڵچونە دەداتەوە، ئەگەر نوسینەکە لە ئاستێکی بەرزدا بێت.

هەرچەندە بەرجەستە کردنی ڕۆمان لە ڕێگەی هێمای زمانییەوە لە دوو توێی کتێبێکدا دەخرێتەڕوو، ڕۆمانیش دەتوانرێت لە ڕێگەی هێڵ و پانتایی و سپی و ڕەشەوە، یان لە ڕێگەی هێمایی نازمانیی و چوارگۆشەو نیشانەی پرسیارەوە پەیامەکەی بگەیەنێت. پێویستە ڕۆماننووس پێڕەوی یاساکانی نوسینی زمانەکە بکات و وشەکان پاراو ڕەوان بن، وەک یاسای(وشەسازیی و ڕستەسازیی) بۆ دروستکردنی ڕستەو دەقێکی واتا دروست. کاتێک نوسەر بابەتێکی ئەدەبی دەنوسێت ڕێزمان بەپێی ڕێگای خۆی بەکاردەهێنێت، لەبەر ئەمە نوسەرانی هەر ژانرێک شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە زمان فراوانە و دەتوانرێت بە چەندین ڕێگا بنوسرێت، بەڵام لە ڕۆماندا ناکرێت هەست و سۆز بەسەر زمانی نوسینەکەدا زاڵ بێت، ڕۆمان زیاتر مامەڵەو گفتوگۆیە لەگەڵ بیرو هزری خوێنەر و گوێگردا باوەڕهێنانە بەو بیروبۆچونەی، کە نوسەر دەیەوێت لە ڕێگەی ڕۆمانەکەیەوە بیگەیەنێت.

ڕۆماننووس بۆ جوانکاری و جوانی دەربڕین دەتوانێت لە نوسینەکەیدا وشە بە واتای خوازەیی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ئاستی زمانی نوسینەکەی لاواز نەبێت، بۆ نمونە:

(باران دەگری، هەورەکان پێدەکەنن).

لێرەدا سیفەتی مرۆڤی گواستۆتەوە بۆ هەورو باران بە مەبەستی جوانی دەربڕین وشەکانی بەکارهێناوە، چونکە زمانی ئەدەب هەوڵدەدات وشە لە تاک واتایی دوربخاتەوە بە پێچەوانەی زمانی زانست هەوڵی تاک واتایی دەدات.(عەبدوڵلا،.......:٥١ ).

لە زمانی ڕۆماندا وشە ئەرکی ئەوەیە چەمکێک بگەیەنێت و مامەڵەی وشەی لەگەڵدا ناکرێت. زمان وەکو بایلۆژی دەکەوێتە لای چەپی مێشک و تێگەیشتن و لێکدانەوەی بەرهەمی هونەری لای ڕاستی مێشکە، هەر بۆیە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی واتایی و شیکردنەوەی پەیامی ڕۆمان پێوەندی بە بیر و هزری مرۆڤەوە هەیە، واتە بە زمانی بیر دەنوسرێت، بەهۆی ئەو پێوەندییەی لە نێوان ئەم دوو بەشەی مێشکدا هەیە زمان دەتوانێت داهێنان بکات.

## ٤-٣/١ زمانی ڕاگەیاندن:

ڕاگەیاندن لە ڕوی چەمک و زاراوەوە؛ گواستنەوەو بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بە مەبەستی گۆڕینی ڕای خەڵکی و ڕۆشنبیرکردن و بەئاگاهێنانەوەیان و دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی و پێوەندی بە تاک بە تاکی کۆمەڵەوە هەیە، تایبەتییەکانی بریتین لە(تاکە کەسی نین، ڕەنگدانەوەی کلتوری کۆمەڵ، سەرنج ڕاکێش...هتد). (شاسواری،٢٠١٣:١٨٨).

ڕاگەیاندن بە واتا فراوانەکەی هەمەجۆر و فرە ڕەهەندە وەک (بینرا، بیسترا، نوسراو)دەگرێتەوە، کاری سەرەکی بریتییە لە پێوەندیکردن و گەیاندن، بەبێ زمان ئەم کارە جێبەجێناکرێت و ئامانجەکەی ناگەیەنێت، لە ڕێگەی زمانەوە درک بە لایەنە شاراوەکان و کرۆکی بابەتەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری دەکرێت، کە ئەمەش وەک و پەیامێک دەگەیەنرێت بە وەرگر و لەم ڕێگەیەوە کار لەسەر بیروباوەڕ و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و....هتد دەکرێت. ڕاگەیاندن و پێوەندیکردن تاڕادەیەک تێکەڵاوییەک لە نێوانیاندا هەیەو هەندێکجار وای لێدێت سنوری یەکتری دەبڕن. هاوبەشیش لە نێوان ڕاگەیاندن و پێوەندیکردندا هەیە بەوەی، کە هەردووکیان لە هەوڵدان پەیامێک بگەیەنن لە ڕێگەی هۆکارێکەوە، ئەویش بریتییە لە زمان. زمان هۆکارێکی سەرەکی بەردەوامی ژیانەو هیچ تاکێک لێی بێبەش نییەو لە هەمانکاتدا(کۆمەڵ و زمان) هۆکار و کەرەستەی پێشکەوتنی زمان و کۆمەڵن. کەواتە دوانەیەکی لێکدانەبڕاون. سەرەکیترین ئەرکەکانی زمان بریتییە لە پێوەندیکردن، زمانی ڕاگەیاندنیش، بەشێکە لە زمان بە شێوە گشتییەکەی(جۆن لایەنز) ڕایوایە ((زمان ئامێرێکە لە خزمەت پەیوەندیکردندایە، گەیاندنی پەیامی زارەکی و نوسراو زانیاری بیروڕا لە ڕێگەی وشەی گوترا، یان نوسراو یان سیگناڵەوە دەبێت)). (کەریم،٢٠٠٥:٤٥).

پێوەندیکردن لە ڕێگەی چەند ئەڵقەیەکەوە بەرجەستە دەبێت، بریتین لە نێرەر و پەیام و وەرگر. کەواتە پێوەندیکردن ئەو پرۆسە ئاڵۆزەیە، کە بەبێ زمان ئەنجامنادرێت. (عومەر،٢٠١٩:٩٣). زمان لە گشت بوار و لایەنەکانی ژیانی مرۆڤدا بەکاردێت و بزوێنەری سەرەکییە و ڕاگەیاندن زیاتر لە هەموو کایەو بەشەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤ پەیوەستە بە زمانەوە، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی شیاو و دروست ئەو زمانە بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆمەڵ دروستبکات، نەک کاریگەری نەرێنی.

بەپێی قۆناغ و پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی ژیانی کۆمەڵ، زمانیش بەردەوام بووە لە گۆڕانکاری و خۆنوێکردنەوە، لە کۆندا زمان وەکو ئاماژەو هێما بەکارهاتووە، بەڵام لە ئێستادا بوارەکانی بەکارهێنان و نمایشکردن و فەنتازیای زمان فراوان و هەمەجۆرن، کەواتە زمان وەستان و چەقبەستن نازانێت و هەمیشە لەهەوڵی دروستکردن و داتاشینی وشەو زاراوەی نوێدایە و دەتوانێت بەپێی پەیدابوونی کەرەستە نوێیەکان و بوارە ئەلکترۆنییەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وشەو هێمای زمانیی بخاتە بەردەست، هەر بۆیە زمان لە توانایدایە وشەیەک بە چەند واتایەک بەکاربهێنێت بە بێ ئەوەی واتای فەرهەنگیی وشەکە پشتگوێ بخرێت. زمانی ڕاگەیاندن ئەو ئامرازانەیە، کە ڕاگەیاندکار بەکاریاندەهێنێت، زمانی ڕاگەیاندن خاوەنی چەند تایبەتمەندی و ئەدگارێکی تایبەت بە خۆیەتی وەک:(ڕونی و سادەیی و ڕاستگۆیی و ئابوریکردن...هتد). زمان و ڕاگەیاندن هەمیشە لە پێوەندیدان، واتە هەتاکو ژانرەکانی ڕاگەیاندن زۆرتر و فراوانتربن، دەبێتە هۆی گەشەکردن و دەوڵەمەندبوونی زمان، ئەمەش هۆکارێکە بۆ زۆربوونی وشەو زراوەی بواری ڕاگەیاندن، لە ئەنجامدا پەیام و مەبەستی زمان و ڕاگەیاندنەکە ڕوونتر و باشتر بە تاک و کۆمەڵ دەگات، کاریگەری لەسەر زمان و هزر و بیری فەرهەنگیی زمانیی وەرگر دروستدەکات. زمانی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی هێمای زمانیی و نازمانییەوە ئەرک و پەیامەکەی دەگەیەنێت، هەندێک جار هەردوو هێماکە تێکەڵ بە یەکدەکرێن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەرتر و ڕوونتر بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت. کاریگەری زمان و ڕاگەیاندن بە چەند شێوەیەک دەبێت:

١-ئەرێنی:

ئەم کاریگەرییە ڕاستەوانەیە، واتە ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی ئەوەی زمانێکی تایبەت بە ڕاگەیاندن دروستبێت و جیاواز بێت لە زمانەکانی دیکە، دروستکردن و هێنانە ئارای وشەو زاراوەی نوێ بە تایبەتی لە بواری وەرگێڕاندا، چونکە ئەم زمانە پێویستە ڕون و سادە و ساکار بێت. لە لایەکی دیکەوە زمانیش کار لە ڕاگەیاندن دەکات بەو واتایەی، کە زمان بەرجەستەکەری مەبەست و پەیامی ڕاگەیاندنە و دەتوانێت بە چەند شێوازێک لە ڕێگەی هێمای زمانیی و نازمانییەوە ڕاگەیاندن بخرێتەڕوو. (ئەسعەد، ٢٠٢٣:٧٥).

٢-نەرێنی:

ئەم کاریگەرییەش دەبێتە هۆی ئەوەی زمان کاریگەر بێت بە ڕاگەیاندن، واتە کاتێک وشەو زاراوەی ناڕاست و واتای نادروست و ناڕێزمانی بە ناو تاکەکانی کۆمەڵدا بڵاودەبێتەوە،

ئەمەش دەبێتە هۆی شێواندنی زمان  لە هەموو ئاستەکاندا لە ڕوی فۆنەتیکی و نوسین و ڕێنوسەوە، جگە لەوەی هاتنی چەندین وشەی بیانی بۆ ناو زمانەکە، لە کاتێکدا دەتوانرێت لە ڕێگەی وشەکانی زمانەکەوە، یان فەرهەنگەکەیەوە بەپێی پێویستی وشەی نوێی بۆ دابتاشرێت.

لە گۆشە نیگایەکی ترەوە زمان کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕاگەیاندن هەیە، وەکو ئەوەی وشەیەک، یان زاراوەیەکی زمانێکی بیانی، کە خۆیان دروستکەر و داهێنەری کەرەستەکانن، فۆرمێکیان بۆ داناوە، بەڵام کاتێک وەردەگێڕدرێتە سەر زمانێکی دیکە، پێدەچێت ئەو واتا پڕاوپڕەی خۆی لەدەست بدات، یان واتای سەرەکی ونبکات و کاریگەری لەسەر زمانەکە دروستدەکات، وەک (بێرنارد لیڤن)دەڵێت ((تێکدانی زمان تێکدانی بیرە)). (عومەر،٢٠١٩: ٩٩).

## ٣/١-٥ زمانی ڕۆژنامە و گۆڤار:

 کاری ڕۆژنامەنوسی، بە گرنگترین کارەکانی ژانری بواری ڕاگەیاندن دادەنرێت، کاری ڕۆژنامەنووس نوسینی بابەتە بۆ ڕۆژنامە، لە چەند پەڕەیەک پێکدێت، کە هەواڵ و زانیاری و تەکنەلۆژیا و ڕوداوی ڕۆژانە لە خۆدەگرێت. گرنگترین ڕوپەڕی نوسینی هێمای زمانی و نازمانییە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش؛ ناونیشان و سەرەتا و کۆتایی لاپەڕەکانی دیاریدەکرێت. لێکۆڵینەوە لە زمانی ڕۆژنامە دەکەوێتە سنوری لێکۆڵینەوەی زمانەوانییەوە، بەڵام فەرامۆشکراوە بە پێچەوانەوە توێژینەوە لە زمانی ڕۆژنامە، لە بواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیدا ئەنجام دەدرێت. (علی٢٠١٤: ٥).

ڕۆژنامەو گۆڤار گرنگی تایبەتی خۆیان لەسەر زمان و ئەدەب هەیە، بێگومان سادەیی و ڕەوانی بێ گرێوگۆڵی زمانی ڕۆژنامە مەرجی سەرکەوتنیەتی، هەرچەندە لە کۆندا زۆر وشەی بیانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەکاردەهات، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی زمانی کوردی ڕەواج و بەهای ڕەسەنی خۆی لەدەستبدات، لەپاڵ ئەمانەشدا گرنگییانداوە بە ڕێزمانی زمانی کوردی و هەوڵیانداوە پەندی  پێشینان و هۆنراوەی شاعیران و .....هتد بەکاربهێنن. ( ئەحمەد، ١٩٧٨: ١٥٣).

ڕۆژنامە ڕۆژانە دەردەچێت و خوێندنەوەو بە دەستخستنی لەلایەن خوێنەرەوە ئاسانە، وەک لە کتێب و گۆڤار، تاکەکان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەدواداچون بۆ زانیاری و ڕیکلام دەکەن.

ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لە ڕێگەی لاپەڕەکانییەوە پەیامەکانیان ئاڕاستەی چاو دەکەن، لە کاتێکدا ڕادیۆ پەیامەکانیان ئاراستەی گوێ دەکەن. خوێنەری ڕۆژنامە ئاگاداری هەواڵ و زانیاری و پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیای وڵاتەکەی دەبێت و بە خۆراکی ڕۆژانەی بیر و هزر

دەژمێردرێت. لێرەدا مەبەستمان زمانی ڕۆژنامەیە، کە زمانێکی کرداریەو تەواو کۆمەڵایەتییە و پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵەوە وشەو زاراوەکانیش لە نێوان کۆمەڵ و ڕۆژنامەدا ئاڵوگۆڕ دەکرێن. زمانی ڕۆژنامە لە نێوان دووڕییانی زمانی زانستی و ئەدەبیدایە، بەو واتایەی پێویستی بە جوانکاری و ڕازاندنەوەو جوانی دەربڕین هەیە، لە هەمانکاتدا پێویستە ڕونی و سادەیی و ئاسانی پێوە دیاربێت و لە زمانی کۆمەڵەوە نزیک بێت. (کەریم،٢٠٠٥:١٨).

زمانی ڕۆژمانە نابێت بە زمانێکی باڵا بنوسرێت، چونکە ئەگەر وابێت خوێنەرانی ناتوانن لە واتا و مەبەستەکەی بگەن، ناشکرێت زمانێکی بازاڕی بێت، بەڵکو پێویستە زمانی ڕۆژنامە مۆرکێکی ئەدەبی پێوە بێت و بتوانێت ئەو مەبەست و پەیامەی ڕۆژنامەنوس هەیەتی لە وشەو زاراوەکاندا جێگەی بکرێتەوە، خوێنەر بتوانێت درکیان پێبکات و ڕێسا و یاسای ڕێزمانی زمانەکەو فەرهەنگەکەی لەبەرچاو بگیرێت، چونکە ڕۆژنامە هونەرێکی خێرایەو زوو بە ناو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە. هەربۆیە پێویستە زمانێکی ڕەوان و ڕاستگۆ و دووربێت لە درێژدادڕی و بە کورتی و بە پوختی بابەتەکەی بگەیەنێت. لە ڕۆژنامەدا دەتوانرێت هێمای زمانیی و نازمانیی بەکاربهێنرێت، واتە بەکارهێنانی وێنە بەشێوەیەکی گشتی و وێنەی کاریکاتێری بەتایبەتی؛ زیاتر مەبەستەکەی دەپێکێت، لە ڕێگەی بەکارهێنانی وێنە و نوسینی ناونیشانی سەرنجڕاکێش زیاتر خوێنەران و بینەران بەو ئاراستەیەدا دەبات، کە هەوڵی دەستەبەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار دەدەن.

ڕۆژنامە و گۆڤار بوار دەڕەخسێنن بۆ هاتنە ناوەوەی چەندین وشەو زاراوەی بیانی بۆ ناو زمانەکە. بابەت و باسەکانی گۆڤار فراوانترن و زمانەکەشی لە زمانی ڕۆژنامە باڵاترە، تایبەتە بە چینێک لە کۆمەڵ، زمانی ڕۆژنامە دەکەوێتە ناوەندی جۆرەکانی زمانەوە، واتە لە نێوان زمانی باڵا و زمانی بازاڕیدایە، هەوڵدەدات لە زمانی باڵا نزیک بێتەوە. پێویستە زمانی ڕۆژنامە بە زمانێکی هاوبەش بنوسرێت، کە زۆربەی خوێنەران و بینەران بەو شێوەیە ئاخاوتن ئەنجام دەدەن. (کەریم،٢٠٠٥:٢٨).

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان مەبەست و پەیامەکانیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێمای زمانیی و نازمانییەوە دەبێت، پێویستە نیشانەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکاندا یەک بگرێتەوە و وێنە و نوسینەکانیان سەرنج ڕاکێش بن. یەکێک لە ئەرکەکانیان بەکارهێنانی زمانێکی دروستە و دورکەوتنەوەیە لە هەڵەی ڕێزمانی و واتایی، لە هەمانکاتدا ڕەچاوکردنی یاساکانی خاڵبەندی و ڕیزکرنی کەرەستەکان لە ڕستە و دەقدا.

## ٦-٣/١ : زمانی تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ:

دوو ژانری دیکەی ڕاگەیاندنن پشت بە وێنەو دەنگ و ڕوداوەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەخۆ دەبەستێت، واتە ڕاگەیاندنی(بینراو و بیستراو نوسراو) لە یەککاتدا بەکاردەهێنرێت. لە چاو ژانرەکانی دیکەدا تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکن، بە تایبەتی تەلەفیزیۆن، کە سەرجەم ئامرازە بینراوەکان و گوزارشتکردن و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی گواستنەوەی دەنگ و وشە لەخۆدەگرێت. هەر بۆیە بۆتە ئامراز و کەناڵێکی گرنگی گواستنەوەی سەرجەم بابەتەکانی ڕاگەیاندن، لە کاتێکدا وێنەو هێمای نازمانیش دەبێتە پاڵپشت لەگەڵ هێمای زمانیدا سەبارەت بە گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو. دوای ڕۆژنامەو گۆڤار هۆکاری ڕاگەیاندنی ڕادیۆ هاتەکایەوە، کە ئەم ژانرە شۆڕشێکی گەورەبوو لە بواری پێشکەتنی زمان و ڕاگەیاندندا، چونکە نوسراوەکان، کە بریتیبوون لە دەنگ لە ڕێگەی گۆڕینیان بۆ نوسین گۆڕانیان بەسەردا هات و بوون بە زمانی ئاخاوتن و قسەکردن و پێشکەش بە گوێگران کرا.

دەنگ یەکێکە لە بنەماکانی دروستبوونی وشە هۆکارێکە بۆ ئاشکراکردنی زانیاری و هەواڵ و هونەری ڕۆشنبیری و کورتەچیرۆک و ڕیکلام و پڕوپاگەندە، بێگومان کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ دەبێت. ئەو زمانەی ڕادیۆ بەکاریدەهێنێت لایەنێکی فۆنەتیکی زمانە و جیاوازە لە شێوازی فۆنۆلۆژی زمان، کە بریتییە لە نوسین. لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە تاکەکان دەتوانن بەهۆی  بەرزونزمکردنی دەنگ و تۆن و ئاوازەوە درک بە واتاو پەیامی ڕادیۆ بکەن، تاڕادەیەک زمانی ڕادیۆ نزیکە لە زمانی خەڵکەوە شێوازێکی گشتی هەیە، چونکە ئاراستەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ دەکرێت. مرۆڤ زیاتر ئارەزوی بیستنی مۆسیقا و شعر و کورتە چیرۆکە....، بەڵام بە شێوەیەکی دیاریکراو. کاتێک کەسێک بابەتێک بۆ ڕادیۆ دەنوسێت دەبێت پابەندی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە بێت و واتایەکی دروست بدات بە دەستەوە، چونکە سنور و کاتی بۆ دیاریکراوە و پێویست بە درێژدادڕی ناکات و دەبێت دوربێت لە بیروبۆچونی خودی و هەڵگری لایەنی بابەتی بێت، نوسین بۆ ڕادیۆ شێوازێکی چیرۆکی هەیە، چونکە بە سروشت مرۆڤ ئارەزوی وەرگرتنی شێوازی گێڕانەوەی زیاترە ،وەک لە نوسینی فەرمی ناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، کە ڕاستی و زانستی لەخۆدەگرێت. (حەمیدی،٢٠١٠:١٦).

کەواتە زمانی ڕادیۆ جیاوازە لە زمانی تەلەفیزیۆن و ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، بە کورتی زمانی نوسینی ڕادیۆ هاوشێوەی ئەو زمانە ئاخاوتنە بێت، کە ڕۆژانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا گفتوگۆی پێدەکرێت. تەلەفیزیۆن لە ڕوی زاراوەوە وشەیەکی تێکەڵە بە واتای لە دورەوە بینین دێت،(عومەر،٢٠١٩:١١٨). تەلەفیزیۆن هۆکارێکی ڕاگەیاندنە، کە دوو هەستی مرۆڤ تێیدا

بەشداردەبن، کە بریتین لە بینین و بیستن، بێگومان کاریگەری و بایەخی زیاترە لە ژانرەکانی دیکە، تەلەفیزیۆن یەکێکە لە کەناڵەکانی پێوەندی جەماوەری و لە ڕێگەی وێنەو نوسین و دەنگ و وێنەی کاریکاتێری و...هتد، پەیام و مەبەستی بەرجەستەدەکات، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ کەسی ناسراو و نەناسراو ئامادەییەکی بەردەوامی لە ناو هەموو ماڵێکدا هەیە. پێویستە زمانی تەلەفیزیۆن ڕون و سادەیی و ڕاستگۆیی پێوەدیاربێت و دور لە هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنوسی و واتایی بێت. واتە پێڕەوی یاساو ڕێساکانی ئاستەکانی زمان بکات، بۆ ئەوەی لە هەڵەو کەموکوڕی بە دوربێت. چونکە زمانی تەلەفیزیۆن بریتییە لە زمانی وێنەو زارەکی، زمانێکی بینراوە وا باشترە دوربکەوێتەوە لە ئاڵۆزی و بڵاوکردنەوەی توندو تیژی و بەجێهێشتنی کاریگەری نەرێنی لەسەر کلتور و دابونەریتی کۆمەڵ، شێوازی نوسینەکە نەبێتە هۆی دروستبونی لێڵی واتایی؛ بەهۆی بەکارنەهینانی خاڵبەندی و ڕێکخستنی مۆرفێم و وشە بەلێکسیمبووەکان بە شێوەیەکی دروست، چونکە تەلەفیزیۆن هاوڕێیەکی بەردەوامی تاکەکانی کۆمەڵ و زۆر نزیکە لێیانەوە. شێوازی نوسینی تەلەفیزۆن پێویستە کورت و پوخت بێت و بتوانرێت زمانی ئاخاوتن و زمانی نوسین تێکەڵ بە یەکبکات، ئەگەر بەم شێوەیە نوسرا زۆرترین کاریگەری لەسەر خوێنەران و بینەران دروستدەکات.

هەروەها زمانی تەلەفیزیۆن، ڕاستەوخۆیە و پێویستە وشەکان کورت بن و دورکەوتنەوە لە وشەی دوبارە، چونکە بینەران ئەو کاتەیان نییە شیکردنەوەو لێکدانەوە بۆ واتای وشەو زاراوە ئاڵۆزەکان بکەن، تەلەفیزیۆن دەتوانرێت هێمای زمانیی و نازمانیی تێدا بەکاربهێنرێت، کە ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەیەتی لە ژانرەکانی دیکە. کەواتە دەتوانرێت بگوترێت تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و ڕاگەیاندنی بینراو کاریگەری و شوێن پێی لە کایەی زمانەوانیدا هەیە، بە هەردوو ئاڕاستەکەدا(ئەرێنی و نەرێنی)، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست کار بە یاسا بەرکارەکانی زمانەکە بکرێت، چونکە هەر هەڵە و لادانێک دەبێتە هۆی شێواندنی زمانەکە و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر گوێگران و بینەران بەجێدەهێڵێت. لە هەمانکاتدا ئەگەر بە شارەزایی ورياييەوە زمان بەکارنەهێنرێت، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی هەندێ وشەو فرێز و ڕستەی نەشیاو بە پێڕەو و سیستەمی زمان، دورکەوتنەوە لە تەمومژی واتایی و بەکارنەهێنانی زیاد لە پێویستی وشەو زاراوەی بیانی، کە ئەمەش وادەکات کاریگەری نەرێنی بکەوێتە سەر زمانی نوسین و ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵک و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، وەک ئەوەی ئێستا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بە ڕون و ئاشکرا بەرچاودەکەون، ئەمەش دەبێتە هۆی کاڵ بونەوەو کەمتر وشەو زاراوە ڕەسەنەکانی زمانەکە بەکاربهێنن.

## ٧-٣/١ : زمانی کاریکاتێر:

پێش ئەوەی وێنەی کاریکاتێر؛ وەکو پێویستییەک سەیربکرێت، وەک چەمکێکی بیریی ڕەخنەیی ئاراستەی کۆمەڵ دەکرێت،  بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو، بەڵام لە جێی وشەو دەربڕاو و نوسین، فڵچەو خامە و هێڵکاری لە نیگارێکی تەنزئامێزدا خۆی نمایشدەکات. کاریکاتێر وێنەی گفتوگۆی ئەدەبی هونەرمەند، لە بەرانبەر دیاردەو کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگە نیشاندەدات، قەڵەمی ڕەخنەیی بەهۆی هێمای زمانیی و نازمانییەوە دەخاتەڕوو. (محەمەد قادر،٢٠١٢:٣-٥).

زمانی کاریکاتێر لە ئاستی جۆرەکانی تری زماندایە، چونکە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە زۆرترین کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ و جەماوەر بە گشتی دروستبکات، لەم جۆرە زمانەشدا پەیام و مەبەستەکانی پشت بەهێما زمانییەکان و نازمانییەکان و وێنەکان دەبەستێت و ئاڕاستەی چاو و ئاوەز دەکرێت. دەتوانرێت وێنەکان ڕەنگاوڕەنگ بکرێن بەپێی چینەکانی کۆمەڵ واتاو مەبەستی شاراوەیان لێباربکرێت. لە بنەڕەتدا وێنەی کاریکاتێری شێوازێکی گاڵتە ئامێز لەخۆدەگرێت، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ڕەخنەو پەیامەکانی بگاتە شوێنی خۆی و زۆرترین بینەر و خوێنەری هەبێت. زمانی کاریکاتێر شێوازی نوسینەکەی ئاڕاستەی چینێکی دیاریکراو دەکرێت، یان ئەگەر ئاڕاستەی هەموو کۆمەڵ بکرێت پێدەچێت تەنها کۆمەڵێ کەسی تایبەت و ئارەزومەند و پسپۆڕی بواری بەکارهێنانی هێمای نازمانیی لە واتا و مەبەست و پەیامی پشت وێنە کاریکاتێرییەکان بگەن. وێنەو زمانی کاریکاتێری بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵ دەنوسرێت، بەڵام جیاوازییان هەیە، بۆ نمونە ئەو وێنە کاریکاتێرییەی بۆ منداڵ و هەرزەکار نیشاندەدرێت جیاوازە لەو وێنەیەی، کە بۆ کەسانی کامڵ و پێگەیشتو دەنوسرێت، لە هەمانکاتدا پەیامەکانیشیان جیاوازە، بۆ نمونە وێنەی کاریکاتێری هەیە هەڵگری پەیامی (ڕامیاری،  ڕۆشنبیری، پەروەردە، فێرکردن...هتد)ە.

بۆ لێکدانەوەی زمانی کاریکاتێری پێویستە خوێنەر و بینەران شارەزاییان لە واتای(میتافۆڕی و بەخشکەیی دەربڕین و پراگماتیکی و ئیدیۆمی و....هتد)، هەبێت، بۆ ئەوەی درک بە واتا شاراوەکان بکەن، کە هێمای زمانیی و نازمانییەکان هەڵیانگرتون. زمانی کاریکاتێری زیاتر لایەنی کۆمیدی و گاڵتە ئامێز لە خۆدەگرێت، لە ڕێگەی زمانی خەڵکەوە بە دیوە شاراوەکەیدا ئامانجی خۆی دەخاتەڕوو. کەواتە زمانێکی تایبەتی هەیە، دورە لە زبری و ناو زڕاندنی ئاشکرا، بەڵکو بە شێوەیەکی پەنامەکی واتا و مەبەستەکەی دەگەیەنێت. لە کاریکاتێردا هەردوو هێمای زمانیی و نازمانیی بەکاردێت، یان تەنها یەکێکیان زیاتر دەبێتە جێی سەرنجی بینەران و

خوێنەران، بێگومان بەکارهێنانی هێمای زمانیی و نازمانیی لە وێنەیەکی کاریکاتێریدا کاریگەری پەیامەکەی زیاتر دەبێت و چێژی زیاتریان پێدەبەخشێت.

ئەم جۆرە زمانە خێرایەو پێویستی بە کاتی زۆر نییە، لە هەمانکاتدا زۆرترین واتا و مەبەست لە خۆدەگرێت، واتە شێوەیەکی ئابوریکردنە لە زماندا. وێنەی کاریکاتێری لە باریدایە واتای چەندین ڕستەو دەق و لاپەڕە لە کەمترین کاتدا بگەیەنێت. وێنەو هێما کاریکاتێرییەکان ئاڕاستەی بیر و هزری مرۆڤ دەکرێت، دەبێتە هۆی فراوانکردن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیی ئاوەزی تاکەکانی کۆمەڵ، لە زمانی کاریکاتێردا دەتوانرێت کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و زمانەوانی ..هتد، دیارییبکرێت و چارەسەریشیان بۆ دابنرێت، تەنانەت لەم ژانرەوە دەتوانرێت کەموکوڕی سەرکردەکان و پێشەوایانی کۆمەڵ دیارییبکرێت، بۆ مەبەستی باش بەڕێوەبردنی وڵات، ئەم زمانە لە گەیاندنی پەیام لە زنجیرە دراماکانیشدا بەشداریدەکات، یان بەرنامەی تایبەت بە خۆی هەیە بە شێوەی زنجیرە، کە زۆرترین تەماشاکەر و بینەری دەبێت و بێگومان بێ کاریگەریش نابێت وەک(بەرنامەی بەرنامە، فەنتەڵۆس...هتد).

بونی ئەم جۆرە زمانە نیشانەی پێشکەوتویی و زیندویی زمانەکە دەردەخات و پێویستە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا هەمیشە گۆشەیەکی تایبەتی بۆ تەرخانبکرێت.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا خوێنەران ئەو ئامادەییەیان کەمبۆتەوە، کە کتێبێکی فەبارە گەورە بخوێننەوە زیاتر ئارەزویان لە بابەتی کورت و پوختە، هەربۆیە وێنە و زمانی کاریکاتێری دەتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت و بینەر و خوێنەر ئاگاداری گۆڕانکاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بن، ئەم زمانە زۆرترین بەکارهێنەری هەیە و خزمەت بە کۆمەڵ دەکات، لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی خۆشی و چێژێکی تایبەت بە خوێنەران و بینەران ببەخشیت. کەواتە زمانی کاریکاتێری لە توانایدایە گۆڕانکاری لە ناو تاک و خێزان و کۆمەڵدا دروستبکات بە زمانێکی گاڵتە ئامێز پەیامەکانی خۆی بگەیەنێت و ببێتە جێگەی سەرنجی بینەران و خوێنەران.

## بەشی دووەم:

### ٢-١ واتا و واتاسازیی:

هەر لە کۆنەوە باس لە واتا کراوە، پێش ئەوەی وەکو زانستێکی سەربەخۆ و لقێکی زانستی زمان بناسێنرێت، بەڵام ئەم بەکارهێنانی واتایە لە لایەن ژیربێژان و دەروونناسەکان گفتوگۆی لەبارەوە کراوە بەمەبەستی ئەوەی خزمەت بە بوارەکەی خۆیان بگەیەنن. واتای دەربڕاو بەشێوەیەکی گشتی جێگەی مشتومڕی زمانەوانان بووە، بەهۆی ئەوەی واتا ئاڵۆزە و سرکە و لە هەموو ئاستەکانی زماندا بوونی هەیە، لەکاتێکدا واتا دەبێتە خاڵی یەکلایکردنەوەی کەرەستەی بنچینەیی ئاستەکان بە شێویەکی زانستی و ڕاست و دروست.

لەم ڕوانگەیەوە چەندین پێناسە بۆ واتا کراوە، سۆسێر دەڵێت ((واتا ئەو پێوەندییەیە، کە لە نێوان ئاماژەو ئاماژە بۆکراودا دروست دەبێت)). (ناوخۆش،٢٠٠٥:٢٥).

کە لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەی بە هێما و هێمابۆکراو کردووە، کە مەبەستی زانستی هێمالۆژییە.

محەمەدی مەحویی دەڵێت ((واتا زاراوەی ناوجەرگەیی و ناوەندی سیمانتیکە و نرخی هێمایە و کردەی هێزی گەیاندنە بەبێ واتا، شێوەو بیچمی هێمایەک هێما نییە، بەڵکو تەنها فۆڕمێکی بۆشە)). (مەحویی،٢٠٠٩؛٢٢).

پێمانوایە واتا ئەو بیر و وێنانەیە، کە لە مێشک و ئاوەزدایە، لە ڕێگەی دەربڕینەکانی(وشە و ڕستە)ەوە بۆ کەسی بەرانبەر دەگوازرێتەوە، بەمەرجێک هەڵگرو ڕەنگدانەوەی هزری مرۆڤ و دەربارەی سروشت و دەرەوەی زمان بێت.

میتۆس دەڵێت ((نیشانەی زمانی یەک وشەیە و یەک مۆرفیمە، یاخود یەک یەکەی زمانەوانییە و پێوەندی بە وێنەیەکی جێگیرەوە هەیە لەگەڵ واتایەکی جێگیر، لە ئەنجامدا واتامان دەستدەکەوێت)). (مارسل،١٣٩٧:٣٦٢). لەم پێناسەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کاری نیشانەو هێما دیاریناداد و پێشبینی ناکرێت و شتێکە وەکو( ناو، کار.... هتد).

پێرس لایوایە، ((پێویستە هەر نیشانەیەک یەک وێنەی مەبەستی هەبێت، لە ڕێگەی ئەم وێنەیەوە دەتوانرێت بزانرێت شتێک گوتراوە لە بری شتێکی تر)).

واتاسازیی لقێکە لە لقەکانی زانستی زمان، کە لەم ساڵانەی دوایدا گرنگی زیاتری پێدرا، بێجگە لەوەی، کە لقێکە لە زمان وا دەردەکەوێت خاوەنی تایبەتمەندی شاراوەو تایبەت بە خۆی بێت.

کاری واتاسازی پێوەندی بە(فۆڕم و واتا)وە هەیە، کە فۆڕمەکە بریتییە لە وشەکان و پێکهاتەکانی ڕێزمان، واتاکەش مامەڵە لەگەڵ مەبەستە جیاوازەکاندا دەکات. (آنە ماری، ١٣٨٩:١٩٧-١٩٨).

هەروەها واتاسازیش لە کورتترین و پوختترین پێناسەدا بریتییە لە(لێکۆڵینەوە لە واتا)، کە ئەم بۆچونە تاڕادەیەک زۆربەی زمانەوانان لە سەری کۆکن، هەرچەندە بابەتی واتا خۆی لە خۆیدا جێگەی مشت و مڕو قسە لەسەرکردنە، چونکە واتا نابەرجەستە و ئاوێتەیە لەگەڵ زانستەکانی تردا، بۆیە دەکرێت زانستەکان لە گۆشەنیگای خۆیانەوە پێناسەی واتا بکەن و لێیبڕوانن. سەرەتا لای بونیادگەرەکان و زمانەوانی بەرهەمهێنان واتا ڕۆڵ و بایەخی تایبەتی خۆی هەبوەو جێگەی خۆی گرتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆنانکارەکان زیاتر جەختیان لەسەر فۆڕم بوو کەمتر ئاوڕیان لە واتا داوەتەوە و سوڕانەوەی زمان لەدەوری یەک بازنەی وەستا و نەگۆڕ، بۆتە جێگەی سەرنجی چەند زمانەوانێک بۆ ئەوەی زمان بە ئەرک و ڕۆڵی خۆی هەڵبستێت.

لە ساڵی(١٩٥٧)ی زاینیدا بەڕابەرایەتی(چۆمسکی) وەرچەرخانێکی زمانەوانی سەریهەڵدا لە ئەنجامدا کتێبی(دروستە سینتاکسییەکان)، (syntactic structures )لەدایکبوو، بەم هۆیەوە(چۆمسکی) بە کاریگەرترین زمانەوانی سەدەکە دادەنرێت. سەرەتا(چۆمسکی) زیاتر جەختی لەسەر ڕستەسازیی دەکردەوە، پاشان هەنگاوی نا بەرەو واتا و واتاسازیی، چونکە ((ڕستەسازیی لەناو زماندا بەگرنگی دڵ دەچوێنێت لە لەشی مرۆڤدا)). (محمد ئەمین،٢٠١٥:١٧ ).

چۆمسکی لە ڕوانگەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانەوە پێیوایە، پێوستە ڕستەسازیی سەربەخۆ بێت، بەڵام ڕاستەوخۆ نەگەیشتە ئەو بۆچونەی گرنگی بە ئاستی ڕوکەشی ڕستە بدات، سەرەتا ئاستی قوڵی ڕستەی زیاتر بە لاوە گرنگ بوو.

لەئەنجامی ڕەخنە و تێبینی لەسەر تیۆرەکانی چۆمسکی، وایکرد هەردوو زمانەوانی ئەمریکی و خوێندکاری چۆمسکی(Katz - Fodor ). لە ساڵی(١٩٦٣)ی زاینیدا بە شێوەیەکی ڕون و ئاشکرا باسی بابەتی واتاسازیی بکەن. پاشان(Katz-Postal ) لە ساڵی(١٩٦٤)ی زاینیدا توێژینەوەیەکیان پێشکەشکرد، جێگە و گرنگی واتایان لە زمانەوانی بەرهەمهێناندا دیاریکرد و پێکهاتە فەرهەنگییەکان و ڕۆڵیان لە گواستنەوەی واتادا نیشانبدەن. ئەم زمانەوانانە مەبەستیان ئەوە بوو واتا بە شێوەیەکی گشتی لە تەواوی زمانە سروشتییەکاندا(Natural Languages ) دیارییبکەن، واتە لەپاڵ پێکهاتەی سینتاکسی و پێکهاتەی فۆنۆلۆژی و پێکهاتەی واتایی(سیمانتیکی)ش ببێتە پێکهاتەیەکی سەرەکی ڕێزمانی زمانەکان. پێکهاتەی سیمانتیکی ((ئەو

پێکهێنە ڕێزمانییەیە، کە ئەرکی واتای ڕستەکە بەجێدەگەیەنێت و هەڵدەستێت بە لێکدانەوەی سیمانتیکیانەی ڕستەکە)). (محمد ئەمین،٢٠٢١:٦٤). کەواتە هەوڵەکان بەو ئاڕاستەیە بوون، کە (چۆمسکی) لە قۆناغی دووەمی تیۆرەکەیدا(تیۆری ستانداردStandard Theory ) لە ساڵی(١٩٦٥)ی زاینیدا پێداچونەوەی ورد بە تیۆرەکەیدا بکات. پاشان گۆڕانی بەسەر تیۆری ستانداردا هێنا، لە بارەی گۆڕانی واتا لە ئاستی ڕوکەشدا، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت ((کەوا پێوەندی تیۆری ستانداردی فراوانکراو ئاگادارکردنەوەیەک بوو بە ئاوابوونی ئەستێرەی ڕۆنانی ژێرەوەو زۆربەی دەسەڵاتەکان بە ڕۆنانی سەرەوە سپێردرا)). (قادر،٢٠٠٩:١٠٥).

واتاسازی بەرهەمهێنان(Generative Semantics ) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی حەفتاکان و ڕایان لەگەڵ بیروبۆچونەکانی چۆمسکی جیاوازبوو، هەرچەندە خۆشیان پەروەردەی ئەو قوتابخانەیە بوون. بە تایبەتی زمانەوانە ئەمریکییەکان ( Ross, Postal, Lackoff ) لە توێژینەوەکانیاندا دەچونە بواری(واتاسازیی بەرهەمهێنان)ەوە، کە ڕایانوابوو دەبێت واتا وەکو چەق و سەنتەر و کەرەستەی لێکۆڵینەوەی زمانیی پشکی سەرەکی هەبێت و پێکهاتەی واتایی وەکو بناغەی بەرهەمهێنان، پێکهاتەی سینتاکسی دەگوێزرێتەوە لە ڕێگەی دروستەی ڕوکەشەوە، دروستە سینتاکسییەکان لە خزمەت پێکهاتەی واتاییدان و ئەرکیان لێکدانەوەی واتایە. (محمد ئەمین،٢٠٢١:٦٧). کە پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە بە(سیمانتیکی بەرهەمهێنان) ناودەبرێت.

## ١-١/٢ : تیۆرەکانی واتا:

سەرهەڵدان و هاتنەکایەی هەر تیۆرێک درێژەدانە بە بیروبۆچونەکانی تیۆرەکانی پێش خۆی، لە هەمانکاتدا هەوڵدەدات کەموکوڕی و کەلێنەکان پڕبکاتەوە و وەڵامی ئەو ڕەخنانە بداتەوە، کە ڕوبەڕوی تیۆرەکان بۆتەوە، لەم سۆنگەیەوە وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ(واتاسازیی بەرهەمهێنان)دوای تێپەڕاندنی چەند قۆناغێک لە ئەنجامدا تیۆری (واتاسازی لێکدەرەوەیی Interpretive semantic )، سەریهەڵدا وسەرەتا چۆمسکی لایەنگری ئەم تیۆرەی دەکرد.

سەرەتای ئەم تیۆرە وەک بەرپەچدانەوەی بیروبۆچونەکانی(چۆمسکی) دادەنران و هەوڵیاندەدا کەموکوڕی و نەنگییەکانی تیۆری(ستاندارد) دیارییبکەن و چارەسەریشی بۆ بدۆزنەوە. لە کاتێکدا لە زۆربەی بنەما و خاڵەکاندا ئەم دوو تیۆرە زۆر لە یەکەوە نزیکن. بەم هۆیەوە چەندین تیۆری جیاواز بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی واتا هاتەکایەوە، کە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی و ڕێباز و بنەمای تایبەت بە خۆیانن، لە ڕوی گرنگیدان بە واتاش جیاوازییان هەیە، بەڵام لە بنەما گشتییەکاندا هاوبەشی و ناوکۆییان لە نێواندا بەدیدەکرێت.

پەیوەست بە شیکردنەوەو و لێکدانەوەی پێوەندی هێما زمانییەکان و واتا، یان دەربڕاوەکان و واتا، کە بونێکی بەرجەستەی لە دەرەوەی زماندا هەیە، لەم نێوەندەدا چەندین تیۆر لە مێژوی زمانەوانیدا خراونەتەڕوو. لێرەدا ئاماژە بەو تیۆرانە دەدرێت، کە پەیوەستە بە باسەکەمانەوە لە لێکدانەوەی واتای هێما زمانیی و نازمانییەکاندا، چونکە زیاتر سنوری کارکردنمان لە چێوەی تیۆری واتاسازیی لێکدەرەوەییدا دەبێت، تیۆرەکان بریتین لە:

١-تیۆری سێگۆشەی واتایی.

٢- تیۆری کێڵگەی واتایی.

٣-تیۆری واتاسازی بەرهەمهێنان.

٤- تیۆری واتاسازی لێکدەرەوەیی.

## ٢-١/٢ : تیۆری واتاسازیی لێکدەرەوەیی:

ئەم تیۆرە لە پێناو چەند ئەرکێکدا پەیدابوو، کە بیریتین لە:

١-ئاماژەکردن و جیاکردنەوەی پێوەندی واتای لۆژیکی ناو فەرهەنگ و ناو ڕستەکان، وەک پێوەندی هاوواتایی و دژواتایی و .....هتد، ئەوەی ڕەتکردەوە، کە واتای فەرهەنگیی وشە دەتوانێت بەبێ لێڵی و تەمومژی، واتایی ڕستە دیاریبکات، چونکە لێڵی لە زماندا ئەوەیە، کە وشەیەک، یان دەربڕاوێک لە واتایەک زیاتر بگەیەنێت. (عومەر ئەمین، ٢٠٠٤:٢٩٣).

٢-نەهێشتنی لێڵی و تەمومژیی واتایی، ئەرکی سەرەکی واتاسازییە، بەهۆی زیادکردنی هەندێک کەرەستە لە ڕستەدا.

٣- شیکردنەوەی واتای ڕێزمانی ڕستە( grammatical meaning ).(ئیبراهیم،٢٠١٤ :٣٧).

٤- پێویستە گرنگی بە خوێندنەوە جیاوازەکانی ڕستە بدرێت، بە مەبەستی ڕەواندنەوەی لێڵی ڕستەکان و گەیشتن بە واتای ڕاستەقینەی دەربڕاوەکان. وەک نمونەی (١) لێڵە و دوو خوێندنەوەی جیاوازی هەیە و بێگومان سێ واتای جیاوازیش دەگەیەنێت:

١- چایەکی ڕەشی ترم بۆ تێکە.

آ- چایەکی ڕەشی تر (چایەک بێجگە لە چایەکەی پێشوو).

ب- چایەکی ڕەشتر (چایەک ڕەش تر لە چایەکەی پێشوو).

ج- ئاماژەیە بۆ ئەوەی چاپەکەی پێشو ڕەش بووە.

ئەم تیۆرە هەوڵدەدات، لە ڕێگەی ڕستەسازییەوە بگاتە هەڵگواستن و لێکدانەوەی واتا، واتە دروستەی ڕستەسازی دەبێتە بنەما و چەقی تیۆرەکە.

تیۆرەکە، لەسەر بنەمای شیکردنەوەی واتای دەربڕاو و وشەکان بۆ نیشانە واتاییەکان کاردەکات، واتە لە نیشانەی واتای گشتییەوە بۆ نیشانە واتاییە تایبەتیەکان بە شێوەی هێڵ دەخاتەڕوو، لە نیشانەی ڕێزمانییەوە(grammatical marker) دەچوو بۆ نیشانەی واتایی(semantic marker ). (ئیبراهیم ٢٠١٤:٣٨).

ئەمەش دەبێتە یەکلاکەرەوەی واتای دەربراوەکە، وەک لە نمونەکاندا خراوەتەڕوو:


وشەی (کار) ئەم واتا فەرهەنگییانەی هەیە:

١-وەک(ناو) ← بێچووی بزن.

٢-وەک(کردار) ← بە واتای کردنی کارێک یان هەبوونی ئیشێک.

٣-وەک(پاشگر) ← بە واتای کاری هاوبەش بچێتە سەر وشەیەک.

وەک لە هێڵکاری ژمارە(١)دا خراوەتەڕوو:




وشەی(چاو) ئەم واتا فەرهەنگییانەی هەیە

١- ناو ← ئەندامی لەش.

٢-ئاوەڵناو ← دروستکردنی وشەی نوێ بە واتای نوێ، (چاوکاڵ).

٣-ناوی واتایی ← بە چاوەوە بووە.

٤-ئاوەڵناو ← چاوزەق.




هێڵکاری ژمارە (٢) واتای وشە

لە ڕوانگەی ئەو هێڵکارییانەوە بۆ نیشانە واتاییەکان، هەموو واتای دەربڕاوە زمانییەکان لە ڕێگەی نیشانە واتاییەکانەوە پەسەند دەکرێت. (عومەر، ١٩٩٨:١١٦).

نیشانە واتاییەکان بە سێ جۆر دیاریدەکرێت:

١-نیشانکاری ڕێزمانی(ڕستەسازی).

بەشەکانی ئاخاوتن(ناو، کردار، ئاوەڵناو...هتد).

٢- نیشانکاری واتایی:

وشەکانی نێوان کەوانە شێوە تیرەکان لە فەرهەنگدا ئاماژەی پێکراوە، چونکە ئەم نیشانەیە هاوبەشە لە نێوان لێکسیمەکانی ناو کێڵگە واتاییەکان. بۆ نمونە:

< پیاو> < ژن>

٣-نیشانە جیاکەرەوەکان:

ئەو وشانەن، کە دەکەونە نێوان کەوانە گەورەکانی کۆتایی هێڵکارییەکە، کە تایبەتن بە واتای دیاریکراوی وشە و دەربڕاوەکان، کەمتر لە فەرهەنگدا دیاریدەکرێن، تەنها لە حاڵەتی هاوواتاییدا نەبێت. لەم ڕێگەیەوە تیۆرەکە هەوڵدەدات تەمومژی ڕستە لە ڕێگەی خستنەڕوی ئەو نیشانەو سیما واتاییانەوە نەهێڵدرێت و واتای وشەکە ڕونبکاتەوە. (دزەیی،٢٠٠٩:٤٩).

بیرۆکەی بنەڕەتی تیۆرەکە ڕستەسازی بە بنەما و بنچینەی ئەو هێزە دادەنێت، کە ڕێزمان بەرهەمیدەهێنێت. بەم هۆکارەوە یاسا واتاسازییەکان نواندنی واتایی و یاسا دەنگسازییەکان نواندنی دەنگی بەرهەمدێت و لە ڕێگەیەوە واتا دەست دەخرێت.

## ٣-١/٢ : بنەماکانی تیۆری واتاسازیی لێکدەرەوەیی:

کاتێک هەر تیۆرێک دەخرێتەڕوو خاوەنی چەند بنەمایەکە، بۆ ئەوەی بۆچون و ڕای دامەزرێنەرانی تیۆرەکە ئاشکرا بکرێت و کاری لەسەر بکرێت. لەو ڕوانگەیەوە بنەما و پرەنسیپەکانی تیۆری واتاسازیی لێکدەرەوەیی بە شێوەیەکی گشتی بریتین لەمانەی خوارەوە:

١-فەرهەنگ (Lexicon ):

فەرهەنگ ژمارەیەکی زۆر لە وشەو واتاکانیان دەگرێتەوە و بەهۆی پێوەندییەکی ئاڵۆزی واتاییەوە بەیەکەوە گرێدراون و بەپێی یاسا و پێڕەوێک لەفەرهەنگی ئاوەزیدا تۆمارکراون. کە لێکسیمەکان و مۆرفیمەکان و ژمارەیەک لە فۆڕمە بەلێکسیمبوەکانیش دەگرێتەوە و بە لێما(Lemma ) ناو دەبرێن و هەموو واتاکانیان تۆمارکراوەو دەروازەیەکی فرە زانیارییان هەیە.

فەرهەنگ چۆنێتی دەربڕینی لێماکان ناگرێتەوە، بەڵام نیشانە واتاییەکانیان بۆ دیاریکراوە و هەموو ئاخێوەران بەشێکی زۆری زانیارییەکانی فەرهەنگی زمانەکەیان لەلا جێگیربووە. واتای ڕستەو دەربڕاوەکان لە ئەنجامی پێکەوە هاتنی واتای فەرهەنگیی و ڕێزمانییەوە دەبێت، هەر بۆیە لە نمونەکانی ژمارە(٢ ،٣)دا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ڕستەکان هەمان کەرەستەیان تێدا بەکارهاتووە، بەڵام بە واتای جیاواز ئەمەش بەهۆی جێگۆڕکێی کەرەستەکان، واتای جیاواز بەهەمانشێوە ئەرکی ڕێزمانی جیاواز دەبینن. بەمشێوەیە لێماکان لە فەرهەنگدا خاوەنی

سێ جۆر زانیارین، کە بریتیین لە نیشانکارە( ڕێزمانییەکان، سیمانتیکییەکان، جیاکەرەوەکان).
٢-نالی مەحوی بینی

٣-مەحوی نالی بینی.

٢-دروستەی قوڵ (Deep Structured -s):

ڕستە لە ڕوی پێکهاتەوە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا خاوەنی دوو ئاستە، ئەوانیش ئاستی قوڵ و ئاستی ڕوکەش، کە هەر ئاستەیان خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکن، کە دەبێتە خاڵی جیاوازی نێوانیان، بۆ نمونە ئاستی قوڵ بریتییە لە پێوەندییە ناوەکییەکان لە نێوان دانە/ کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەدا. (دزەیی،٢٠٠٩: ٥٠).

ئەم ئاستە ئەبستراکتە و لە ئاوەزدا بەشێوەیەکی نابەرجەستە هەڵگیراوە، کاتێک کۆنکرێت دەکرێت لە ڕێگەی شریتە دەنگییەکانەوە دەردەبڕدرێت، سەرەتا بۆ لێکدانەوەی واتای دەربڕاوەکان پەنا بۆ ئەم ئاستە دەبرا، واتە بۆ لێکدانەوەی واتا پێویست بوو لەگەڵ ئەم ئاستەدا لە پێوەندیدا بێت، کاتێک ڕستە و دەربڕاوەکان واتاکەیان لێکدەدرێتەوە لە ڕێگەی پێکهاتەی واتاسازییەوە، پێویستە بە پێی یاساکانی گوێزانەوە ئاراستەی ئاستی ڕوکەش بکرێت بۆ پێوەندیکردن لە نێوان ئاخێوەرانی زمانەکەدا ئامادەبکرێت.

کەواتە فەرهەنگیی ئاوەزی بنەمای ڕستەسازیی و ئاستی ڕوکەشی لێبەرهەمدەهێنرێت، کە زانیاری دەنگسازیی و وشەسازیی و ڕستەسازیی تێدا هەڵگیراوە و دەبێتە خاڵی جیاکەرەوەی ڕستە لە ڕوی واتاوە، بۆ نمونە ئەگەر هاتوو دوو ڕستەی جیاواز لە ڕوکەشدا هەمان دروستەی قوڵیان هەبوو، ئەوا ئەو دوو ڕستەیە بە هاوواتا دادەنرێت، بۆ نمونە:

٤- ئەو کتێبە بخوێنەرەوە.

٥- ئەرێ ئەو کتێبە ناخوێنیتەوە.

کەواتە ئاستی قوڵ، دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی پێوەندییە واتاییەکان (هاوواتا، فرەواتا......هتد)، بەڵام ئەگەر دوو ڕستە دروستەی قوڵیان لەڕوی واتاوە جیاواز بوو، بەڵام هەمان دروستەی ڕوکەشیان هەبێت بە هاوواتا هەژمار ناکرێن، بەڵکو ڕستەیەکی فرە واتایە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕستەکان لەڕوی واتاوە لێڵ بن، بۆ نمونە:

٦- پێم جوانە. (قاچم جوانە).

٧- پێم جوانە. (شتێکم بە لاوە جوان بێت).

٣-دروستەی ڕوکەش (Surface Structure) :

ئەم ئاستە بریتییە لە بەرھەمە دەرکردەکان(Out put )یان کەرەسەو بەرھەمی یاسا گشتییەکەیە. (مەحویی،٢٠٠١؛٢٦). واتە ئەم ئاستە کەرەستەکانی تێدا دەردەکەوێت دوای جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوە، زیاتر پێوەندی بەشێوەی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ناو ڕستەوە ھەیە. بەپێی یاسا فۆنەتیکییەکانی زمانەکە و بەدوایەکدا ھاتنی (فۆنۆتاکتیک)ی فۆنێمەکان لە بڕگەدا. لە سەرەتادا بۆ لێکدانەوەی واتا بەپێی تیۆری واتاسازیی لێکدەرەوەیی پەنایان بۆ ئاستی ڕوکەش دەبرد، بەڵام واتایان پێلێکنەدەدایەوە، پاش پێداچونەوە بە تیۆرەکەدا ئەم ئاستە بووە بنەمایەکی سەرەکی و خاڵێکی گرنگ، بۆ لێکدانەوەی واتای دەربڕاوەکان. لە لایەکی ترەوە ئەم تیۆرە بۆ لێکدانەوەی واتای ھەندێک لە ڕستەکان پێوەندی بە ھەردوو ئاستی(قوڵ و ڕوکەش)ەوە ھەیە، بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا بەھۆی یاساکانی گواستنەوەوە (گۆڕینی شوێنی کەرەستەکان) دەتوانرێت واتای جیاوازی لێھەڵبھێنجرێت. بۆ نمونە لەڕێی ئاوەڵکردارەکانەوە گۆڕان لە واتای ڕستەکەدا ڕودەدات:

٨-تەنھا ئەو لێرە ئامادەبوو. (تەنھا ئەو کەسیتر نا).

٩-ئەو تەنھا لێرە ئامادەبوو. (تەنھا لێرە لە شوێنێکیتر نا).

١٠-ئەو لێرە تەنھا ئامادەبوو. (تەنھا ئەمادەبوو، کارێکی تری نەکرد).

لێرەدا بە گۆڕینی شوێنی(تەنھا)لە ڕستەکاندا واتای ڕستەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

٤-یاساکانی پڕۆژە سازدان (Projection rules ):


ئەم یاسایانە کاتێک بەرجەستە دەبێت، کە زانیاری سیمانتیکی دەچێتە ناو دروستەی قوڵی ڕستەوە، کاتێک دانەیەکی فەرھەنگی ھەستکرا فرە واتایە و زیاتر لە خوێندنەوەیەکی واتایی بۆ دەکرێت. بە واتایەکی تر بریتییە لە چۆنییەتی پێکەوە ھاتنی واتایی کەرەستەکان، کە بەھۆی کۆتوبەندی ھەڵاوێرکردنەوە جێبەجێدەکرێت. (دزەیی،٢٠٠٩:٥٥).

ئەم یاسای ھەڵاوێرکردنە، زیاتر لە سنوری ڕستەدا یاساکانی پێکەوەھاتن/ لێکدان( Rules amalgamation) لێکدانەوەی تەواوی واتای ڕستەکان دەستەبەر دەکات، واتە پێوەندی نێوان ھێماو و ھێمابۆکراوەکانی ناو ڕستەکە بەرھەمدێت. لە لایەکی ترەوە واتای ڕستە بریتییە لە کۆی واتای یەکە پێکھێنەرە زمانییەکان، کە ڕستەکەیان پێکھێناوە. (جەعفە،٢٠٠٠:٦٢). پرۆسەی لێکدان بۆ ئەوەی بەپێی یاساکانی کۆتوبەندی ھەڵاوێرکردن جێبەجێبکرێت، پێویستە پابەندی دوو مەرجی سەرەکی بێت:


آ–کۆتوبەندی سینتاکسی/ ڕێزمانی (Structural/synthetic restriction):

ڕاستی و دروستی پێوەندییە ڕێزمانییەکان، دەبێتە هۆی پرۆسەی پێکەوەهاتن و لێکدان، کاتێک هێما بۆدانراوەکان پێڕەوی دروستەی سینتاکسی دەکەن، کە لەدرەختی هێڵکاری سینتاکسیدا ئاماژەی پێدەکرێت، بە پێی دەربڕاوە سەرەکییەکانی ڕستەکە سەرپەرشتی دەربڕاوەکانی خوارەوە دەکەن، تا دەگەنە لێکدانەوەی تەواوی ڕستەکان، بۆ نمونە:

-١١ ئازاد هات.




-١٢ من نامەکەم نوسی.




بەپێی نمونەکانی(١١–١٢)واتای ڕستە لەڕێی گرێکانییەوە(node)، دەگەینە واتای تەواوی دانە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە.

ب–کۆتوبەندی سیمانتیکی(Semantic condition ) :ئەم کۆتوبەندە مەرجی ئەوە دەسەپێنێت ،کە دانە پێکەوە هاتوەکانی ڕستەکە لە ڕوی واتاوە لەگەڵ یەکتریدا گونجاو بن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تەنها ئەو کەرەستانە هەڵدەبژێرێت، کە بەپێی یاساکانی پڕۆژە سازدان گونجاوبن.

بە واتایەکی تر ئەو هێما بۆ دانراوانەی لە فەرهەنگدا، کە دروست و شیاو بن هەڵدەبژێردرێت، چونکە واتای فەرهەنگیی دەربڕاوەکان لەم ئاستەدا دەبێتە سەنگی مەحەک، بۆ ئەوەی بگەینە باشترین و گونجاوترین خوێندنەوە لە ناو دەربڕاوە جیاوازەکاندا. بۆ زیاتر دەستەبەرکردنی ئەم مەرجە نمونەکانی (١٣ و ١٤ و١٥) دەخەینەڕوو، کە ڕستە گونجاوەکە هەڵبژێردراوەو

نیشانەی (√) بۆ دیاریکراوە، ئەوانەی ناوێزەن و واتا نابەخشن هیچ خوێندنەوەیەکیان بۆ ناکرێت.

١٣-دەفتەرێکم کڕی.
- دەفتەری خوێندکار ( √ )
- دەفتەرە دۆلار
- دەفتەری نەخۆش
- دەفتەری تۆمار

١٤- لە دەفتەرەکەم خەرجکرد.
- دەفتەری خوێندکار
- دەفتەرە دۆلار ( √ )
- دەفتەری نەخۆش
- دەفتەری تۆمار

١٥- پزیشکەکە دەفتەرەکەی دروستکرد.
_ دەفتەری خوێندکار
– دەفتەرە دۆلار
- دەفتەری نەخۆش (√)
- دەفتەری تۆمار

بەڵام لە ڕستەی ژمارە(١٦)دا هەموو واتاکان گونجاون بۆ هەڵبژاردن، لە کاتێکی وەهادا پشت بە( کۆتوبەندی هەڵبژاردن)دەبەسترێت:

١٦-دەفتەرێکم دۆزییەوە.
- دەفتەری خوێندکار(√
- دەفتەری دۆلار(√)
- دەفتەری نەخۆش(√)
- دەفتەری تۆمار(√)

لە نمونەکانی ژمارە(١٣و ١٤ و ١٥) دا، بە مەبەستی ڕەوینەوەی لێڵی واتایی و دیاریکردنی مەبەستی قسەکەر، پێویستە تاکە خوێندنەوەی گونجاو دەستنیشان بکرێت، بەڵام لە نمونەی ژمارە(١٦)دا ناتوانرێت یەک خوێندنەوەی گونجاو هەڵببژێردرێت، چونکە ڕستەکە فرەواتایە و چەند واتایەک لەخۆی دەگرێت، بەڵام لە نمونەکانی تردا واتای ڕستەکان دیاریکراوە.


لێکدانەوەی جیاواز هەڵناگرێت. لێرەدا پێویستە پەنا ببرێتە بەر پاساوی ڕونکردنەوەی (دەوروبەر) بە مەبەستی لێکدانەوەی واتای ڕستەکان و ڕەواندنەوەی تەمومژی واتایی.

٥- کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن-هەڵبژاردن(Selection restrictions ):

ئەم بنەمایە گفتوگۆی زۆری لەبارەوە کراوە، بەشێوەیەکی گشتی و تایبەتی ئاماژەیان بە سروشتی ئەو کۆتوبەندانە کردووە، کە کاریگەرییان لەسەر واتای کەرەستەکان دروستکردوە. ڕابەرانی واتاسازیی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی؛ پێیانوایە ئەم کۆتوبەندانە خاوەنی بنەما و سروشتێکی سینتاکسین، بەڵام لای ڕابەرانی واتاسازی بەرهەمهێنان سروشتی سیمانتیکییان هەیە، بە واتایەکی تر سیمانتیکی لێکدەرەوەیی بنەمای سینتاکسیی دەکەنە چەقی لێکدانەوەی واتا، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەم کۆتوبەندانە سەر بە پرۆسەی پێکەوەهاتن و گونجانن. لە لایەکی ترەوە تێبینی ئەوە دەکرێت ئەم تیۆرە(واتاسازیی لێکدەرەوەیی) خۆی بەدور دەگرێت لە بەرهەمهێنانی ڕستەی ئاوازداری(tuneful)و ڕستەی بێلێکدانەوە (Zero-interpretation) (جعفة،٢٠٠٠:٦٤).

لێرەدا، مەرجی پێکەوە هاتن و گونجان لە پرۆسەی کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن جێبەجێدەکرێت بە جۆرێک، کە تێیدا کەرەستەی بەدەسەڵات و کەرەستەی لاواز هەڵدەبژێرێت؛ بەپێی نیشانە واتاییەکانیان، کە گونجاون لەگەڵیدا. ( دزەیی،٢٠٠٩:٦٠). بۆ نمونە:

١٧-کوڕەکە نانێکی خوارد.



کەرەستەکان لە فەرهەنگدا هەڵگری زانیارین بەم شێوەیەی خوارەوە :

| خوارد | نان | کوڕ |
|---|---|---|
| +کردار | +ناو | +ناو |
| + تێپەڕ | +نەناسراو | +ناسراو |
| +ڕابردوو | +تاک | +تاک |
| +بەرکار | + – شلەمەنی | +مرۆڤ |
| +بکەر(زیندوو) | + خواردن | +نێر |
| ............. | –خواردنەوە | +ئەندامی خێزان |
| ................ | ............... | + – هەراش |
| ............. هتد | ............ | ............ |

بەم هەنگاوانەو زانیارییە فەرهەنگییەکان ؛ دەتوانرێت لێکدانەوەی واتاسازیی بۆ ڕستەکە بکرێت وەک لە خوارەوە ڕونکراوەتەوە :

١–(ف.ن) لە (ڕ)دا ← ناو+ناسراو ← کوڕەکە

< +ناو، +ناسراو، +مرۆڤ، +زیندوو، +نێر.....هتد >

٢–(ف.ن) لە (ف.ک)دا ← ناو+ نەناسراوی ← نانێک

< +ناو، +تاک، –ناسراو، +خواردن.....هتد>


٣–(ف.ک) لە (ڕ)دا ← (ف.ن)+ ک ← نانێکی خوارد

<+کردار، +ڕابردوو، +تێپەڕ، +بەرکار.....هتد>

٤–لێکدانەوەی واتای (ڕ) ← [ لێکدانەوەی(ف.ن) لە (ڕ)دا+ لێکدانەوەی(ف.ک) لە (ڕ)دا ]

ئەم جۆرە ڕستانە لەڕوی واتاوە بێ تەمومژ و لێڵییە، واتە یەک خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، لەبەر ئەوەی کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنی تێرکردوە، چونکە کەرەستەی فرە خوێندنەوەو فرە واتایی تێدا نییە، لەلایەکی ترەوە ڕستەکە دوو کەرەستە یان زیاتری تێدا نییە، هەمان خوێندنەوەیان هەبێت، هەر بۆیە بە ڕستەیەکی ڕون و بێ تەمومژ هەژماردەکرێت.

هێڵکاری ژمارە(٣) بنەماکانی تیۆری واتاسازیی لێکدەرەوەیی




## ٤-١/٢ زانستی هێمالۆژی و زانستی زمان:

هەروەک ئاشکرایە ئاستەکانی زمان بەتایبەت زانستی زمانی تیۆری بەشێکە لە هێمای زمانیی، بە واتایەکیتر هێما زمانییەکان ئاستەکانی(ڕستەسازیی و وشەسازیی و دەنگسازیی)دەگرێتەوە. بۆیە کاتێک باس لە هێمای زمانیی لە ئاستێکی زماندا دەکرێت، ئاستەکانی دیکەش ئامادەییان دەبێت و ڕۆڵ و گرنگی خۆی لەبەرجەستەکردنی واتادا دەخاتەڕوو.

زانستی زمان: ئەو زانستەیە، کە لێکۆڵینەوە لە زمان لە ڕوی پێڕەوی هێمایی و پێڕەوی بیریی زمان دەکات، بە واتایەکی تر بریتییە لە شیکردنەوەو ڕاڤەکردن و پشکنینی فۆڕمی زمانیی و واتایی ئاوەزی و کۆمەڵایەتی و کلتوری...هتد، زانستی زمان ڕەگ و ڕیشەی لە هەموو زانستەکانی تردا داکوتاوە. (شیلان عومەر، وانەی خوێندنی باڵا، ماستەر، پراگماتیک، ٢٠٢٠-٢٠٢١). زانستی هێما (semolojy)زانستێکی فراوانەو سەربەخۆیەو لە زۆربەی زانستەکانی دیکەدا بە زانستی زمانیشەوە ئامادەیی هەیە؛ زانایانی لۆژیک پێشتر باسیان لە هێما کردووە بە (semiotic) ناویان بردوە، دوای ئەمانیش (سۆسێر) ئاماژەی بە هێما کردوە لە دوانەکانیدا؛ یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی قوتابخانەکەی بریتییە لە هێما و هێمابۆکراو (دال و مەدلول). (سۆسێر) دەیویست زانستییانە لە(یاسای هێماکان) بکۆڵێتەوە بۆیە دەڵێت((سیمۆلۆژی (semiologle) زانستێکە لە ژیانی هێماکان دەکۆڵێتەوە لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا)). (شعیری،١٣٨١:١١).

(سۆسێر) پێیوایە ((زانستی نیشانە لە باریدایە ببێتە پایەیەک بۆ زمانەوانی، چونکە نیشانەکان کۆدێکن پێوەندی نێوان زمانەوانی و لایەنی کۆمەڵایەتی ژیان ڕێکدەخات)). پێویستە هەر وشەو ڕستەیەک یەک نیشانەی هەبێت، واتە شتێکە لە بری شتێکی تر بەکاردێت، کە خۆی نییە، بۆ نمونە وشەی (پشیلە) نیشانەیەکە، کە لە ناوەخنیدا دەتوانرێت نیشانەی واتایی بۆ دیاریبکرێت، کە هیچ پێوەندییەک لە نێوان دەنگەکان و خودی واتاکەدا نییە، کە خۆی واتای گیانلەبەرێک دەبەخشێت. لە پێشدا سیمۆلۆژی لەبری واتا بەکاردەهات، (سۆسێر) پێیوایە سیمۆلۆژی کار لەسەر جۆر و کاریگەری هێماکان لەکایەی کۆمەڵایەتیدا دەکات، بە مەبەستی گۆڕینی واتای هێماکان. ئەم کارەش لەژێر کاریگەری ژیربێژەکاندا ئاراستەی خۆی وەرگرت و خۆی بە لێکدانەوەی هێمای (زمانیی و نازمانیی و دەمی و نادەمی) یەوە خەریککردووە. (مەحویی،٢٠٠٩: ٥٣٠).

بۆ ڕونکردنەوەی ئەو دەستەواژانەی سەرەوە پێویستە بزانرێت زمان چییە؟

زمان: پێڕەوێکی هێماییەو دوو دیوی هەیە دیوێک دەنگ و دیوێک واتا(ناوەڕۆک)

ئەو هەوڵەی دەربارەی هێما و هێمای زمانیی و نازمانیی دراوە سەرەتایی بووە، (سۆسێر) توانی برەو بەو بیروڕایە بدات و ئاماژەیەکی ڕونی بە هێما کردوە، تا ئەو ئاستەی بۆتە کەرەستەی لێکۆڵینەوە لە زمانەوانی نوێدا و لە دوای(سۆسێر)ەوە وەکو زانستێکی سەربەخۆ ئاماژەی پێکراوە.


**هێمای زمانیی سێ بنەمای هەیە:**

١-بەڵگە.

٢-بیر.

٣-بابەت/سروشتی یان نابەرجەستە.

هەروەها زانا عەرەبەکان پێیانوایە، کە هێما بریتییە لە ڕیزێک دەنگ و ئاماژە بە وێنەیەک لە دەرەوەی زمان دەکات، ئەم پرۆسەیە بۆ فەرهەنگیی ئاوەزی و مێشک دەگەڕێتەوە.(ڕەشید....:١٣٥). وێنەی دەنگی و وێنەی هەستی لای گوێگر و خوێنەر بەرجەستە دەبێت، دەشێت بیر و دەنگ پێوەندییان بە یەکەوە نەبێت، بە بەڵگەی ئەوەی، کە زمان هێما و دەنگەکانی پێوەندی بە ڕاستییەوە هەیە، لەم ڕێگەیەوە پێوەندی کۆمەڵایەتییان دیاریکراوە، لە زانستی هێمالۆژیدا گرنگی دەدرێت بە سێگۆشەی واتا، وەک(بێرن) ئاماژەی پێکردوە وبریتین لە:




هێڵکاری ژمارە(٤)،سێگۆشەی واتا

سەرەتا پێوستە پێناسەیەکی زانستی هێمالۆژی(semolojy)بکەین:

ئەو زانستەیە، کە لە هێما دەکۆڵێتەوە بە تایبەتی ئەو نیشانانەی کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتون، وەک( ▬ ، ✖ ، هێماکانی هاتوچۆ و نەخۆشخانە...هتد).

پێوەندی نێوان(هێما–هێمابۆکراو) ناڕاستەوخۆیەو، واتە لە خۆوەیە، مەبەست لێی ئەوەیە، کە دەتوانرێت ناو وەکو هێما بۆ کەرەستەکانی زمان دابنرێت بە پێی ڕێککەوتنی کۆمەڵ بۆ نمونە، هێمای(دیوار)هیچ پێوەندییەکی بە(دیوار)ەوە لە دەرەوەی زماندا نییە، بەڵکو دەتوانرا هێمای زمانیی تری بۆ دابنرێت. پێوەندی نێوان(هێما–بیر)هۆکارییە، واتە بییر سەرچاوەو هۆکاری دروستبوونی هێمایە.(ڕەشید....:١٣٩).

(آبن سینا)دەڵێت((تێگەیشتن لە هێما واتای ئەوەیە، کە وێنەی لە ئاوەزدا دەکێشرێت، دواتر کەسەکە دەریدەبڕێت، هەر کاتێک وێنەکە، یان دەربڕاوەکە کاریگەری دروستکرد واتایەکی بۆ دادەنرێت)). هەندێک لە زانایان ڕایانوایە وێنەی ئاوەزیی دەبێت بەرجەستە بێت، بۆ شتی نابەرجەستە بوونی نییە، زانستی زمان و زانستی هێما خاوەنی یاسا و پێڕەوی تایبەت بە خۆیانن و پێوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەیە، کە تاڕادەیەک پێوەندییەکی هەمبەرییە. لەبەر ئەوەی زانستی زمان دیوێکی بریتییە لە هێما و دیوەکەی تری بریتییە لە واتا، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی فۆڕم(هێما)، واتە هێما کاتێک بوونی دەبێت، کە هەڵگری واتا بێت و تێگەشتن بێنێتە ئاراوە. دەتوانین بڵێین زانستی زمان لێکۆڵینەوە لە هێمای زمانیی دەکات، بەڵام زانستی هێما لێکۆڵینەوە لە هێمای زمانیی و نازمانیی دەکات، کەواتە سنوری کارکردنی زانستی هێما فراوانترە.بەڵام زانستی زمان گرنگی و ڕۆڵی تایبەت بە زانستی هێما دەبەخشێت، چونکە زۆربەی دەربڕینەکانی زمان لە ڕێگەی هێمای زمانیی و نازمانییەوە دەبێت. ڕیچاردز

دەڵێت((هێما بریتییە لە هاوواتایی وشەو ناوەکان، وەک لە سێگۆشە بەناوبانگەکەیدا ئاماژەی پێکردوە(ناو، هێما، وشە)پێوەندی نێوانیان پێوەندییەکی هۆکارییە)). (کعوان، --  ،١٤٠).

هێما گوزارشتە لە شتێکی دیاریکراو بە مەبەستی ناسینەوەو جیاکردنەوەی، لە هێماکان و شتەکانی دەوروبەری، وەک جلوبەرگی ئاگرکوژێنەوە، کە هێمایە بە کۆمەڵە کەسانێکی دیاریکراوە و لە فەرمانگەیەکی تایبەتدا ئەرکی ڕۆژانەیان جێبەجێدەکەن. لەو ڕونکردنەوانەی سەرەوەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە هەموو هەوڵێکی زانستی هێما بۆ دەربڕین و بەرجەستەکردنی زمانە، ئەوەی ئاشکرایە دوای(دی سۆسێر) زانستی زمان وەکو زانستێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکراو دابڕا لە زانستەکانی لۆژیک و فەلسەفەو....هتد. کەواتە (زانستی زمان) زانستێکی سەربەخۆیە، بەڵام بەشداری و ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە هەموو زانستەکانی دیکەدا بە زانستە پەتییەکانیشەوە، ئەم لێکدانەوەیە ئەوە ناگەیەنێت زانستەکانی دیکە بەشێکن لە زانستی زمان، بەڵام لە ڕێگەی زمانەوە بەرجەستە دەکرێن و شیکردنەوەکانیان دەخەنەڕوو. زانایانی پێش (سۆسێر) بۆ لێکدانەوەی زانستەکانی خۆیان پەنایان بۆ زمان بردوە، نەک هێما هەربۆیە دەتوانرێت سیمالۆژی بەوە پێناسە بکرێ ((ئەو زانستەیە، کە لە هەموو جۆرەکانی هێما دەکۆڵێتەوە، لەوانەش هێماکانی زمان، کەواتە هێماسازی بە گشتی بریتییە لە زانستی تێگەیشتنی واتای هێماکان، زمانیش بەشێکی ئەم زانستە دەگرێتە خۆی)). (علی،٢٠٠١:٩). هێما بە زمانیی و نازمانییەوە بۆ ڕونکردنەوەی پێوەندی نێوان(فۆڕم و واتا)کاردەکات، مەبەست لە پێوەندییەکە؛ پێوەندییەکی ڕێکوپێکەو لەسەر یاسا ڕۆشتوە یان ناڕاستەوخۆ و ڕێکنەخراوە، بۆ نمونە ڕەنگەکانی هێمای هاتوچۆ ڕێکوپێکن و تێگەیشتن لێیان لای هەموو کەس وەکویەکە، بەڵام تێگەیشتن لە وێنەیەک، یان کاریکاتێرێک تاکە کەسییەو واتاکەی دەگۆڕێت بە پێی ئاستی شارەزایی و ئەزمونی کەسەکە، یان زمانی(شعر، قەسیدە، غەزەل...هتد)پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆو ناڕێکە. هێما ((پۆلی نادیاری گشت پەیپێبراوەکانە لەگەڵ هەموو ئەوانەی بۆ پەیپێبردن لە بارن دەتوانرێت پەیانپێببرێ)). (مەحویی،٢٠٠٩:٣٦). کەواتە هێما بۆ شتێک دادەنرێت، کە بتوانرێت واتای لێبەرهەمبهێنرێت، بۆ نمونە سوربونەوەی دەموچاو نیشانەی شەرمکردنی کەسەکەیە. هێما ئەو نیشانەن، کە مرۆڤ بە شێوەیەکی ئارەزومەندانە بە مەبەستی ناسینەوەو جیاکردنەوەی کەلوپەل و شتەکانی دەوروبەری بەکاریاندەهێنێت، یان ئەو نیشانانەن کۆمەڵ بە ویست و ئارەزووی خۆیان لەسەر هەر هێمایەک ڕێکدەکەون بۆ گەیاندنی واتایەک، بۆ نمونە ناونانی کەرەستەیەکی کشتوکاڵی لای کورد جیاوازە لە دانانی هێمایەک بۆ هەمان کەرەستە لە زمانێک و نەتەوەیەکی دیکەدا، وەک هێمای(خانوو) لە زمانی کوردیدا و( البیت)لە زمانی عەرەبیدا، لێرەدا بۆ کەرەستەیەکی


دەرەوەی زمان لە هەردوو زمانەکەدا هێمای زمانیی جیاوازی بۆ بەکاردەهێنرێت، بەڵام هەردوو نەتەوەکە هێماکە دەناسنەوە، کە ئەمەش دەکەوێتە سەر ڕێککەوتنی کۆمەڵ. کەواتە پێویستە هێما بونێکی فیزیکی هەبێت، واتە بەرجەستە بێت و واتادار بێت یان هەڵگری واتا بێت.(فەرهادی، ٢١١،٢١٤:٤٧٦).

هێما((هێما دانان بریتییە لەو کارەی، کە تێیدا مرۆڤ بە ئارەزوو خواست و ویستی خۆی دەتوانن لە ناو خۆیاندا شتێک دابنێن بە هێما بۆ شتێکیتر)). (فەتاح، ٣٥:١٩٩٠).

بۆ نمونە، دەتوانرێت هێما بکرێت بە هێما بۆ کەرەستەیەکی دیکە، واتە هێماکە دوو جار دور دەکەوێتەوە لە کەرەستەکە لە دەرەوەی زماندا، بۆ نمونە بوونی دوکەڵ دەبێتە هێما بۆ بوونی ئاگر، ئاگریش هێمایەکە بۆ سەرکەوتن. لە زۆربەی سەرچاوەکاندا دابەشکردنی هێما بە چەند شێوازێک ئەنجامدراوە هەریەکەیان لەسەر بنەمایەک دابەشیکردووە، بۆ نمونە هەندێ لە زمانەوانان لەسەر بنەمای پەیپێبردن و وێنەیی و ئاماژەیی جۆرەکانی هێمایان دەستنیشانکردوە، بەڵام لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی کار لەسەر دوو جۆرە سەرەکییەکەی هێما دەکەین ئەوانیش:

## ٢/٢ هێمای زمانیی و نازمانیی لە چوارچێوەی سیمانتیک و پراگماتیکدا :

**هێمای زمانیی:** بریتییە لە ڕۆنانێک، کە دوو دیوی هەیە، دیوێکیان بریتییە لە هێشویەک دەنگ، کە لە لایەن گوێگرەوە دەبیسترێت، دیوەکەی تریان بریتییە لە واتایەک(بیرێک)، کە بەرانبەر بە هێشوە دەنگە لە مێشکدا هەڵگیراوە.




هێڵکاری ژمارە(٤) هێمای زمانیی

بەپێی ئەم پێناسەیە بێت، پێویستە دەنگەکان هەڵگری واتا بن بۆ ئەوەی وەکو(فۆنێم)لە زمانەکەدا ئەژماربکرێن، چونکە هەموو دەنگێک نابێتە فۆنێم و وشەی نوێ بە واتای نوێ

دروستبکات، بەڵام هەموو فۆنیمێک دەبێتە دەنگ.  هەر بۆیە پێویستە ئەو دەنگە بیرێک بگەیەنێت بۆ نمونە:

/چم/ لە زمانی کوردیدا بوونی نییەو واتاش ناگەیەنێت.

/ب/، /پ/ ئەم دوو دەنگە دەبنە فۆنیم لە زمانی کوردیدا دەتوانن وشەی نوێ بە واتای نوێ سازبکەن وەک:   بار - پار

بەڵام /س/، /ص/ ئەم دوو دەنگە لە زمانی عەرەبیدا هەر یەکەیان بە فۆنیمێکی سەربەخۆ ئەژماردەکرێن، وەک لە وشەکانی:   صار- سیر

بەڵام لە زمانی کوردیدا بەیەک فۆنیم دادەنرێت، واتە ئەلۆفۆنی یەکترن، چونکە ناتوانێت وشەی نوێ بە واتای نوێ دروستبکات، وەک لە وشەکانی: سابون - صابون .

زمانەوانەکان لە باسکردنی هێمای زمانیدا باس لە دوو ڕوی هێما دەکەن، کە (فۆڕم/ ڕوخسار) بە ڕوی یەکەم ،(واتا/ چەمک/ ناوەڕۆک) بە ڕوی دووەم ناو دەبەن بۆ نمونە:

هێمای(دار)بە دیوی یەکەم و وێنەی دارەکە لە دەرەوەی زماندا بە دیوی دووەم دادەنرێت و کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتون. کاری زمانەوانەکان لێکۆڵینەوەیە لە پێوەندی نێوان (فۆڕم، واتا)ی هێما زمانییەکان، واتە زمانەوانی لەو دوو جۆرە هێمایە زیاتر گرنگی و بایەخ بە هێمای زمانیی دەدات. ئەمەش بەو واتایە نایەت، کە گرنگی بە(هێمای نازمانیی) نادەن، بەڵکو پێیانوایە(هێمای نازمانیی) زیاتر پێوەندی بەکۆمەڵەوە هەیەو کار لەسەر زمانی جەستەو وێنەو ئاماژەکان دەکات. هەرچەندە هەندێکجار لەگەڵ بەکارهێنانی هێمای زمانیدا هێمای نازمانیش بەکاردێت بۆ زیاتر جەختکردنەوە لەسەر دەربڕاو و ئەنجامدانی پرۆسەکە. ئەو زانستانەی لە فۆڕمی هێما زمانییەکان دەکۆڵنەوەو دەیخەنە بەر تیشکی توێژینەوە بریتین لە (دەنگسازیی، وشەسازیی، ڕستەسازیی)، دەنگسازیی لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی ڕیزبونی پیت و دەنگ و فۆنیمەکان دەکات، کە بە (فۆنۆتاکتیک) ناودەبرێت. بە واتایەکی تر پێڕەوێکی زمانە مامەڵە لەگەڵ پێڕەوی دەنگی و پێڕەوی هێمایی دەکات لە ناو زمانێکی دیاریکراودا، یان لە نێوان  زمانەکاندا بە گشتی بۆ دەرخستنی دەنگە زمانییە دژەکان و لەیەکچوەکان، بچوکترین یەکەی ئەم ئاستەی زمان بریتییە لە(فۆنیم). (وانەی خوێندنی باڵا، ماستەر، شیلان عومەر، پڕاگماتیک، ٢٠٢٠-٢٠٢١).

وشەسازی، لێکۆڵینەوەیە لە دروستەی ناوەوەی وشەکان، زیاتر گرنگی بە فۆڕم و دروستکردنی وشەی نوێ بە واتای نوێ دەدات، یان دروستکردنی حاڵەتی ڕێزمانی جیاواز.(مۆرفیم)بچوکترین یەکەی ئەم ئاستەیە. ڕستەسازیش بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە دروستەو

ئەرک، بە مەبەستی پێکهێنان و دروستکردنی دروستەی نوێ بۆ گەیشتن بە فرێز و ڕستەکان، ئەو زانستانەی کار و توێژینەوەکانیان لەسەر واتا دەکەن بریتین لە(واتاسازیی، پراگماتیک). واتاسازیی لێکۆڵینەوەو پشکنین لە واتای فەرهەنگی دەربڕاوەکان دەکات، کەواتە:

واتاسازیی= واتای دەربڕاوەکان(هێما زمانییەکان-واتای بەکارهێنان بە پێی دەوروبەر).

پراگماتیک لێکۆڵینەوەیە لە واتای مەبەست بە پێی بۆنەی گوتن و هاوبەشانی ئاخاوتن، کە بە شێوەیەکی پەنامەکی(بەخشکەیی دەربڕین)لە واتای فەرهەنگیدا ئەو واتاو مەبەستە بەرجەستە نابێت. واتە واتایی پراگماتیکی= واتای بەکارهێنانی هێمای زمانیی(دەربڕاوەکان)+واتای فەرهەنگی. هێما زمانییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێوەندییان لەگەڵ پێڕەوی بەیەکگەیشتن و ئاخاوتندا هەیە و مەبەستی بنچینەیی بریتییە لە زانیاری گواستنەوە، هێمای زمانیی بە شێوەیەکی بەرچاو لە نوسینەوەو لێکدانەوەی واتای دەربڕاوەکان لە فەرهەنگدا بەشداردەبێت. بە پێی ڕوانگەی (هێمالۆژی) زانستی زمان بەشێکە لە زانستی هێمالۆژی، بەڵام یەکێک نییە لە زانستە هێمالۆژییەکان.

زمانی مرۆڤ چڕترین و ئاڵۆزترین پێڕەوی هێمایی زمانییە و زۆرترین کار و لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە و زانستی زمانیش پێشکەوتوترین زانستی هێمایە. بۆ پێوەندیکردن لە زماندا کۆدەکان بەکاردەهێنرێت زمانیی بن یاخود نازمانیی، واتە هەر جوڵەیەک یان هەر دەنگێک هەڵگری واتا بێت و مەبەست و پەیامێک بگەیەنێت، بۆ پێوەندیکردن بەکاربێت بە کۆد دادەنرێت، کۆدەکان چەند جۆرێکن وەک کۆدی(کۆمەڵایەتییەکان، زمانییەکان، نازمانییەکان، دەقییەکان، زانستییەکان، هونەرییەکان....هتد)، بۆ نمونە کۆدی کۆمەڵایەتی بریتین لەو کۆدانەی کۆمەڵ بۆ پێوەندیکردن و لە یەکترگەیشتن و پەسەندکردن؛ هەڵیبژاردون. ژیانی کۆمەڵ بە بێ ئەم کۆدانە خاڵی دەبێتەوە لە پێوەندیکردن و گواستنەوەی زانیاری و کلتورو و دابونەریت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر، چونکە ئەم کۆدانە هەڵگری واتا و بەهای کۆمەڵایەتین لە کۆمەڵدا.

هێما زمانییەکان خاوەنی چەندین تایبەتمەندین، هەندێکیان بریتین لە:

١-پێوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراو لە خۆوەیە، واتە لە دەستوور بە دەرە و ئەم پێوەندیە زیاتر لە سێگۆشەی واتاییدا بەرجەستە دەکرێت و بریتین لە(بیر، هێما، هێمابۆکراو). لەم سێگۆشە واتاییەدا پێوەندی نێوان(بیر و هێما و هێمابۆکراو) پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، یان بە پێی ڕێککەوتنی کۆمەڵە بە تایبەتی لە وشە سادەکاندا، کە خاوەنی واتایەکی تاڕادەیەک لێڵن. پێوەندی نێوان( هێما و هێمابۆکراو) پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە، یان پێوەندییان لە نێواندا نییەو لە خۆوەیە وەک: (بەرد، گوڵ) لێرەدا پێوەندی نێوان هێماکەو تەنەکە لە دەرەوەی زماندا

نییە و دەتوانرا هێمایەکی دیکە بەرانبەر تەنەکە دابنرایە، بەڵام لە وشە ناسادەکاندا دەشێت پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەبێت وەک: (ماستاو) لەگەڵ شتەکە لە دەرەوەی زماندا پێوەندییەکی بەهێز و توند و تۆڵە، چونکە پێکهاتەی هێما زمانییەکە لە دو کەرەستەکە پێکهاتووە، پێوەندی نێوان بیر و شتەکان دەکرێت ڕاستەوخۆ بێت، بەڵام پێویستە ڕێککەوتنی کۆمەڵی لەسەر بێت بە تایبەتی بۆ شتە بینراوەکان وەک(شاخ، خانو). (مەحویی، ٢٠٠٨:٣٢). لەو پێوەندییانەی باسکران ناتوانرێت وردەکاری شت و کەرەستەکان بخرێتەڕوو، وەک ئەوەی باسی خانو بکرێت نازانرێت خانوەکە پێکهاتووە لە بەرد و قوڕ، یان سەربانەکەی گڵە یان کۆنکرێتە.

٢-سنور بۆ درێژی هێمای زمانیی دانانرێت، واتە ناتوانرێت خاڵی کۆتایی بۆ هێمای زمانیی دابنرێت، (مەحویی، ٢٠٠٨:٨٤).

وشە ← فرێز ← ڕستە ← دەق

بەڵام، دەتوانرێت هێمای زمانیی کورت بێت و لە یەک وشە پێکهاتبێت وەک(گوڵ)، لە هەمانکاتدا دەتوانرێت سنوری بۆ دانەنرێت، وەک:

١٨- منداڵەکە سێوەکەی خوارد.

(١)هێما

١٩- منداڵەکە، سێوەکەی، خوارد.

(١)هێما (١)هێما (١)هێما

پیت: هێمایە بۆ فۆنێم(دەنگ).

وشە: هێمایە بۆ کەرەستە(ئەبستراکت، مادی).

ڕستە: هێمایە بۆ بیر، کە لە مێشکی مرۆڤدایە.

٣- بچوکترین یەکەی هێمای زمانیی دەنگە و گەورەترین یەکەی ڕستەیە(دەق).

٤- هێما زمانییەکان، لە نێوان خۆیاندا پێڕەوی هێمایی دروستدەکەن، بە واتای ئەوەی واتای هەر یەکەیان لە ئەنجامی بەرانبەر بە یەک وەستانیان لەگەڵ هێمایەکی تردا ڕوندەبێتەوە، وەک لە کۆمەڵەی جێناوە کەسییە سەربەخۆکاندا واتای جێناوی(من) نازانرێت تاکو هێمای زمانی(ئێمە) بوونی نەبێت. یان لە بوونی فۆنێمدا و بڕیاردان لەسەری وەک فۆنێم شێوازی گۆکردن و سازگەی دروستبوونیان پەیوەستە بەو پێڕەوە هێماییەوە وەک:

فۆنیمی/ب/ کاتێک تایبەتمەندی و نیشانەکانی دەردەکەون، کە لەبەرانبەر فۆنیمی /پ/دا دابنرێت. دەتوانرێت پۆلی وشەکان و کێڵگە واتاییەکانیان هەمان لێکدانەوەی بۆ بکرێت، کاتێک باس لە کێڵگەی واتایی ڕەنگ دەکەین، وەک ئەوەیە کاتێک سیما و تایبەتی ڕەنگی(ڕەش) دەزانرێت، کە ڕەنگی(سپی) بوونی هەبێت. لەو نمونانەوە ئەوە بەرجەستە دەبێت، کە زمان لەسەر بنەمای جیاوازی کاردەکات، نەک لێکچون و هاوبەشی ئەمەش بەپێی کلتورو شارەزایی و ژیانی کۆمەڵەکە دەگۆڕێت، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا چەندین هێمای زمانیی بۆ تەمەنەکانی گیاندارێکی وەکو(مەڕ)دانراوە وەک:

بەرخ ← کاوڕ ← شەک ← شەک مەڕ(نێر، مێ ) ← مەڕ، بەران (مێ، نێر)

ئەمەش پێوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و دابونەریت و شێوەی ژیانی ئەو کۆمەڵەوە یان ئەو نەتەوەیەوە هەیە . پێدەچێت بە پێی ژیانی نەتەوەکان لە داڕشتنی هێمای زمانیدا جیاوازییان هەبێت، بۆ نمونە لە زمانی عەرەبیدا بۆ قۆناغەکانی تەمەن و تایبەتمەندی گیاندارێکی وەک(وشتر) چەندین هێمای زمانییان بۆ داناوە، وەک:

الحوار ← مخلول ← فصيل ← الحق ← جزع ← الهرش ← الجمل فاطر (نێر)

العقود ← القلوص ← الحق ← الثنية ← بركة ← خلفة ← الجمل فاطر (مێ)

https://www.almrsal.com/post/716379

٥-هێمای زمانیی لە زۆربەی زمانەکاندا تاریک و لێڵە:

لە زۆربەی زمانەکاندا هێمای زمانیی تاریک و لێڵ و لە خۆوەیە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرێکی(سۆسێر)، کە بریتییە لەوەی، کە(زمانی مرۆڤ پێڕەوێکی هێمایی تاریک و لەخۆوەیە). (فەتاح، ١٩٩٠:٤١). تاریک و ڕونی هێما پێوەندی نییە بە پێوەندی نێوان(فۆرم و واتا)، بەڵکو پەیوەستە بەو پێوەندییەی، کە لە نێوان هێماکانی زمان خۆیاندا هەیانەو پێڕەوی دەکەن. لێڵی لە زماندا نیشانەی زیندویی زمانەکەو دەوڵەمەندی فەرهەنگەکەیەتی، چونکە ناتوانرێت بەرانبەر هەموو کەرەستەو شتێک و واتایەک وشەیەکیان بۆ دابنرێت، کە لە سەرەتای زماندا بەرانبەر یەک (شت)، واتایەک وشەیەک بەکارهێنراوە. کە ئەم بە بڕشتی زمانە و وشەیەک چەند واتایەک بگەیەنێت زمان بەرەو لێڵی دەبات، لە هەمانکاتدا((زمانێکی وا نمونەیی نییە، کە توانستی ئەوەی هەبێت بەرانبەر بە هەموو وشەیەک واتایەک دابنێت)). (جۆن لاینز، ١٩٨٠:١٦).

ڵێڵی هێمای زمانیی کەمترە؛ بە تایبەتی لەو وشانەی،کە لە دەنگەکانیان یان شێوەکانیانەوە پێشبینی واتاکانیان دەکرێت، وشەی دەنگ بە دەنگ وەک(تەقە تەق، سیپا، کوکوختی). لێڵی لە هێمای زمانیدا بەو واتایە دێت، کە وشەیەک لە واتایەک زیاتر بگەیەنێت بۆ نمونە:

٢٠- فلان کەس دڵسۆزە.

لێرەدا ئەم ڕستەیە بە دوو واتا لێکدەدرێتەوە:

آ- کەسێک دڵسۆز بێت بۆکارەکەی.

ب- کەسێک ناوی دڵسۆز بێت.

ڵێڵی لە زماندا ئەوەیە، کە پێکهاتەیەکی زمانی لە توانایدا هەبێت دو واتای لێباربکرێت. هەندێک کەرەستەی زمانی لە نوسیندا ڵێڵن بە تایبەتی لە وشە سادەکاندا، بەڵام لە گوتن و ئاخاوتن و دەوروبەردا، تاڕادەیەک لێڵییەکانیان دەڕەوێتەوە. لێرەدا مەرج نییە تەنها ڕستەکان هەڵگری واتای ڵێڵبن، بەڵکو تاکە وشەیەک(مۆرفێم)ڵێڵی واتایی لە زماندا دروستدەکەن وەک:

سەروەت و سامان دەگەیەنێت.

سەرمایە

کەسێک سەرمای بێت.

لێرەدا (هێز)لە شێوازی ئاخاوتندا دەتوانێت جیاوازی لە نێوان ئەو دوو واتایەدا دروستبکات، واتە ئەگەر هێز کەوتە سەر کۆتایی وشەکە ئەوا واتای سەروەت و سامان دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر هێز کەوتە سەر سەرەتای وشەکە، ئەوا واتای ئەوە دەگەیەنێت کەسێک سەرمای بێت. کەواتە هێما زمانییەکان هەڵگری واتای ڵێڵن دەتوانرێت بەهۆی چوارچێوەی بەکارهێنان و هاوبەشیکارانی ئاخاوتن ڵێڵییەکە ڕونبکرێتەوە، بە مەبەستی گەیاندنی واتاو مەبەستی سەرەکی. ڕێگایەکی دیکە لە ڕەواندنەوەی ڵێڵی، کە بە زۆری لە ئاستی وشەسازیدا بەکاردێت ئەویش بریتییە لە:

١-داڕشتن: کاتێک پاشگرێک یان پێشگرێک (لاگر) زیاد بکرێت بۆ وشە سادەکان، کە زیاتر واتاکانیان ڵێڵە و تاریکە وەک: (نەرم، ڕەق)واتاکانیان ڵێڵە، بەڵام لە وشەکانی(نەرمەڵان، ڕەقەڵان) واتاکانیان ڕووندەبێتەوە.

٢-لێکدان: کاتێک دوو وشە واتاکانیان تاریک و ڵێڵن، وەک وشەکانی(دەست، کێشان)، بەڵام لە وشەی لێکدراوی (دەستکێش)واتاکانیان دەردەکەوێت و ڕوندەبێتەوە.

هەندێک لە زمانەوانەکان هێما زمانییەکانی جیهانیان دابەشکردوە بۆ:

١-ئەو زمانانەی، کە هێماکانیان بە زۆری تاریک و لێڵن، وەک زمانی فەڕەنسی.

٢-ئەو زمانانەی، کە هێماکانیان بە زۆری ڕوونن، وەک زمانی ئەڵمانی.

٣-ئەو زمانانەی دەکەونە نێوان ئەو دوو جۆرەی زمانەوە، وەک زمانی کوردی. (فەتاح، ٤٣:١٩٩٠).

٦- هێمای زمانیی پێویستی بە قسەکەر و گوێگر هەیە بۆ ئەوەی مەبەست و واتای خۆی بگەیەنێت، ئەو پێوەندییەی نێوان قسەکەر و گوێگر لە ئەنجامی ئاخاوتندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، واتە ڕۆڵ و ئەرکیان پێچەوانە دەبێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی بەکۆدکردن و کۆدگۆڕینەوەو کۆد لێکدانەوەوە جێبەجێدەکرێت.

قسەکەر: وشە(دەنگ) ← بیر ← چەمک

گوێگر: چەمک ← بیر ← وشە(فۆڕم)

٧-هێمای زمانیی شتێک دەنوێنێ، کە خۆی نییە واتە هەنگاوێک لە خوودی کەرەستەکە دور دەکەوێتەوە. بۆ نمونە لە دەنگسازیدا کاتێک پیت دەکرێت بە فۆنێم واتە دوو جار دورکەوتنەوەیە لە ڕاستی شتەکە، چونکە هێما دادەنێت بۆ هێمایەکی تر.(فەتاح،٢٠١٠:١١٣-١١٤).

٨- یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی هێمای زمانیی ئەوەیە، کە بە بەرهەمن لە دروستکردنی وشەی نوێ بە واتای نوێ، کە مەبەستمان دروستکردنی ڕستەو دەقەکانیشە، چونکە زمان خاوەنی کۆمەڵێک فۆنێمە، کە ژمارەیان بە پێی زمانەکان وەکو یەک نییە، بەڵام لە توانایاندایە وشە، بەپێی پێویستی زمانەکە بەرهەمبهێنن لە ئەنجامی گۆڕینی شوێنی فۆنێم و مۆرفێمەکان.

٩- بناغەی دروستکردنی پێوەندی ڕۆشنبیری و گواستنەوەی زانیارییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، چونکە بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵ دانراون و هۆکارێکن بۆ دەربڕین و بەرجەستەکردنی هەموو زانستەکانی دیکە و تێگەیشتن لێیان. هەندێکجار هێما زمانییەکان لە پاڵ وێنەو کاریکاتێرەکاندا واتا و مەبەستی تر دەگەیەنن، جگە لە واتای فەرهەنگیی کەرەستەکان، بەڵکو واتاکە پێوەندی بە کلتور و دابونەریتی کۆمەڵەوە هەیە، کە لێرەدا هێمایی زمانیی و هێمای نازمانیی تێکەڵ بە یەک دەکرێن بۆ گەیاندنی مەبەست و واتای دیاریکراوی پەیامەکە، کەواتە هێمای زمانیی و نازمانیی پێوەندییەکی واتاییش بە یەکیانەوە دەبەستێت و تەواوکەری یەکترن.

١٠-یەکەی هێمای زمانیی بریتییە لە فۆنێم، واتە لە ئەنجامی خستنە تەکیەکی فۆنێمەکانەوە وشەو مۆرفێم و دەربڕاوی نوێ دەخرێتەڕوو.

١١-هێما زمانییەکان بریتین لە دوانەییەکان(فۆڕم و واتا، ستونی و ئاسۆیی)، کە پێڕەوی دەنگ و واتایان هەیە...(صابیر،٢٠٢١:٣٤).

لەو خاڵانەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە هێمای زمانیی، وەک داهێنانێک وایە لە ژیانی مرۆڤدا، بگرە دەسەڵاتی گرتوە بەسەر هەموو لایەن و کایەکانی ژیاندا. مرۆڤ لە دێر زەمانەوە گوزارشتی لە بیروباوەڕەکانی و پێداویستی ژیان و پێوەندیکردن و لە یەکترگەیشتنی بە هێما کردووە. بەکارهێنانی هێما تەنها تایبەت و پەیوەست نییە بە ژیانی مرۆڤەوە، دەشێت گیاندارانیش توانای بەکارهێنانی هێمایان هەبێت لە پێوەندیکردندا، بۆ نمونە کۆمەڵە قازێک لە کاتی شەواندا، تەنها یەکێکیان وەکو پاسەوان لەسەر یەک قاچ بە پێوە دەوەستێت ئەوانی دیکە هەست بە دڵنیایی دەکەن، کە شێوازی وەستانی ئەو قازە وەکو هێمایەک وایە لەنێوان خۆیاندا بەکاریدەهێن، هەروەها مریشکێک کۆمەڵە جوچکێکی هەبێت بۆ ئەوەی خواردنیان بۆ پەیدابکات، کاتێک خواردنێک یان دەنکە گەنمێک دەدۆزێتەوە بە دەنگێکی تایبەت جوچکەکانی بانگدەکات بۆ ئەوەی ئەو خواردنە بخۆن، کە ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی هێماوە دەبێت، بە هەمانشیوە لە ناو ئاژەڵانیشدا کۆمەڵە مەڕێک کاتێک لە پەچەیەکدا بەرخەکانیان تێکەڵ دەکرێت لە ڕێگەی دەنگ و بۆنکردنەوە هەر بەرخە مەڕەکەی خۆی دەدۆزێتەوە. کەواتە گیاندارانیش بێبەش نین لە بەکارهێنانی هێمای زمانیدا، بەڵام سنوردارکردن و پەرژین دانان و نەبونی پێڕەوێکی دەنگی ڕێکوپێکی گیانداران، خاڵێکی سەرەکی جیاکردنەوەی هێمای زمانیی مرۆڤ و هێمای زمانیی گیاندارانە.

## ١-٢/٢ پراگماتیک و هێمای نازمانیی:

لە دوای ساڵەکانی حەفتاوە پاش ئەوەی( چۆمسکی) بۆچونەکانی خستەڕوو، کە لایوابوو زمان دابڕاوە لە دەوروبەر، واتە بۆ لێکدانەوەی واتای وشەو دەربڕاوەکان، پێویستە لە دەوروبەر داببڕێت، بەو پێیەی واتا بەپێی دەوروبەر کۆتایی نایەت بۆ ئەوەی بە واتای دەربڕاوەکان بگەین. زاراوەی ((پڕاگماتیک( pragmatics ) لە وشەی(پراگما pragma )ی گریکی وەرگیراوە، بە واتای (بەکارهێنان یان کارکردن) دێت، بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیە لە لایەن زانا( چارلس مۆریس)ەوە، لە ساڵی(١٩٣٨)ی زاینیدا بەکارهاتووە لە کتێبی(زانستی هێما semiology) دا ئاماژەی پێدراوە)). (عادل فاخوری، ١٩٨٩:١٤١_١٤٢).

زانستی هێما زمانەوانی دەکات بە سێ بەشەوە:

١- ڕستەسازی: پێوەندی هێمایە بە هێمای تر.

٢- واتاسازی: هێمایە بە جیهانی لۆژیک و بیر.

٣- پراگماتیک: پەیوەندی هێمایە بە بەکارهێنەر و لێکدانەوەکەی. ( میلکا آڤیتچ، ١٩٩٦:٣٥٢).

پڕاگماتیک وەک ئاستێکی زمان گرنگی بە زمانی دەربڕاو دەدات پێش زمانی نوسین، کە ئەمەش جێگەی بایەخ و سەرنجدانە، چونکە مرۆڤ پێش ئەوەی فێری نوسین بێت، بە ماوەیەکی زۆر پێشتر فێری ئاخاوتن(قسەکردن) بووە.

سەرهەڵدانی پڕاگماتیک بەپلەی یەکەم بۆ(فریگە) دەگەڕێتەوە، کە خاوەنی فەلسەفەیەکی شیکارییە. هەرچەندە هەندێک پێیانوایە وەک: فەیلەسوفانی زمان (ئۆستن، گرایز، سێرڕێل)بوون بە زەمینەسازییەک بۆ ئەوەی زانستی پڕاگماتیک بێتەکایەوە. ئەم زمانەوانانە بە بۆچونەکانیان گەشەیان بە پراگماتیک دا، ئەویش لە ڕێگەی تیۆری کردەی قسەیی لای(ئۆستن، سێرڕێل)، بنەمای هاریکاری لای گرایز) کە دوو بواری سەرەکی و گرنگی پڕاگماتیکن.

(لیچ) پێیوایە، ((پڕاگماتیک ئەوە نییە هەرچی نەتوانرا واتاکەی لێکبدرێتەوە فڕێبدرێتە بواری پراگماتیکەوە، بەڵکو ئەرکی ڕەواندنەوەی تەمومژی واتاییە لەگەڵ دۆزینەوەی چارەسەر و لێکدانەوەی گونجاو بۆ دەربڕینە ناوێزەکان )). بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچونەکانی(چۆمسکی) پێویست بوو زانستێک بێتە ئاراوە، کە زانستی (پڕاگماتیک) توانی ئەو ڕۆڵ و ئەرکە ببینێت، هەرچەندە دواتر (چۆمسکی) لە بۆچونەکەی پاشگەز بووەوە و( پڕاگماتیکی) بە ئاستێکی زمان دانا، کە پێشتر لەدەرەوەی زمان ئاماژەی بۆ دەکرد ،بەمەبەستی چارەسەرکردنی هەندێک کێشە و گرفت لە ئاستی دەنگسازیی و ڕستەسازیی و واتاسازیدا. (محەمەد، ٢٠١٠:٨٢-٨٤).

یەکێکیتر لە پێویستبوونی هاتنەکایەی پڕاگماتیک، چارەسەرکردنی کێشەی نێوان زمان و ئەدەب بوو بە تایبەتی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەک(درکە، خواستن، خوازە...هتد) کە ئێستا لە ئەدەبدا بەکاردێن، بەڵام زیاتر پێوەندییان بە زمانەوە هەیە و لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا زیاتر بەکاردێن. پڕاگماتیک لێکدانەوەی ئەو بنەمایانەیە(ڕستانە)، کە ناپەسەندی و ناوێزەییان پێوە دیارە و مەبەست و پەیامیان ڕون و ئاشکرا نییە.(چاوپێکەوتن، ئەحمەد حسەین،٢٠٢٢، ١١:١٥). وەک:

٢١-تکا دەکەم دەڕۆم. ( ڕستەیەکی هەواڵییە).

لەڕووی واتای سیمانتیکییەوە وەکو ڕستەیەکی هەواڵی دەردەکەوێت، بەڵام لێرەدا قسەکەر واتایی پشت دەربڕاوەکەی مەبەستە، کە بریتییە لە(وازهێنان) و بیگەیەنێت بە گوێگر.

٢٢- ئەم شوێنە بچوکە.

واتای سیمانتیکی ئەوەیە، کە شوێنەکە لە ڕووی ڕوبەرەوە بچوکە، کەواتایەکی فەرهەنگییە، بەڵام کاتێک بەپێی بۆنەی گوتن و بەکارهێنان دەتوانرێت چەندین واتای نافەرهەنگی لێباربکرێت و شیکردنەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت وەک:

ئەگەر لە مامۆستایەکەوە بۆ خوێندکارەکانی بێت، واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە شوێنەکە بۆ خوێندن نابێت. ئەگەر لە کەسێکەوە بۆ خاوەنی شوێنێک بێت، واتای ئەوە دەگەیەنێت، ئەو شوێنە بۆ ئەو بۆنەیە شیاو نییە.

بۆ نمونە: پرسیار بکەین لە کەسێک، کە زمانی کوردی نەزانێت، پەنجەرە چییە؟

لەم کاتەدا بە دوو جۆر دەتوانرێت وەڵام بدرێتەوە: یەکەم: بەهۆی دەربڕاوە زمانییەکانەوە، بەسوود وەرگرتن لە وشە واتادارەکانی تر، کە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بوونیان هەیە بۆ نمونە، دەڵێین (پەنجەرە کەرەستەیەکە لە کەرەستەکانی خانوو. دووەم: بەهۆی جیهانی دەرەوەی زمان/ هێمای نازمانیی، بۆ گەیاندنی واتا دەتوانین بەکاری بهێنین بۆ نمونە، بۆ وەڵامی پرسیارەکە : وێنەی پەنجەرە لەهەوادا دەکێشین، یاخود ئاماژە بە پەنجەرەیەک دەکەین، کە نزیکمانە.

لە نمونەکەوە دوو جۆر واتامان دەستدەکەوێت. یەکەم : واتای زمانیی . دووەم: واتای نازمانیی، بەڵام ئەم دوو جۆر واتایە کێشەکە چارەسەر ناکات و گرفتی دیکەی واتاییمان هەیە بۆ نمونە:

١-گڵۆپی سەوزی هاتوچۆ ( ترافیک) ← ڕۆیشتن.

٢-ئەڵقە لە پەنجەی دەستی چەپدا ← هاوسەرگیری کردوە.

٣-دەستپیاکێشان ← تەپوتۆز.

٤-چەند برسیمە ← خواردنی بۆ بهێنن.

٥-ئەم کارەم زۆر لەسەرکەوت ← کڕینی شتێک بە گران، یان لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە لەسەری بکەوێت.

٦- دەنگ بەرزکردنەوە ← تورەبوون.

٧-سوربونەوەی دەموچاو ← شەرمکردن.

٨-کۆکە ← بوونی کەسێک.

٩-قوپان(لێدراوی)ئۆتۆمبێل ← پێکدادان.

جگە لەو نمونانەی سەرەوە، چەندین دەستەواژە و دەربڕاو لە ڕستەدا دەتوانرێت چەندین واتای جیاوازی دیکە لەخۆبگرێت، لەبەر ئەوەی هۆکاری پێگەو دابونەریت و کلتور و بۆنە و...هتد، دەتوانن واتا بگۆڕن و کاریگەری دروستبکەن. بۆ نمونە کاتێک(بۆنێک) لای بۆنفرۆش واتایەک لەخۆی دەگرێت، کە شوشەیەک گوڵاوی تێدابێت و ناوی لێنراوە بۆن(عەتر)، بەڵام کاتێک دەیکرِیت و پێشکەشی کەسێکی دەکەیت؛ ئەو بۆنە نییەو واتایەکی دیکە لەخۆدەگرێت، کە مەبەست زیاتر خۆشویستن و پتەوکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. کەواتە مەبەست کام واتایەیە؟ هەر بۆیە، زانستی واتا ناتوانێت هەموو جۆرەکانی واتا لێکبداتەوە و پۆلێنیانبکات و لە قاڵبیان بدات، لەبەر ئەوە دەگەینە ئەو ڕایەی بڵێین ئەوەی واتاسازیی خۆی پێوە خەریککردوە، تەنها واتایە لە بواری زمانەوانیدا.

کەواتە پڕاگماتیک، لە (گریمانەی پێشینە، لێکەوتە ئاخاوتنییەکان، کردە قسەییەکان، دەوروبەر، پلەوپایە، کات، شوێن، بۆنەی گوتن، بنەمای هاریکاری.....هتد)، دەکۆڵێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بگوترێت واتایی پڕاگماتیکی جێگیر نییە و لە گۆڕاندایەو هەردوو جۆری هێمای زمانیی و نازمانیی لێکدەداتەوە.

زانستی پڕاگماتیک لەسەر چوار بنەما بەندە ئەوانیش( قسەکەر، گوێگر، بابەت، دەوروبەر)، کە هەریەکەیان گرنگی خۆی لە گەیاندن و خستنەڕوی واتای جیاوازی دەربڕاوەکان هەیە.

### ٢-٢/٢ پڕاگماتیک و تیۆری دەوروبەر(pragmatics/context of theory)

لێکدانەوەو شیکردنەوەی واتا، بەشێکی دەکەوێتە ئەستۆی سیمانتیک و بەشەکەی تریشی دەکەوێتە بواری پڕاگماتیکەوە، بەتایبەتی تیۆری دەوروبەر، تەمومژیی دەربڕاوەکان دەڕەوێنێتەوە و دەبێتە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان ئاستی(سیمانتیک و پڕاگماتیک). سیمانتیک واتای فەرهەنگی وشە لێکدەداتەوە، کە بریتییە لە پێوەندی نێوان وشەکان، کە واتایەکی ڕون و ئاشکرایەو تەنها هێما زمانییەکان دەخوێنێتەوە، لە کاتێکدا پڕاگماتیک واتای پەنامەکی هێمای

زمانیی و نازمانیی لێکدەداتەوە، بەپێی ئەو دەوروبەرەی، کە دەربڕاوەکەی تێدا بەکارهاتووە.بۆ نمونە: (دزەیی،٢٠١٥:٩٠).

٢٣-هیوادارم تەندروست بیت.

لەم ڕستەیەدا واتای ڕستەکە؛ واتایەکی فەرهەنگی هەیە و لێڵی و تەمومژی تێدا نییە.

پڕاگماتیک ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان؛ ڕۆڵی لە بەخشینی واتای جیاواز بە دەربڕاوەکان هەیە، هەر کاتێک ڕستەیەک، یان دەربڕاوێک نەتوانرا بگەینە یاسای ڕێزمانی و واتاکەی بەپێی تیۆرەکانی واتاسازیی، ئەوا پەنا بۆ پڕاگماتیک و دەوروبەر دەبرێت، بۆ نمونە لە ڕستەیەکی وەک:

٢٤-ئەوان پێرێ هاتن.

لێرەدا پێویستە گوێگر و قسەکەر، زانیارییان دەربارەی(ئەوان) هەبێت و دەمی گوتنەکەش زانراو بێت، پاشان دەتوانن واتای ڕستەکە لێکبدەنەوە، چونکە وەکو ڕێزمان(ئەوان) جێناوی سەربەخۆیە، نازانرێت مەبەست کێیە؟ کەواتە بەبێ بۆنەی گوتن و دەوروبەر ناتوانرێت واتا و مەبەستی دەربڕاوەکان ئاشکرا بکرێت. هەموو کارێکی زمانەوانی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە فۆرم و واتای هێما زمانییەکان، واتە زمانەوان کاری سەرەکی بریتییە، لە توێژینەوە لە هێمای زمانیی و نازمانیی، بە مەبەستی ئاشنابوون لە سنور و تایبەتمەندییەکانیان.

پڕاگماتیک ئاستێکی جیاوازە لە ئاستی سیمانتیک، زمانەوانەکان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە پڕاگماتیک لەدەرەوەی ڕێزمانەو لێکۆڵینەوە دەکات لەوەی، کە قسەکەر چۆن زمان بەمەبەستەوە بەکاردەهێنێت، لە کاتێکدا ئەو مەبەستەی قسەکەر دەیگەیەنێت لە زانیارییە زمانییەکانی ناو وشەو ڕستەو دەبڕاوەکاندا نین، بەڵکو مەبەستەکە بەهۆی دەوروبەرەوە ڕووندەبێتەوە، کە واتایەکی شاراوەی هەیە. (ئەحمەد، ٢٠١٢:٥٤-٥٥).

ئەو زانستانەی لە هێما دەکۆڵێتەوە بریتین لە( واتاسازیی و پڕاگماتیک). کۆمەڵ هێمای نازمانیی دیاریدەکات و بەپێی کلتور و دابونەریت و فەرهەنگیی ئاوەزی ئاخێوەرەکانیان بڕیاری لەسەردەدات. پڕاگماتیک زانستێکی واتایی نوێیە و بایەخ بە بەکارهێنانی زمان دەدات، لەم ساڵانەی دوایدا گرنگی زیاتری پێدرا، کە واتاسازی و ڕێزمان نەیانتوانی چارەسەری هەندێ کێشەی واتایی بکەن. زمانەوانان بەمشێوەیە پێناسەی پڕاگماتیکیان کردووە:

((بریتییە لەو بنەمایانەی، کە ناوێزە و نائاسایی هەندێ گوتن چارەسەر دەکات)). (دزەیی،٢٠١٤:٢٩).

بۆ نمونە:

٢٥-سەعات چەندە؟

٢٦-بانگی نیوەڕۆی نەداوە.

لێرەدا، سیمانتیک ناتوانێت واتای ڕستەکە لێکبداتەوە، بۆیە پێویستە واتاکەی لە پراگماتیکدا لێکبدرێتەوە، چونکە ڕستەکە پرسیاری کات دەکات، بەڵام وەڵامی ڕاستەوخۆی دەستناکەوێت، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قسەکەر لەوەڵامەکە تێدەگات.

پڕاگماتیک بەکارهێنانی زمانە لە دەوروبەردا، نەک بەپێی واتای فەرهەنگی دەربڕاوەکان.

پڕاگماتیک بریتییە ((لەو لایەنانەی، کە ناچنە ناو سنوری سیمانتیکەوە، چونکە سیمانتیک پابەندە بە مەرجی ڕاستی (truth condition )، بەڵام پڕاگماتیک پابەند نییە بەو مەرجەوە)). (نەحلە،٢٠٠٦:١٢).

بۆ نمونە ڕستەیەکی وەک:

٢٧-خوێندکارەکە کتێبەکەی دڕاند.

ئەم ڕستەیەی سەرەوە نائاساییە و سیمانتیک ناتوانێت واتاکەی ڕونکاتەوە، چونکە خوێندکار کاری سوود و زانیاری وەرگرتنە لە کتێب، نەک دڕاندنی. پێویستە وەرگر دەوروبەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، وەک ئەوەی خوێندکارەکە لە بارێکی دەرونی نائاسایدایە، بۆیە ئەم کارەی ئەنجامداوە.

٢٨-کەشوهەوا ساردە.

یەکێک لە خوێندکارەکانی پۆلەکە هەڵدەستێت پەنجەرە دادەخات، کاردانەوەی ئەم خوێندکارە بەندە بە توانای تێگەشتن لە مەبەستی قسەکەر، چونکە کەسەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ داوای داخستنی پەنجەرەکەی نەکردوە، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ویستویەتی پەیامەکەی بگەیەنێت، کە ئەمەش تێبینیکردنی بنەمای هاریکارییە، کە یەکێکە لە بوارەکانی پراگماتیک. کەواتە، پڕاگماتیک لێکۆڵینەوە لە واتای مەبەست و گەیەنراوی دەربڕاوەکان دەکات، بەپێی دەوروبەر و لەبەرچاوگرتنی لایەنی کۆمەڵایەتی و کلتوری و هاوبەشیکارانی ئاخاوتن..... هتد، واتای پڕاگماتیکی فراوانە و بەشداریدەکات لە زانستە مرۆڤایەتییەکان و پزیشکییەکان و بایەلۆجییەکان و...هتد، دەگرێتەوە، هەر بۆیە واتای پڕاگماتیکی بریتییە لە واتای بەکارهێنان لەگەڵ بۆنەی گوتندا.

له واتای سیمانتیکییەوە دەستمان بە واتای پڕاگماتیکی دەگات، واتە پێویستە ئاخێوەرانی زمانەکە واتای فەرهەنگی دەربراوەکان بزانن، پاشان درک بە واتای پڕاگماتیکی دەکەن و دەتوانن لێکدانەوەی بۆ بکەن. پڕاگماتیک پێوەندی هێمایە بەو کەسەوە، کە بەکاری دەهێنێت. بۆ نمونە:

(ڕەگ) چەند واتایەکی بە پێی کات و شوێنی بەکارهێنان هەیە:

-لە زمانەوانیدا / ڕەگی کردار.

- لە پزیشکیدا / ڕەگی ددان

- لە بیرکاریدا / ڕەگی دوجا و سێجا

- لە کشتوکاڵدا / ڕەگی دار

- لە پزیشکی جوانکاریدا / ڕەگی مو

- لە لایەنی ئابوری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتیدا / ڕەگی گەندەڵی

واتای سیمانتیکی (ڕەگ) بریتییە لە (ڕەگی دار)، پاشان بەپێی بەکارهێنان و پسپۆڕی گۆڕان و فراوانبوونی واتایی بەسەردا هاتووە، کە بە نیشانەی واتایی دەتوانرێت ئاماژەی پێبکرێت.

ڕەگ
-زیندوو
+داکوتان
+خۆگرتن
+بەهێزی

دەبینرێت، یەکێک لە نیشانە واتاییەکانی(ڕەگ)چالاک دەبێت و دەبێتە هۆی بارکردنی چەند واتایەکی پڕاگماتیکی، کە واتای(خۆگرتن و داگیرکردن) زاڵە لە واتا فەرهەنگییەکەیدا، پێدەچێت لە سەرەتادا واتایەکی تەسکی هەبوبێت، پاشان واتاکەی بەرەو فراوانبوون چووە.

لە بارەی واتای پڕاگماتیکییەوە دوو بۆچون سەریهەڵداوە، بۆچونێکی فراوان، کە هەموو زانستەکان دەکات بە یەک و دەیانخاتە سنوری پڕاگماتیکەوە. بۆچونێکی تەسک، کە مەبەست لەو دیاردە نابەرجەستانە و ناڕون و لێڵانە دەگرێتەوە، کە بۆ تێگەیشتنیان پێویستە بە دەوروبەر و بەکارهێنانەوە ببەسترێتەوە. کەواتە هەر واتایەک پێویستی بە دەوروبەر هەبێت بۆ تێگەیشتن لە واتا و مەبەستی؛ دەچێتە چوارچێوەی پڕاگماتیکەوە. (دزەیی،٢٠١١:٧-١١). کەواتە:

واتای پڕاگماتیکی = واتایی سیمانتیکی (فەرهەنگی) + دەوروبەر

زمان پێڕەوێکی کردەیی پێوەندیی و لەیەکترگەیشتنە و ئامرازێکی مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتییە، کە تیایدا دروستە ڕێزمانییەکان بۆ دەربڕینی بیر/ چەمک/ لەدەوروبەردا بەکاردەهێنرێت، واتە دەوروبەر دەکەوێتە نێوان زمان و واتاوە، دەوروبەر دەچێتە بواری مەبەستناسییەوە(پڕاگماتیک). لەبەرئەوە واتای پڕاگماتیکی جێگیر نییە و لە گۆڕاندایە، پڕاگماتیک هەردو جۆرەکەی هێما(زمانیی و نازمانیی) لێکدەداتەوە، بۆ نمونە وشەی(جوان)، کە هێمایەکی زمانییە بەهۆی بەکارهێنانی لەدەوروبەری جیاوازدا ئەم واتایانە دەگەیەنێت:

٢٩-منداڵێکی جوان هات. (واتای جوانی ڕوخسار دەگەیەنێت).

٣٠- سەیارەیەکی جوان بکڕە. (سەیارەیەکی باش).

٣١-خانویەکی جوانم دەوێت. (واتای خانوی چاک و گەورەو تۆکمە).

٣٢-یاریکەرەکە جوان یاری دەکات. (واتا بەتوانا و لێهاتووە).

٣٣-دەچین بۆ باخێکی جوان. (واتای خۆش و دڵگیربێت).

٣٤-سەربازەکە جوان دەڕوات. (واتای چۆنێتی ڕۆشتنی نیشاندەدات).

٣٥- مامۆستاکە جوان قسە دەکات. (توانای باشە لە قسەکردندا).

٣٦- کەوەکە جوان دەخوێنێت. ( دەنگی خۆشە).

بەهۆی پێوەندی پڕاگماتیک بەزانستەکانی ترەوە، وایکردووە چەند جۆرێک لە پڕاگماتیک بێتەکایەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە جۆرەکانی پڕاگماتیک( kind of the pragmatics)دەخەینەڕوو:

١-پڕاگماتیکی دەربڕین( pragmatique enonciative).

٢-پڕاگماتیکی ئاخاوتن(pragmatique illocutoire ).

٣-پڕاگماتیکی گفتوگۆ(pragmatique conversationnelle ).(دزەیی،٢٠١٤:٤١).

(لیچleech) بەشێوەیەکی گشتی، پڕاگماتیک بۆ (پڕاگماتیکی زمانیpragmalingusitics، سۆسیۆپڕاگمایکsoco-pragmatics ، سایکۆ پڕاگماتیک) دابەشدەکات.

سەرەتا تیۆری دەوروبەر لای زمانەوانە عەرەبەکان بۆ ڕەوانبێژی و ڕێزمان دەگەڕێتەوە، چەند نمونەیەکیان لە ڕەوانبێژیدا بڵاوکردۆتەوە بە تایبەتی لەلای(جاحظ، الجرجانی)، پاشان لای(سیبوی) جێگەی تێبینیکردن بووە و کاریگەری لەلا دروستکردوە. پاشان بیروبۆچونی دەروبەر لە سالآنی سییەکانی سەدەی ڕابردوو گەشەیکرد، کاتێک گرنگی بە کۆمەڵ و دابونەریت و پێوەندییە کۆمەلآیەتییەکان درا؛ لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت بەردەوامی بە ژیانی کۆمەلآیەتی و لێکتێگەیشتن بدات.

(جۆن دیبوا) لەبارەی دەوروبەر دەڵێت (( ئەو ناوەندەیە، کە یەکەیەک دوای یەکەیەکی زمانی تایبەت دەکەوێت)). (Dubois, 1989; 120).

ئەم پێناسەیە، نزیکە لە هەموو پێناسەکانی(دەوروبەر)، کە لە فەرهەنگە بیانییەکاندا ئاماژەی پێکراوە. بۆ نمونە یەکەکانی( فۆنێم) بەدوای یەکدا دێن بەمەبەستی دروستکردنی بڕگە لە زمانەکەدا. دەوروبەر چەقی گرنگی زمانەوانییە، پێکهاتەکەی بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵێکی گرنگی لە دیاریکردن و فراوانبونی واتای وشەدا هەیە.

(جاحظ) دەڵێت(( دەوروبەر ئەو بەڵگانەی پێویستە، کە پێوەندی بە واتاوە هەیە، زمانیی یان نازمانیی بێت، چوار مەرجی بۆ دەوروبەر داناوە، کە بریتین لە (نیشانە، نوسین، پەیوەندی، کات).)) هەروەها بە پێویستی زانیوە باری ئەو کەسە لەبەرچاو بگرێت، کە گوێی لێدەگرێت و ئەو بابەتەی لەسەری دەدوێت، بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری گوێگر بخرێتەڕوو. پێکهاتەکەی بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵێکی دیاری لە دیاریکردن و فراوانبونی واتای وشەدا هەیە.

(سیبوی) دەربارەی دەوروبەر دەڵێت،((لێکۆڵینەوەی لەدەوروبەر، بە دەرگایەکی سەربەخۆی دانەناوە، بەڵکو بەپێی گونجان بووە لەگەڵ سروشتی نوسینەکە لەفەرهەنگی ڕێزمانیدا، هەروەها بەهۆی دەوروبەرەوە هەڵەو ڕاستی دەربڕاوەکان دیاریدەکات)). لە لایەکی ترەوە دەوروبەر بۆ (زمانیی و نازمانیی) دابەشدەکات، بە هۆی دەوروبەرەوە دەتوانرێت شیکردنەوەیەکی ڕاست یان هەڵە بۆ دەربڕاوەکان و نوسینەکان بکرێت، بەپێی دیاریکردنی کات و شوێنی گوتن بەلەبەرچاوگرنتی دەوروبەری دەرونی هاوبەشیکارانی ئاخاوتن، چونکە ئەم بوارانەی دەوروبەر توخمێکی گرنگن بۆدیاریکردنی واتا لە ڕستەدا. پێویستە دەوروبەری دەرونی ڕێگە بدات و بەواتاکەی ڕازیبێت، یان  لە لۆژیکدا ڕەتیبکاتەوە. کەواتە دەستکەوتنی واتای وشە بە کات و شوێنی گوتنەوە پەیوەستە.  (الطلحي،١٩٩٠:٤١). بۆ نمونە:

٣٧-من دوێنێ بۆ لات هاتم.

٣٨-من بەیانی بۆ لات دێم.

لێرەدا پێویستە مەبەستی قسەکەر ڕون و ئاشکرا بێت و لەتەمومژ دوربێت، ڕێگر نەبێت بۆ بەرهەمهێنانی دەستکەوتنی واتای دەربراوەکان.

(فێرث John Firth) بەیەکەم کەس دادەنریت، کە توانی( تیۆری دەوروبەرcontext of theory ) وەکو زانست بناسێنێت، هەروەها پێیوایە زانیارییەکی زۆر کەم لەسەر عەقڵ دەزانرێت، پێویستە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی بەلۆژیکەوە پەیوەست بێت. زمانی بە چالاکییەکی مەعنەوی لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیدا لەقەڵەم داوە . (براح، ٢٠١٥: ٦٧).

(فێرث ) پێیوایە بۆ لێکدانەوەی واتایی وشە پێویستە ڕەچاوی:

١-لایەنی کەسێتی کەسەکە.

٢-کردەی قسەکردنی کەسەکان، کە هەندێکیان لێکدانەوەیان بۆ ناکرێت.

٣-کاریگەری کردەی قسەکە لەسەر ئەنجامدانی کردار.

دەوروبەری دەرونی/ بار(سیاق موقف) ئەم ڕەگەزانە لە خۆدەگرێت(تایبەتمەندی هاوبەشی ئاخێوەران، بابەتی دەرەکی و کاریگەری لەسەر قسەکەر، بابەتی دەرەکی و کاریگەری لەسەر بابەتەکە). پاشان لەسەردەستی(مالینۆفسکی، فێرث) زیاتر گرنگی بەدەوروبەر درا، دواتر لەلایەن چەند زمانەوانێکەوە لێکۆڵینەوەو بەرهەمی زیاتریان لەبارەی دەوروبەرەوە نوسی وەک(کاتز و فۆدەر...هتد). دەوروبەر چەمکێکی فراوان و گشتییە؛ هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە. بیروبۆچونی دەوروبەر لە قوتابخانەی لەندەندا زیاتر دەرکەوت و گەشەیسەند، چونکە ئەم قوتابخانەیە بەپێی بۆچونی دەوروبەر کاردەکات و پێیانوایە بە پێی پێویستی دەوروبەر، وشەکان دەخرێنە تەکیەک و ڕیزدەکرێن، کە مەرج نییە لە فەرهەنگدا ئەو ڕیزبوون و واتایانەیان هەبێت.(عەلی، ٢٠١١: ٤٣-٤٤). بۆ نمونە:

٣٩- منداڵەکە باش کەوت.

٤٠-منداڵەکە خراپ کەوت.

هەردوو وشەی (باش و خراپ) لەدەوروبەردا هاوواتان، بەڵام لە کاتێکدا لە فەرهەنگدا بە دژ واتا تۆمارکراون. لە لایەکی ترەوە دەوروبەر دەبێتە پێوانە بۆ لێکدانەوەی دەربڕاوە ناداڕشتەییەکان(ئیدیۆم، پەند، دەربڕاوی خوازەی...هتد)، ئەم دەربڕاوانە پێوەندییان بە کۆمەڵەوە هەیەو لە ئەنجامی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی هێمای زمانیی لە دەوروبەردا بەرجەستەکراون وەک:

٤١-بێڵە قوڕ بەسەر شانی خەڵکەوە سوکە.

٤٢- چنگ لەسەر شان.


٤٣- خودا کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە.

ئەو دەربڕاوانەی سەرەوە، هەر یەکەیان لەدەوروبەرێکی دیاریکراو و گونجاودا بەکاردەهێنرێت و واتاکەی لەو کاتەدا ڕوندەبێتەوە. واتای وشە پشت بە دەوروبەر و بونی واتای هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دەبەستێت. بۆچونەکانی (فێرث) ئەوەیە: دەوروبەر دەکاتە پێوەر بۆ لێکدانەوەی واتا، مەبەست ئەوەیە، کە واتای وشە بەپێی ڕستەکە و دەوروبەر لێکدەدرێتەوە ((واتا بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی سیاقی ئاڵۆز)). (ئۆڵمان، ١٩٨٦:٦٤).

دەتوانین بڵێین جۆرێک لە واتا هەیە لە ڕێگەی دەربڕاوی زمانییەوە بەرهەمدێت و بە واتای سیمانتیکی ناسراوە، جۆرێکی دیکەی واتا بەپێی دەوروبەر لێکدەدرێتەوە؛ واتای پڕاگماتیکییە، لەم ڕوانگەیەوە، کە وێنای وێنەیەک دەکەین خۆی نابینرێت، بەڵام کاریگەرییەکەی دیارە، هەروەک چۆن وزەی کارەبا نابینرێت، بەڵام جێکەوتەکانی هەستپێدەکەین.

لێکدانەوەو شیکردنەوەی واتای دەربڕاوەکان و وێنەکان بەبێ دەوروبەر، دەشێت کارێکی ناتەواو بێت، یان لێڵی و تەمومژی واتایی دروستدەکات؛ جگە لە بوونی کەرەستەی هاوبێژی زمانیی، کە بۆ زانینی واتا پێویستمان بە دەوروبەر دەبێت. (علی، حسەین ٢٠١٣:٩).

وێنە کاریکاتێرییەکان لەڕوی واتاو مەبەستەوە بەپێی دەوروبەر دەگۆڕێن، واتە لە ڕوداو و حاڵەتە جیاوازەکاندا: وێنەکان گوزارشت لە کات و شوێنی دەوروبەرەکە دەکەن، کە لە ئێستادا بوونی هەیە، وەک بوونی شەڕ لە نێوان دوو وڵاتدا یان سەپاندنی قەیرانی ئابوری لە نێوان وڵاتاندا. کاریکاتێرست وێنە کاریکاتێرییەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەن، کە لە ئێستادا دەگوزەرێت، بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵ و لە هەمانکاتدا دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەو گرفتەکان، بۆ نمونە لە وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١)دا، کە تەنها هێمایەکی نازمانییە گوزارشت لە ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئێستای کۆمەڵ دەکات:



وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١)

https://m.facebook.com

کەواتە، دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی پێوەندیکردن و کردەی بە ئاگاهێنانەوەی کۆمەڵ و ڕەواندنەوەی لێڵی و تەمومژی دەگێڕێت. بە پێی بیردۆزی دەوروبەر واتای وشە ((لە ئەنجامی بەکارهێنانی زماندا دیاریدەکرێت)). (موختار،١٩٨٢:٦٨).

لێرەدا مەبەست هاوڕێیەتی وشەکانە لەگەڵ یەکتریدا، بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی واتاکەی لە چێوەی فرێز و ڕستەدا. هەربۆیە گوتراوە (( بەدوای واتای وشەدا مەگەڕێ، بەڵکو بەدوای بەکارهێنانەکەیدا بگەڕێ)). (لۆشن،١٩٩٥:٩٨).

ئەگەر ویستت واتای وشەیەک بەرجەستە بکەیت، پێویستە وشەکە لە ڕستەو فرێزێکدا یان لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەکاربهێنرێت، بۆ ئەوەی دەستمان بگات بە واتاکەی.  واتای پێکهاتەو ڕستەو کەرەستە چڕ و ئاڵۆزەکان بەهۆی دەوروبەرەوە لێکدەدرێتەوە، کە بە توێکڵە واتا ناودەبرێت، لەبەر ئەوە پراگماتیک بەدوای بەکارهێنانی دەربڕاوەکان و واتاکانیاندا دەگەڕێت لەدەوروبەردا. وەکو دەوترێت(( ئەو دەوروبەرەم بدەرێ، کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە، واتاکەیت دەدەمێ)). (جۆن لاینز، ١٩٦٨:٢٣).

دەوروبەر هەموو ئەو هۆکار و شتانە دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر گوتن(دەربڕاوەکان) هەیە، لەکاتی ئێستا و ڕابردودا.

واتای دەربڕاو = ژمارەی بەکارهێنانی وشە لە دەوروبەردا.

هەر بۆیە دەوروبەر بە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان واتای سیمانتیکی و واتای پڕاگماتیکی دادەنرێت. لە واتاسازیدا دەوروبەر پشتگوێ دەخرێت، ئەمەش وادەکات واتای واتاسازیی لێڵ و تەومژاوی بێت، بە پێچەوانەی واتای پڕاگماتیکییەوە تەومژ و لێڵی بەهۆی دەوروبەرەوە دروست نابێت و واتایەکی ڕون و ئاشکرای دەبێت. کردەی پێوەندیکردن و لێکتێگەیشتن چەند جۆرێک لە دەوروبەر دیاریدەکەن.(کیمسۆن،١٩٧٥:٦٨).

١-دەوروبەری فیزیکیcontext physical

٢- دەوروبەری زمانەوانیcontext linguistic

٣-دەوروبەری کۆمەڵایەتیcontext social

٤-دەوروبەری ئەبستمی (مەعریفی).

٥-دەوروبەری دەرونیcontexte of situation

٦-دەوروبەری زمانییverbal context (مەعروف، ڕەشید،٢٠١٣:٢١٩-٢٢١).

(مالینۆفسکی) دەوروبەر دابەش دەکات بۆ:

١-دەوروبەری دەرونیcontexte of situation

٢-دەوروبەری ڕۆشنبیریcontext of culture

ڕۆڵی دەوروبەر لە لێکدانەوەی واتای ڕستەدا، کە یەکەیەکی زمانی نابەرجەستەیە لەدەرەوەی دەوروبەردا، ئەو مەبەستانەی تیدا دەرناکەوێت، بە پێچەوانەی ئەوەی وەک یەکەیەکی ئاخاوتن لە دەرووبەرێکی زمانیدا بەکاربێت، ئەوا مەبەستەکەی دیار و ئاشکرادەبێت. (سەعید ئەحمەد، ٢٠٢٠:١١٨).

کەواتە، واتای وشەیەکمان بەبێ دەوروبەرە جیاوازەکان، بۆ دەرناکەوێت و ڕوونبنابێتەوە، هەر بۆیە بیردۆزی دەوروبەر لایوایە (( هەموو وشەیەک دەکەوێتە تەنیشت وشەیەکی ترەوە، واتای ئەو وشەیە ناتوانرێت باسبکرێت و شیبکرێتەوە، بەبێ تێبینیکردنی لەگەڵ وشەکانی تردا)).(براح، ٢٠١٥:١٠).

بۆ ئەوەی واتای وشە ڕون و ئاشکرابێت؛ پێویستە پەیکاڵ بێت لەگەڵ ئەو واتایەی، کە وەکو سیفەتی گشتی وشەکە هەیەتی، بە واتایەکی تر هێمای زمانیی هاوبەشی هەیە، لەگەڵ بەکارهێنانیدا لەلایەن هەموو تاکێکی کۆمەڵەوە، کە لە ژینگەیەکی زمانیدا دەژین، بۆ نمونە

واتای(خانو، قەڵەم، شار،...هتد) لای هەمومان ئاشکرایە، چونکە واتاکەی لای هەمومان زانراوە و وشەکان پابەندکراون بە واتاکانیانەوە، بەڵام هەندێک وشە دەبنە هەڵگری واتایەک، کە ڕون و ئاشکرا نییە لە ئاستی بەکارهێنانی گشتیدا، وەک (وامزانی ڕادیۆیە، تۆزوبا...هتد). کەواتە واتا ((بریتییە لە دەرئەنجامی بەکارهێنانی وشە لەیەک ژینگەی زمانیدا)). (حیجازی ،١٩٧٣:١٥).

زمانەوانان بە شێوەیەکی گشتی، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پێویستە واتای ڕستەو دەربڕاوەکان لەڕوی لۆژیکەوە گونجاوبن. جۆرەکانی دەوروبەر کاریگەرییان لەسەر دەربڕاوەکان هەیە، بە واتایەکی تر ڕستەکان بەپێی جۆرەکانی دەوروبەر دابەشدەبن، واتا هەر ڕستەو دەربڕاوێک دەچێتە خانەی جۆرێک لە دەوروبەرەوە، هەرچەندە ژمارەو واتای ڕستە بەپێی دەوروبەر کۆتایی نایەت، بەڵام تاڕادەیەک دەتوانرێت بەپێی جۆرەکانی دەوروبەر پۆلێنبکرێت. بە شێوەیەکی گشتی دەوروبەر دابەشدەبێت بۆ دوو جۆر، یەکەم: دەوروبەری زمانیی، کە بریتییە  لەبنەمای(دەنگی، فەرهەنگی/لێکسیک، وشەیی). دووەم: دەرەوەی زمان/ دەوروبەری نازمانیی: بریتین لە( دەرونی، فیزیکی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئەبستمی/زانیاری). دوو بۆچون لە لایەن زمانەوانانەوە لە بارەی دەوروبەرەوە خراوەتەڕوو:

یەکەم : لایەنگرانی دەوروبەر: زمانەوانان( فێرس، هالیدەی، کاتز، فۆدەر)، کە ڕایانوایە واتای وشە پەیوەستە بە دەوروبەری گوتنەوە، بە واتایەکی تر واتای وشەو دەربڕاوەکان کاتێک ڕووندەبێتەوە، کە لە دەوروبەردا بەکاربهێنریت.

دووەم: نەیارانی دەوروبەر: زمانەوان(چۆمسکی) ڕابەری ئەم بۆچونەیە، کە پێیوایە ڕستەو کەرەستەو دەربڕاوە زمانییەکان، کاتێک شیاون بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە دەوروبەر داببڕێت، چونکە پەیوەستکردنی واتای وشە بەدەوروبەرەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین واتا لە دەربڕاوەکان باربکرێت و نەتوانرێت بەشێوەیەکی سانا دەستمان بەهەموو واتاکان بگات، کە واتای فەرهەنگی نین . بۆ نمونە :

-ئاوەکە گەرمە. ( واتایی فەرهەنگی).

-دڵی گەرمە. (خەمبارە و دڵی تەنگە).

-بازاڕی گەرمە. (فرۆشی زۆرە).

-خوێنی گەرمە. (خۆشەویستە).

-سەری گەرمە. (سەرخۆشە).

-دەستی گەرمە.(خێرایە لە کاردا).

-دەمی گەرمە.(قسە زۆر دەکات).

لە نمونەکانەوە ئەوە بەرجەستە دەبێت، کە دەوروبەر بەشداری لە واتای میتافۆڕی و ئیدیۆم و پەندیشدا دەکات و لەباریدایە، واتای جیاواز بە دەربڕاوەکان ببەخشێت. دەوروبەر دەتوانێت هاوبەشی لە وێنە و وێنە کاریکاتێرییەکاندا بکات و واتای جیاوازیان پێبدات، چونکە وێنەی کاریکاتێری مەبەست و واتایەک دەگەیەنێت، کەخۆی نییە، بەڵکو واتای پشت دەربڕاو و وێنەکان دەخاتەڕوو.

هەر ڕوداوێک دەتوانرێت وێنەیەکی کاریکاتێری لێبەرهەمبهێنرێت، کەئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەر نەتەوەیەک دەوروبەری نازمانی تایبەت بەخۆی هەبێت بەڕەچاوکردنی کلتور و دابونەریتی خۆیان، کە دەبێتە سیماو خەسڵەتی ئەو میللەتە، وێنەی کاریکاتێری پێویستە گوزارشت لە خۆشی و ناخۆشییەکان بکات، بۆ نمونە لە وێنەی کاریکاتێری ژمارە(٢)دا نیشاندراوە:




وێنەی کاریکاتێری ژمارە(٢)

(شاهین نەجم،٢٠٢٢)

ئەم وێنە کاریکاتێرییە، کە هێمای زمانیی و نازمانیی تێدا بەکارهاتوە؛ باسی گرنگترین کایەکانی ژیان دەکات، کە بریتییە لە دابینکردنی موچە بۆ هاولاتییەکانی، لە بنەڕەتدا ئەم مافە بەپێی یاسا و ڕێسای ولاتان جیاوازە، دەشێت لە هەندێک ولاتدا دابەشکردن و دابینکردنی موچە وەکو هەوال بدرێ بە گوێی موچەخۆرانیدا، کە بەهۆی باج و خەرجییەکانەوە کەمترین بڕی موچە بۆ فەرمانبەران دەمێنێتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین دیاردەی نەشیاو لەناو ئەو کۆمەڵەدا سەرهەڵبدات و ببێتە هۆی تێکچون و پچڕانی شیرازەی دابونەریت و نەتەوەیی ئەو میللەتە، بۆیە دەبێت وێنەی کاریکاتێری هەڵگری پەیام و مەبەستێکی دیاریکراو بێت و لەهەمانکاتدا زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بێت، بۆ خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی، یان تایبەت بێت بە کۆمەڵێکی دیاریکراو.

### ٣/٢ هێمای نازمانیی( ناگوتەیی):

زمان هۆیەکە بۆ لەیەکگەیشتن و پێوەندیکردن لە ڕێگەی هەردوو جۆرە هێماکەوە(زمانیی و نازمانیی). دەنگەکانی زمان شتێک دەنوێنن، کە خۆیان نین، کەواتە زمان گرنگترین و وردترین و ئالۆزترین سیستەمی هێمایە، لەگەڵ هێماشدا چەندین سیستەم و پێڕەوی نازمانیش هەن. لە ڕێگای هێماوە سودیان لێوەردەگیرێت و لەسەر هەمان بنەما کاردەکەن و هێمایەک بۆشتەکانی دەوروبەر دادەنێن، واتە نواندنی شتێک بە شتێکیتر.

هێمای نازمانیی: ئەو نیشانەو ئاماژە نازمانیانەن، کە کۆمەڵ پەسەندیکردون و بە مەبەستی لەیەکتر گەیشتن بەکاریاندەهێنێت وەک(گڵۆپی هاتوچۆ، وێنە، پەنجە بەرز کردنەوە، سلاوکردن، سیمای دەموچاو، شێوازی ڕاوەستان....هتد). (مەحویی، ٢٠٠٩:٥٤).

کەواتە، هێما نازمانییەکان چوارچێوەیەکی فراوانیان لە بەشداریکردن لە کردەی پێوەندیکردندا هەیە بەشێوەی سەربەخۆ بەبێ هیمای زمانیی، یان بە هاوکاری لەگەڵ هێمای زمانیدا بەکاردێت ،بە مەبەستی جەختکردنەوە و گەیاندنی زۆرترین مەبەست و واتا بە گوێگر. کردەی پێوەندیکردن بەهۆی(هێما و ئاماژەی دیاریکراو) جێبەجێدەکرێت و پێوەندیکردن هەندیکجار پشت بە چەند هێمایەکی نازمانیی دەبەستێت، وەک ئەو پێوەندییانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریاندەهێنین، بۆ نمونە لە کاتی سلاوکردن لە کەسێک سەرەتا بە هێمای زمانیی دەستپێدەکەین؛ پاشان تەوقەکردن، یان بەرزکردنەوەی دەست. کە هێمایەکی نازمانییە بەکاردەهێنین بە مەبەستی زیاتر گەیاندنی پەیام و مەبەستەکەمان. لەم جۆرە پێوەندیکردنەدا پێویستە(قسەکەر، پەیام، گوێگر)ئامادەیی هەبێت. هێمای نازمانیی لە ڕێگەی قسەکردن و نوسین و گفتوگۆوە جێبەجێناکرێت، هەرچەندە وەکو مێژووی سەرهەڵدانی لە هێمای زمانیی کۆنترە،

دەکرێت وەکو سەرەتای دروستبوونی زمان دابنرێت، بەشێک لە شارەزایان وەک (ڤۆنت، مار، بیاجە). کۆدە نازمانییەکانیان بە سەرەتای زمانی قسەکردن داناوە، کاتێک ئەم کردەیە ئەنجامدەدرێت. کە دەوروبەر گونجاو نییە دەتوانرێت زۆرترین واتا بە کەمترین کات بگەیەنێت، یان ناکرێت و ناگونجێت لەو ساتەوەختەدا بە نوسین و قسەکردن مەبەستەکە بگەیەنرێت. (فەتاح، ۱۹۹۰:۱۰-۱۱).

هێمای نازمانیی، بەپێی بارودۆخی کەسەکان لە ڕوی بەشداریکردنی هەستەکانەوە دەگۆڕێت، بۆ نمونە کەسێکی (نابینا) لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە دەتوانێت ئەو کۆدە بکاتەوە لە ڕێگەی دەنگی قسەکەرەوە کەسەکە بناسیتەوە. گوێگر بە شێوەیەکی گشتی لە پێوەندی هێمای زمانیدا پشت بە هەستی بینین دەبەستێت، پاشان بە پێی ئەزمون و لایەنی کۆمەلایەتی و شارەزایی و دەرونی و....هتد، شیکردنەوە بۆ هێما نازمانییەکان دەکات.

هێما نازمانییەکان، هەموو ئەو ڕەفتار و جولانە دەگرێتەوە(جگە لە قسەکردن)، کە لە کۆمەڵدا دەتوانرێت واتای جیاوازیان لێبەرهەمبهێنرێت، بە شێوەیەکی گشتی پێوەندیکردن، کە زیاتر هێمای نازمانیی بەرجەستەی دەکات، بریتین لە کۆدەکانی(دەربڕین، ڕاگەیاندن، دەستکرد، بارودۆخ، گلۆپی هاتوچۆ). پەیوەست بە کاری ئەم توێژینەوەیەوە کارکردنمان پێوەندی ڕاستەوخۆی بە هێمای زمانیی و نازمانییەوە هەیە، کە بتوانرێت واتاو مەبەست و پەیامی لێباربکرێت، پەیوەست بە شیکردنەوەی واتای وێنەی کاریکاتێر، چونکە هێمای نازمانیی دەتوانرێت چەندین واتا بگەیەنێت، کە زیاتر و کاریگەرترە لە واتای هێمای زمانیی، چونکە هێمای زمانیی واتای فەرهەنگی دەربڕاوەکانە ،بێجگە لە واتای پڕاگماتیکی و پەنامەکی و میتافۆڕی، کە زیاتر لە واتایەکدا ڕووندەبێتەوە.

جگە لە کۆدەکان، نیشانەو ڕەمز(symbol)ئاماژە لە هێمای نازمانیدا وەکو کەرەستەکانی هێما سازی ئاماژەیان بۆ کراوە. کۆدەکان لە هێماسازیدا زاراوەیەکی زانستی هێمایەو بریتییە لە هێما دانان، کەسی قسەکەر پەیام و هەواڵەکە لە شێوەی کۆددا دەنێرێت بۆ گوێگر و ئەویش لە ڕێگەی کۆزانیاری و کلتور و دابونەریتەوە کۆدەکە هەڵدەوەشێنێت و لێکیدەداتەوە. (مەحویی،۲۰۹:۱۳۸).

هەندێکجار کۆد گۆڕینەوە و کۆد تێکەڵکردنیش، لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا ڕودەدات، پێویستە کۆدەکان لای نێرەر و وەرگر بوونیان هەبێت و زانراو بن. کۆدەکان لە باریاندایە تایبەتمەندییەک بۆ هێماکان زیادبکەن، بە مەبەستی گەیاندنی واتایی ڕوونتر و ئاشکرا و پێوەندی لە نێوان هێما و هێمابۆکراودا ڕونبکەنەوە. کۆد وەکو سەرچاوەو هۆکاری

پێوەندیکردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا بەکاردێت، هەر بۆیە (( کاتێک دوو کەس یان زیاتر بە قسە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا دەبەستن دەتوانرێت ئەو پێڕەوبەندییەی لە پێوەندیکردندا بەکاری دەهێنن ناوبنرێت کۆد)).(wardhaugh,1990;1)

کەواتە، دەوروبەر و بارودۆخ کاریگەری لەسەر کردنەوەی کۆدەکان هەیە، پێویستە گوێگر کۆدەکان شیبکاتەوە بۆ فۆڕم و ناوەڕۆک(واتا) پاشان کۆدەکان دەکاتەوە، ئەم پێوەندییە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا بەردەوام دەبێت، واتە کۆد کردنەوە و کۆد دانان پێوەندییان بە یەکەوە هەیەو تەواوکەری یەکترن ,هەر بۆیە(جاکۆپسن) دەڵێت(( دوو سەرچاوەی سەرەکی بۆ شیکردنەوەی هێماکان هەیە، یەکێکیان کۆدە، ئەوی تریان دەوروبەرە)). بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا، لە ساڵانی پێشودا لە کێڵگەی واتایی میوەکاندا (کرمتنی) لە کوردستان بوونی نەبوو، یان وەکو میوە بەکارنەدەهات و بەرجەستە نەبوو، ئەگەر کەسێکی بیانی ناوی(کرمتنی) بهێنایە کەسی گوێگر لە واتاکەی نەدەگەیشت، چونکە کۆد و هێماکە لای هەردوکیان زانراو نەبوو.

هەرچەندە ژمارەیەک لە زمانەوانان بیروڕایان پێچەوانەیە بۆ نمونە(هالhall) لەو باوەڕەدایە، دەکرێت کۆدکردن و کۆدلێکدانەوە یان کۆدکەر و کۆدلێکدەرەوە وەکو یەک هاوتا نەبن، یان پێگەی کۆمەڵایەتی و کلتورییان جیاواز بێت، لەم کاتەدا لێکدانەوەی کۆدەکە لای گوێگر جیاواز دەبێت لە واتای کۆدەکە. کۆدە نازمانییەکان دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە(ڕانداڵ هاریسۆن) بەم جۆرە دابەشیکردون:

١-کۆدەکانی دەربڕین:

بریتییە لەو کۆدانەی تایبەتن بە جوڵەی دەست و سەر و زمانی جەستەو ئاوازەو بەرز و نزمکردنەوەی دەنگ، لێرەدا پێویستە ئاماژەش بۆ( پارا زمانیی) بکرێت، کە ئەو دەنگانەن، هەڵگری واتان و دەتوانن واتا بگۆڕن لە کاتی جێبەجێکردنیاندا، یان فەرامۆشکردنیان، بەڵام ناچنە چوارچێوەی فۆنێمەکانەوە تەنها لە کاتی ئاخاوتندا دروست دەبن بەهۆی(ترس و شەرم و دڵەڕاوکێ و....هتد).

(تراگەر) ڕایوایە(( (پارا زمانیی) زمانی سیفەتی دەنگە وەک ڕیتمی دەنگ و بەرزی و نزمی دەنگ)). زمانی جەستەش یەکێکە لە پێکهاتەی قسەکردن و هیچ کەسێک لێی بێبەش نییە، هەندێکجار بە شێوەی بێئاگایی و هەندێک جاریش بە شێوەی ئاگایی ئەنجامدەدرێت.

ئەم زمانە بۆ پێوەندیکردن زۆر گرنگە و یەکێکە لە گریمانەکانی پەیدابوونی زمانی مرۆڤ، هەر بۆیە(دافیت برۆکرۆمید) دەڵێت(( ئێمە بە ئەندامی دەنگیمان قسە دەکەین، بەڵام بە هەموو جەستەمان دەدوێین)).

زمانی جەستە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوێزرێتەوە و تاکەکانی کۆمەڵ فێری دەبن، هەر بۆیە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر جیاواز دەبێت، دەشێت ئاماژەو هێمایەکی نازمانیی دوو واتای جیاواز لای نەتەوەکان بگەیەنێت، یان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت. لە هەمانکاتدا زمانیی جەستەی هاوبەشیش هەیە، وەک هێمای نازمانیی لای(کەڕو و لاڵەکان)، کە شێوەیەکی گشتی لای هەموو نەتەوەکان هەیە.

زمانی جەستە بە دوو شێوە ئەنجامدەدرێت، یەکێکیان بریتییە لە زمانیی جەستەی بایلۆژی، کە زیاتر کەسەکە وەکو خویەک فێری بووەو واتا و پەیام ناگەیەنێت. ئەوی دیکەیان زمانی جەستەی کۆمەڵایەتییە، ئەمەیان پێویستە مرۆڤ فێری ببێت، بۆ ئەوەی بتوانێت پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی دروست پەیڕەو بکات و لە کاتی مامەڵەکردن لەناو کۆمەڵدا، وەک( جوڵەی سەر و دەربڕینەکانی ڕوخسار و چاو...هتد). لە وێنەی ژمارە(٣)دا، شێوازی ڕوخساری کەسێک نیشاندەدات، کە دڵی خۆشە، ئەمەش وەکو کۆدێکی دەربڕین بەکاردەهێنرێت.



https://pin.it/6X0A7aA

وێنەی ژمارە(٣)

دەربڕینی ئەم کۆدانە لە بەرجەستەکردنی وێنەی کاریکاتێر و ئاماژەکانی و واتاکانیان ڕۆڵ و گرنگی خۆیان هەیە وەک ڕاوەستان و دانیشتن و جوڵەی چاو و سەیرکردنی وێنەکان، کە هەریەکەیان واتا و مەبەستی جیاواز دەگەیەنن.

٢-کۆدە دەستکردەکان:

ئەو هێما و جلوبەرگ و کەلوپەلانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ دروستکەرو داهێنەریەتی و هەڵگری واتاو مەبەستن، بۆ نمونە جلوبەرگی سەربازی و نیشانەکانی پلەی سەربازی و پلەو پۆستی کەسەکە دەردەخەن، یان هەڵگری(سەلیب) نیشانەیە بەوەی کەسەکە پەیڕەوی ئاینی مەسیح دەکات.(مەحویی،٢٠٠٨:٦٠-٦٥).

بۆ نمونە لە وێنەی ژمارە(٤)دا، کۆدی دەستکرد خراوەتەڕوو:



وێنەی ژمارە(٤)

.https://pin.it/6X0A7aA

لە ڕۆژگاری ئێستادا کوتانی تاتۆ، یان چاککردنی قژ بە شێوەیەک، بۆ نمونە(ئیمۆ)، کە واتایەکی تایبەت دەگەیەنێت بەدەوروبەر، ئەم کۆدانەش یارمەتی گوێگر و کەسی بەرانبەر دەدات بۆ ئەوەی ئامادەباشی وەربگرێت لە کاتی قسەکردندا. هەروەها ئەم کۆدانەش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆکارێک بۆ ناسینەوەی خەڵکی ئەو ناوچانە بۆ نمونە ئافرەت کاتێک خشڵ و زێڕی زۆری پێوە بێت دەبێتە کۆدێک بەوەی ئەو کەسە خەڵکی ناوچەی بادینانە.(عوسمان، ٢٠٠٩:٢٥-٢٦).

٣-کۆدەکانی بارودۆخ:

مەبەست لە بارودۆخ بریتییە لە(شوێن و کات و ڕوداو بۆنەو...هتد). جۆری پێوەندیکردن و چۆنێتی ڕەفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسی بەرانبەردا، وەک پشتلێکردن و بێزاری دەربڕینی ڕوخسار، بۆ نمونە بانگکردنی کەسێک بۆ بۆنەیەک، یان ئامادەکردنی شوێن و خواردنی تایبەت نیشانەیەو ڕێزگرتن دەردەخات، بە پێچەوانەوە زمانی جەستە وەک ڕو تێنەکردنی کەسێکی ناسراو نیشانەی زیزبوون و نیگەرانییە. (ابراهیم، ٢٠٠٦:٣١-٣٢). بۆ نمونە لە وێنەی ژمارە(٥)دا خراوەتەڕوو:



وێنەی ژمارە(٥)

.https://pin.it/6X0A7aA

٤-کۆدەکانی ڕاگەیاندن:

ئەم جۆرەیان زیاتر پەیوەستە بە پێوەندیکردنی جەماوەری، واتە ئەم کۆدە زیاتر مامەڵە لەگەڵ جەماوەر و تاکەکانی کۆمەڵدا دەکات، وەک بەکارهێنانی وێنە و کاریکاتێر و مۆسیقای تایبەت و ڕەنگ و....هتد، بۆ نمونە لە وێنەی ژمارە(٦)دا، گوزارشت لە دەنگی شمشاڵ دەکات، کە تایبەتە بە نەتەوەی کورد.

ئەم کۆدەیان زیاتر لەگەڵ بابەتی ئەم توێژینەوەیەدا یەک دەگرێتەوە، کە مەبەستمان وێنەی کاریکاتێرییە، پێویستە تاکەکان زانیاریی تەواویان لەسەر شێواز و کێشانی وێنەی کاریکاتێری هەبێت، چونکە ئەو واتایەی کاریکاتێرێک لە کەمترین کات و وزەدا دەیگەیەنێت، هێما

زمانییەکان ناتوانن ئەو واتاو مەبەستە بگەیەنن، لە کاتێکدا  وێنەی کاریکاتێری دەتوانێت چەندین لێکدانەوەی واتایی هەڵبگرێت، وەک:



وێنەی ژمارە(٦)

https://pin.it/6X0A7aA

وێنەی کاریکاتێری مەودایەکی فراوانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە جیهانی و ناوخۆییەکاندا پڕکردۆتەوەو زۆرترین کاریگەری لەسەر کەسانی دەسەڵاتدار و خاوەن پلەو پایە و کێشە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان بە شێوەیەکی پەنهان دروستکردوە، بینەران و خوێنەران، دەتوانن واتا و مەبەستی جیاوازی لێهەڵبهێنجن و پەیامێکی مەبەستدار بگەیەنێت.(صابر مامە، ٢٠٢١:٤٤). کە لە پارەکانی دواتردا زیاتر تیشکی دەخەینەسەر.

٥-کۆدەکانی گڵۆپی هاتوچۆ:

ئەم کۆدەش گرنگی و ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە لە ڕێکخستن و بەردەوامبوونی ڕێڕەوی هاتوچۆ. هەرچەندە زۆر کۆدی تر هەیە ڕۆڵی لەم کۆدە کەمتر نییە لەم کۆدە وەک کۆدەکانی(نەخۆشخانە و ئاڵا و هێماکانی سەر شەقام و ئاگادارکردنەوەی کەسەکان و شوێنی پەڕینەوەی کەم ئەندامان و....هتد)، بۆ نمونە، لە وێنەی ژمارە(٧) دا خراوەتەڕوو:



وێنەی ژمارە(٧)

.https://pin.it/6X0A7aA

جیاوازی کۆدی هاتوچۆ لەگەڵ ئەوانی تردا لەوەدایە، کە ئەم کۆدە لەگەڵ زمانی مرۆڤدا زۆر لە یەکدەچن، چونکە هەردووکیان خاوەنی پێڕەوێکی گشتین و شێوازی پێڕەوی هەریەکەیان لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

پێڕەوی زمانیی مرۆڤ لە ئاستەکانی زماندا بریتییە لە:

آ-ڕستەسازیی: لێکدانی کەرەستەکانی زمانە بۆ دروستکردنی ڕستەو دیاریکردنی پەسەندترینیان وەک:

٤٤- وانەکە خوێندکارەکە خوێندی. (پەسەند).

٤٥-خوێندکارەکە وانەکەی خوێند. (پەسەندترین).

هەمان کردەو پرۆسە لە گڵۆپی هاتوچۆدا پەیڕەو دەکرێت وەک ڕەنگەکان لێکدەدرێن لە جیاتی مۆرفێم و وشەکان و بە پێی ڕەنگەکان واتایەک دەگەیەنێت کە بریتین لە سێ ڕەنگ(سەوز، پرتەقاڵی، سور).

ب- واتاسازیی: پێویستە کەرەستەکان هەڵگری واتا بن و پەسەند بکرێن وەک (بکەر+بەرکار+کردار) ، کە هەر کەرەستەیە واتای تایبەتی خۆی هەیە. لە گڵۆپی هاتوچۆدا

پێدانی واتایە بەو سێ ڕەنگە وەک (سور) واتای وەستان و(سەوز) واتای ڕوشتن و (پرتەقاڵی) واتای ئامادەبوون دەگەیەنێت.

ج-پراگماتیک: گرێدانی ئەو سێ ڕەنگەیە بەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەی، کە مرۆڤ ئەنجامیدەدات لە کاتی بەکارهێنانی وشە و زاراوە و کۆدەکاندا، کە کەسی بەرانبەر لە واتا و مەبەستی پەنامەکی دەگات، بە پێی هاوبەشیکارانی ئاخاوتن و دەوروبەر. لە گڵۆپی هاتوچۆدا ئەو ڕەفتارانەی کە شۆفێر و تاکەکانی کۆمەڵ جێبەجێیدەکەن وەک(جوڵان، وەستان، ئامادەبوون). کەواتە دەتوانرێت بگوترێت پێڕەوی گڵۆپی هاتوچۆ و پێڕەوی ئاستەکانی زمان لە یەکەوە نزیکن و هەردوکیان دەتوانن واتا و مەبەستێکی دیاریکراو بگەیەنن. (فەتاح،١٩٩٠:٢٣-٢٤).

## بەشی سێیەم:

## ١/٣:چەمک و زاراوەی وێنەی کاریکاتێری:


لەگەڵ بەرەوپێشچونی ژانرەکانی هونەر و ئەدەبدا، پێداویستی کۆمەڵ و دروستبوونی گۆڕانکاری لەشێوازی بەڕێوبردنی وڵات و لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و...هتد، لە لایەکی ترەوە بێزاربوون لە گەیاندنی خەم و ئازارەکانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان بە وتارێک لە گۆڤارێک یان ڕۆژنامەیەکدا یاخود لە دوو توێی کتێبێکدا، بێباکی دەسەڵاتداران لە وەڵامدانەوەی داواکاری خەڵکانی ئاسایی و چەندین هۆکاری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و کلتوری....هتد، پێویستبوونی هاتنەکایەی هونەری کاریکاتێری زیاترکرد، سەرەتاکەی لە ئەدەبدا بۆ هونەری تەنز نوسین دەگەڕێتەوە، کە بریتییە لە هەر کارێکی ئەدەبی یان هونەری، کە ئامانجی گاڵتەپێکردن بێت. بە مەبەستی گەیاندنی پەیام بەشێوەیەکی خێرا لەکاتێکی دیاریکراودا . لە دونیای ئەمڕۆدا، هیچ سیستەمێک ناتوانێت، تەواوی دەرگاکانی ئازادی ڕادەربڕین بەڕوی جەماوەرەکەیدا دابخات، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هونەری ڕەخنەو کاریکاتێری لەبەرەوپێشچوندا بێت.

زاراوەی کاریکاتێر لە وشەی(Caricatura)ی ئیتاڵییەوە هاتوە، واتای زیادەڕۆیی دەگەیەنێت. یەکێکیشە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی هونەری تەنز نوسین. (مەلا مەحمود، ٢٠١٤:٦).

بنچینەی زاراوەی تەنز لە وشەی(Satura ,Satira)ی لاتینییەوە سەرچاوەی گرتووە، بە واتای سەبەتەیەکی پڕ لە میوە پێشکەش بە یەکێک لە خواوەندەکانی جوتیاران کراوە. (ئەحمەد،٢٠١٥:٥). دەربارەی زاراوەی کاریکاتێر دوو بۆچون هەیە:

یەکەم: بە زمانی لاتینی واتای زیادەڕۆیکردن لە کەموکورتییەکاندا دێت. واتە هەرکاتێک کەمو کوڕی و دابیننەکردنی پێداویستی خەڵک زیادیکرد، ئەم هونەرە زیاتر ئەرکی دەکەوێتە سەرو پێویستە کارابێت.

دووەم: دەگەڕێتەوە بۆ ناوی (کاراکان)ی ئیتاڵی، کە یەکەم کەس بووە گرنگی بەم کارە داوە، ناوی خۆی بریتی بووە لە(نیپاڵ کاراکاش) بەهۆی گۆڕانی فۆنەتیکی و ئاسان دەربڕینەوە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (کاریکاتێر).(چاوپێکەوتن، فەتاح،٢٠٢٢، ١٠:١٥).




لە بارەی پێناسەی کاریکاتێرەوە لە چەندین گۆشەنیگاوە ئاماژەی بۆ کراوە:

گۆڕینی شێوازەکانە، بۆ شێوازێکی پێکەنیناوی لە ڕوکەشدا، بەڵام لە ناوەڕۆک و ناخدا دەتگریەنێت.(چاوپێکەتن، فەتاح، ٢٠٢٢، ٩:٠٠ ).

لەم پێناسەیەوە ئەوە بەرجەستە دەبێت، کاریکاتێر بە شێوەیەکی کۆمیدی (هەزەلی) دەخرێتەڕوو، دەتوانرێت بە هونەرێکی کۆمید تراژیدیا ناوببرێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەڵگری چەندین پەیامە، ئەگەر بینەر و خوێنەر بەچاوێکی وردی ڕەخنەییەوە لێیبڕوانێت، ئەوا لە ناخەوە هەست بە خەم و نیگەرانی دەکات، واتە خەندە دەخاتە سەر لێوەکان، بەڵام لە ناخدا دەتگریەنێت. ساتیر لە ڕێگەی کاریکاتێرەوە بە وشە، باس لەبەد وتاری دەکات و ڕوناکی دەخاتەسەر پێوەندییە نەگونجاوەکان. (ئەحمەد،٢٠١٥:١٠).

(بەکر عەبدولڕەحمان)، لایوایە کاریکاتێر ((هەوێنە بۆ خەندەیەکی تاڵ، تاگریان بکات بە گڕوگاڵ، هونەری تێکشاندنی قاڵبەکان و بەزاندنی سنورە دەستکردەکانە لە ڕێگای زمانی هێڵ و وێنەوە، پەیامی گێڕانەوەی ڕێز و شکۆیە بۆ ئینسان، چاوەکانت دەشواو هانتدەدات و پێت دەڵێ:تاکێکی سەربەخۆ و ئازادبە ئەزمونی ژیان بکە و بۆ فریادڕەس مەگەڕێ)).

کاریکاتێر، هونەرێکی عەنتیکە و پێکەنیناوییە، هەڵگری ڕەهەندی پێکەنین و گاڵتەپێکردن و توانج و ڕەخنەگرتن و .....هتد، گەلێک مەبەست و واتای لەپشت خۆیدا حەشارداوە، بەدەرکەتن و بەرجەستەبونیان مرۆڤ دێنێتە پێکەنین یان دڵتەنگکردن. (قادر،٢٠١٩:٩٩).

ئێمە دەڵێین کاریکاتێر، هونەرێکە؛ گوزارشت لە هەست و ناخی کاریکارتێرست دەکات، لەڕوی پەیبردن بە کەموکوڕی و زیادەڕۆییەکان و پیشاندانی بەکۆمەڵ بە شێوازێکی کۆمیدی و گاڵتەئامێز، بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەو هۆشیارکردنەوەو هەڵوێست وەرگرتن.

(چارلی چاپلین)دەڵێت (( سەیری فیلمەکانم دەکەن پێدەکەنن، بەڵام لە ناخەوە دەگرین)).

(عەزیز نەسین) دەڵێت (( کەس نەیتوانی بەرد بکات بە زێڕ، بەڵام من توانیم فرمێسک بکەم بە خەندە و پێکەنین)). کەواتە پێویستە وێنەی کاریکاتێری بە کەسی نەکرێت، بەڵکو هەڵگری پەیامێکی گشتی (جیهانی) بێت، سوودبەخش و پێشکەوتنخواز و زانست خوازبێت، بەمەبەستی

خزمەتکردن بەکۆمەڵ بەکاربهێنرێت. وێنەی کاریکاتێری، کاتێک چالاک دەبێت، کە ئەو بابەتانە دەگرێتە خۆی، کە دەسەڵات یان دابونەریت دەرفەتی دەربڕینی ڕاستەخۆیان پێنادات.

(برینان) دەربارەی کاریکاتێر دەڵێت ((جۆرێکە لە دیاریکردن و وێنەکردنی شێوەکانی دەموچاو، کەبەجۆرێک جیاوازی تێدەکەوێت لە وێنە بنەڕەتییەکەی خۆی ئەمە قەبارەیەکی زیاتر لە زانیارییەکان بە ئاوەزی کەسی بەرانبەر دەدات، بەو وێنەیەی دروستکراوە، واتە لەپاڵ واتا سیمانتیکییەکەیدا ئاماژە بە واتا شاراوەکەی دەدات)).

کاریکاتێر، جۆرێکی بڵاوە لە جۆرەکانی هونەر لە سەدەکانی(١٦-١٧)دا بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانەو کۆمیدی هونەرەکەیان دەخستەڕوو، بە تایبەتی ئاراستەی کەسایەتییە سیاسییەکان و گشتییەکانیان دەکرد، پاشان لە لاپەڕەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەدا بەشێوەی وێنە بەبێ نوسین بەرجەستەیان دەکرد، لەبەر ئەوەی زۆرینەی خەڵکی نەخوێندەوار بوون.

لەسەرەتاوە بەخەڵوز پاشان پێنوسی ڕەساس و لە ئێستاشدا حیبر و جۆرەکانی بۆ وێنەکێشانی کاریکاتێر بەکاردەهێنرێت. ئامانج لە کێشانی وێنەی کاریکاتێر، ڕێگایەکە بۆ دەرخستنی ڕەسەنی کەسەکان، بەشێوازێک دەتوانرێت لەناو خەڵکدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش باسیبکرێت.

کاریکاتێر، تەواوکەری تەنزە بە شێوازی هێڵ و فۆڕم و سکێچ، کە هەندێکجار سکێچەکە دەچێتە ناو تەنزەکانەوە، بۆیە لە پشت هەموو کارێکی کاریکاتێرییەوە تەنزێکی شاراوە بوونی هەیە. ئاشورییەکان(گای باڵدار)، یان گۆڕینی هۆنراوەی داشۆرین؛ لە ڕێگەی وێنەی کاریکاتێرییەوە نیشانداوە، لە سەردەمی ڕێنسانسدا وێنەی پاپایان بە شێوەیەکی نائاسایی و شێواوی ڕوخساریان خستۆتەڕوو. ئەم هونەرە لە دوای ساڵی(١٨٠٠)زاینی چۆتە ناو خەڵکەوە، بەڵام کەمتر هەڵگری مەبەست و پەیام بووە، کەواتە لە کۆندا کاریکاتێر زیاتر بۆ مەبەستی بەسەربردنی کات و بازرگانی بووە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە وێنەی کاریکاتێری کەموکوڕی لەشی مرۆڤیان بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی باسدەکرد، یان بڵاوبونەوەی نەخۆشی لە ڕێگەی وێنەی کاریکاتێرییەوە دەخستەڕوو. (غەریب،١٩٩٩:٥).

لە ئێستادا، ئەم هونەرە وەکو بابەت و هەڵگری هەموو جۆرە پەیامێک(کورتخایەن و درێژخایەن) و سەرنجێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و شێوە و پەیام و پانتایی وێنە کاریکاتێرییەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. هونەری کاریکاتێری بەشێکە لە هونەری وێنەکێشان، ئەگەر هێمای زمانیی لەگەڵدا بەکارنەیەت، هەر بۆیە پێویستە وێنەکێش کاریکاتێرست بێت، بە پێچەوانەوە مەرج نییە کاریکاتێرست وێنەکێش بێت، چونکە وێنەکێش

وێنەیەکی ڕاستەقینە دەکێشێت و تاڕادەیەک هونەرێکی لاسایی کەرەوەیە، بەڵام کاریکاتێرست وێنەی ڕاستی ناکێشێت، بەڵکو گۆڕانکاری لەڕوخسار و ناوەڕۆکی وێنەکاندا دەکات، لە کوردستاندا سەرەتای ئەم هونەرە تاڕادەیەک بەمەبەستی پەیداکردنی بژێوی و بازرگانیکردن و پیاهەڵدان بووە، واتە کەمتر ڕەخنەیی بوون، بەڵام لە ساڵەکانی حەفتادا وەکو بابەت سەیرکراوەو ڕەخنەی لە بارەی ژیانی کۆمەڵ و دەسەڵاتدارانەوە بەرجەستە کردووە، بۆ نمونە وێنەی کاریکاتێری بەشداری لە ڕوپەڕی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا کردووەو پێشانگای تایبەتی بۆ کراوەتەوە.

لە ساڵانی نەوەدەکاندا چەند گۆڤارێک بە هونەری کاریکاتێری یایبەت کرا، یان گۆشەیەکیان بۆ تەرخانکردوە، وەک(سیخورمە، کوردستانی نوێ، گەپ،...هتد)، ئەم هونەرە زیاتر پەیوەست و پێوەندی ڕاستەوخۆی بەجەماوەرەوە هەیەو میللەت دەتوانێت خاوەندارییکات، بنەماکانی کاریکاتێر بریتین لە(تەنز، ڕەخنە، پێکەنین). (چاوپێکەوتن، لوقمان محەمەد، ٢٠٢٢،٣٠:٩).

ئەگەر کاریکاتێر هێمای زمانیی لەگەڵدا بێت، ئەوا تایبەتە بە میللەتێک، چونکە زمانی ئاخاوتن یان نوسینی نەتەوەکان جیاوازن و هەموو کەسێک لێی تێناگات، بەڵام ئەگەر هێمای زمانیی لەگەڵدا نەبێت، واتە تەنها هێمای نازمانیی تێدا بەکارهاتبێت، ئەوا شێوەیەکی گشتی و جیهانی وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی هێما نازمانییەکان جیاوازییان نییە لە نێوان نەتەوەکاندا و هەمان مەبەست و پەیام دەگەیەنن. کێشانی وێنەی کاریکاتێری یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، پێویستە زبر نەبن و زۆر چڕ و پڕ نەبێت و لە ڕاستەوە بۆ چەپ بێت، ئەگەر پێویست بوو یەک دوو وشەی لەگەڵدا بەکاربێت. پێویستە ڕێز لە کەسایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی بگیرێت، گەورەکردنی ڕوخسار و تۆخکردنەوەی دەستی قەڵەم، یان مێشک و...هتد، مەبەست لێی ڕێزلێگرتنە، هەرچەندە بە پێی جۆری وێنەکە و ئەو ئەندامەی تیشکی دەخرێتەسەر گۆڕانی بەسەرردادێت، بەڵام بچوککردنەوەی، تا ڕادەیەک دەچێتە خانەی سوکایەتیپێکردنەوە.

بۆ نمونە، هونەرمەند(ئەحمەد سالار)، شێوازی قسەکردن و بەکارهێنانی هێمای نازمانیی؛ وەک بەشیک لە ڕێزگرتن لە هونەری شانۆ و دراماکانیدا نمایش دەکات. یەکێکە لە ئەخلاقیاتی(ئاینی، ڕامیاری، نەتەوە...هتد)، هونەری کاریکاتێری پێویستە ڕەچاوی پیرۆزییەکان بکات و سنوریان نەبەزێنێت، بەڵام مەرجە کاریگەری لەسەر سەرکردەو سەرۆک و بەڕێوبەرانی وڵات دروست بکات، بەمەبەستی چاککردنی کاری سیاسی و ئابوری و بەڕێوەبرنی وڵات، بێگومان ئەمەش بە بەرژەوەندی گشتی گەل کۆتایی دێت.

## ١-١/٣ جۆرەکانی کاریکاتێر:

وێنە کاریکاتێرییەکان، لەڕێگەی دەوروبەری زمانیی و نازمانییەوە لێکدانەوەو شرۆڤەی واتاییان بۆ دەکرێت، بەواتایەکی تر بۆگەیشتن بە واتای وێنە کاریکاتێرییەکان پەنادەبرێتە بەر واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی بۆ ئەوەی لەمەبەست و پەیامی وێنە کاریکاتێرییەکە بگەین. لەم ڕوانگەیەوە کاریکاتێر لەچەند ڕوویەکەوە پۆلێن دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی و بۆگەیاندنی پەیام و مەبەستەکانی دابەشدەبێت بۆ:

١-کاریکاتێری پۆرترێت: ئەم جۆرە وێنە کاریکاتێرییە لە شێوەی چیرۆک و ڕۆماندا پەیام و مەبەستی خۆی دەگەیەنێت، یان دەکرێت لە گۆشەیەکی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ئاماژەی بۆ بکرێت.

٢-کاریکاتێری کارتۆن: ئەم جۆرەیان شێوازێکی گشتی هەیە، کە باسی کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابوری یان ڕامیاری دەکات، بە واتایەکی تر ڕەخنە لە کەسانی دەسەڵاتداری وڵات دەگرێت لەڕووی بەڕێوبردن و ڕایکردنی کاروبارەکانی خەڵکی لە ڕێگەی گۆڕینی شێوەی ڕوخسار و ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤەوە. (چاوپێکەوتن، بەکر عەبدولڕەحمان، ٢٠٢٢/٧/٨).

کاریکاتێرەکان لەڕوی گەیاندنی پەیام و ئەو مەبەستەی هەڵیانگرتووە دابەشدەکرێت بۆ کاریکاتێری(ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، کۆمیدی...هتد).

لە لایەکی ترەوە دابەشکردنی کاریکاتێر لەڕوی دروستکردن(تەکنیک) و کێشانی وێنەکانییەوە دابەش دەبێت بۆ:


آ-وێنەی کاریکاتێری و هێمای زمانیی: لەم جۆرەیاندا وێنەی کاریکاتێری لەگەڵ بەکارهێنانی هێمای زمانیی تێکەڵدەکرێت، هەندێکجار هێما زمانییەکە لە وشەیەک یان فریزێک یان ڕستەیەک پێکدێت. ئەم تێکەڵکردنە لە وێنە کاریکاتێرییەکاندا بە مەبەستی زیاتر ڕونکردنەوەو گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراوە لە کەمترین کاتدا بە خوێنەر و بینەر، چونکە تێگیشتن لە هەندێک وێنەی کاریکاتێری بەبێ بەکارهێنانی هێمای زمانیی بینەر و خوێنەر ماندودەکات، تاکو بەو واتایە دەگات، کە لە پشت وێنە کاریکارتێرییەکانەوە پەنهان و نادیارە. (چاوپێکەوتن، بەکر عەبدولڕەحمان،٢٠٢٢,٢٥:٤)، بۆ نمونە:




وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١)

https://www.facebook.com/poly12amadayi/


ب-وێنەی کاریکاتێری بەبێ هێمای زمانیی: لێرەدا وێنە کاریکاتێرییەکە بەبێ بەکارهێنانی هێمای زمانیی دەخرێتەڕوو، کاریکاتێرست لە دوای بیرکردنەوەیەکی قوڵ ئەم وێنەیە دەکێشێت، کە هەڵگری پەیامێکی دیاریکراوە، پێویستە بینەر شارەزایی لە لێکدانەوەی واتایی وێنەکاندا هەبێت تا بە کەمترین کات لە مەبەست و واتای کاریکاتێرەکە بگات و شیکردنەوەی بۆ بکات. تێگەیشتن لەم جۆرە وێنە کاریکاتێرییە لە جۆری (آ) ئاڵۆزترە، چونکە هیچ هێمایەکی زمانیی تێدا بەکارنەهاتووە بۆ نمونە:



وێنەی کاریکاتێری ژمارە (٢)، ( بکر عبدالرحمن، درەختە ئەنفالکراوەکان:٨)

ج- وێنەی کاریکاتێری و هێمای زمانیی و نازمانیی: لەم جۆرە وێنە کاریکاتێریەدا، کە هێمای زمانیی و نازمانیی بەشداری لە گەیاندنی واتاو مەبەستی پشت وێنە کاریکاتێرییەکاندا دەکەن،

که تا ڕادەیەک سنوری تێگەیشتن لە واتاکەی پەیوەست دەبێت بە نەتەوەیەکەوە، کە هێما زمانییەکەی بەکارهێنراوە. تێگەشتن لە واتای ئەم جۆرە ئاسانترە لە جۆری(آ، ب)، واتە بینەر و خوێنەر زۆر ماندوناکات، وەک لەم وێنە کاریکاتێرییەدا خراوەتەڕوو:




وێنەی کاریکاتێری ژمارە(٣)

https://www.facebook.com/groups/1095359758049483/?ref=share

کەواتە جۆرەکانی کاریکاتێر بەچەند شێوازێک دابەشکراوە، بەپێی ئامانج و شێوازی گەیاندنی کەسەکە دەگۆڕێت، بۆ نمونە کاریکاتێری لۆژیکی بریتییە لە هەڵوێستی ئەو کەسانەی، کە خوێنەرن، مامەڵە لەگەڵ دابونەریتی خێزان و ئاین و سیاسەت و ئابوری...هتد، دەکات. کاریکاتێری خەیاڵی باس لەو بابەتانە دەکات، کە مرۆڤ ناتوانێت لە لۆژیکدا بەرجەستەی بکات، وەکو ڕۆشتنی مانگ و ئەستێرەکان و......هتد. کەواتە مەرج نییە هەمیشە وێنەی کاریکاتێری بۆ ڕەخنەگرتن بێت، بەڵکو هەندێکجار بۆ دڵخۆشی و پێکەنین ئاراستەدەکرێت.

## ٢/٣ مێژووی وێنە و وێنەی کاریکاتێری:

لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە، وێنە هۆکارێک بووە بۆ دەربڕین و بەرجەستەکردنی ئەو مەبەستە پەنهانەی، کە لەناخی مرۆڤدایە تاکو ئێستا و داهاتووش وێنە ڕۆڵ و گرنگی خۆی لە گەیاندن و دروستکردنی واتای جۆراوجۆردا هەیە. وێنە هەیە گشتی و جیهانییە، بۆ نمونە هێمای (هاتوچۆ،نەخۆشخانە، چێشتخانە...هتد)،ئەم هێمایانە هەموو نەتەوەیەک و هەر زمانێک بن لە واتاکەی تێدەگەن، واتە بە پێی نەتەوەکان گۆڕانی بەسەردا نایەت .

وێنە، مێژوویەکی دێرینی هەیە بۆ سەرەتای بونی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، لە دێر زەمانەوە وێنە هۆکارێک بووە بۆ گوزارشتکردن لە خۆشی و ناخۆشی و گەیاندنی مەبەست و بیرێک بەکارهاتووە، یان وێنە وەکو سومبول بۆ سەرکەوتن ئاماژەی پێکراوە. وێنە لە کۆندا بریتی

بووه لە جۆرێک لە جۆرەکانی نوسین، پاشان گەشەی کردووە. لە سەرەتاوە وەک زمانی ئاخاوتن پاشان بەرەوپێشەوە چووە، لە سەرەتادا بە وێنەیەک واتایەکیان گەیاندووە، یان بەچەند وێنەیەک واتا و مەبەستێکیان خستۆتەڕوو. کۆنترین وێنە لە لایەن داهێنەری فەرەنسی(نیسۆفۆر نیپس)ەوە، لە ساڵی(١٨٢٧)دا گیراوە بە ناوی(دیمەنێک لە پەنجەرەوە).

باشترین بەڵگە، کە تا ئەمڕۆ لە لامان بوونی هەبێت و بە دەستمان گەیشتبێت وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکانن، بۆ نمونە دۆزینەوەی وێنەی ئەسپێک لەسەر دیواری ئەشکەوتی(لاسکۆ)لە ساڵی(١٨٧٩)ی زاینیدا، کە چەندین وێنەی ڕەنگکراوی تێدا کێشراوە. (مۆریس،___ :١٠٨).

پاشان (وێنەی سەردیواری ئەشکەوتی(سولاوسی)لە وڵاتی(ئەندەنوزیا)دۆزرایەوە، کە مێژووەکەی بۆ ساڵی(١٩٥٠)ی زاینی دەگەڕێتەوە). http://xorhelat.net/

وێنە کۆنەکانی سەر ئەشکەوتەکان بە شێوازی جیاواز کێشراون، کە هەندێکیان بە لاشە مرۆڤن، بەڵام سەری ئاژەڵێکیان پێوەکراوە، کە بە وێنەی مرۆڤە ئاژەڵ شێوەکان ناسراون. زۆربەی ئەفسانەو داستانە فۆلکلۆرییەکان لەوجۆرە وێنانەن، کە بونەتە سومبول و هێما بۆ جۆرەکانی خودا، وەک خودای(جوانی و شەڕ و ئاشتی و ڕوح و....هتد)، دۆزینەوەی پاشماوەی وێنەکان لە ئەشکەوتەکاندا تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە.

وێنە بۆ قۆناغی پێش نوسین دەگەڕێتەوە، کە ئەو وێنانە دەربڕی بیروبۆچون و مەبەستی ئەو سەردەمەمان بۆ دەگوازێتەوە. سەرەتا وێنەگرتن ماوەیەکی زۆری دەخایاند؛ بۆ ئەوەی وێنەیەکی سەرکەوتوو بەرهەمبێت، پاشان گۆڕانکاری لە کەرەستەو کاتی وێنەدا دروست بوو، کە کەمتر لە چرکەیەکی دەخایاند و توانرا وێنەی ڕەش و سپی و ڕەنگاو ڕەنگ لە کارەکانیاندا بەرجەستە بکەن. پاشان لە ساڵی نەوەدەکاندا وەچەرخانێکی گەورە لە هونەری وێنەگرتندا ڕویداو تاوایلێهات لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بتوانرێت لە ڕێگەی مۆبایلە زیرەکەکانەوە ڕاستەخۆ وێنە بگیرێت و بە شێوازی ئۆنلاین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبکرێتەوە و پۆست بکرێت. زاراوەی وێنە چەند بەکارهێنانێکی هەیە وەک وێنەی(دەستی، کامێرا، ئاوێتە...هتد).

لە بارەی پێناسەی وێنەوە بە چەندین جۆر ئاماژەی بۆ کراوە، وەک محمد الصریفی دەربارەی وێنە دەڵێت ((وێنە بە هۆکارێکی گواستنەوەی واتا دادەنرێت، بۆ نمونە ئەو وێنانەی بۆ مەبەستی ڕونکردنەوەی بابەتی جوگرافیا دەکێشرێن، یان لە شێوە بەیانییەکاندا، یان لە نەخشەی ڕێکخراودا، کە ئەمانە سادە و ساکارن و هیچ گرفتێک لە تێگەیشتندا دروستناکەن)). (صریفی، ٢٠٠٧:١٦٧-١٦٧).

جۆن دیوی دەڵێت((وێنە یەکەیەکی ئاوەزییە، کە توانای تێگەیشتنە لە دیاردەیەک و دەربڕینێک لە جیهاندا ڕوودەدەن)).

عبدالقاهیر الجورجانی دەڵێت ((وێنە نواندن ، پێوانەیە بۆ ئەو زانیارییانەی لە مێشکماندایەو ئەوانەی بەچاو دەبینرێت)).

وێنە ئاماژەیە بۆیەکێک لەو داهێنانانەی، کە مرۆڤ پێیگەیشتووە بۆ بەدەستهێنانی فۆڕمێک، کە بە تەواوی هاوشێوەی شتێکی دیاریکراوبێت، بۆ نمونە شتێکی فیزیکی یان وێنەی کەسێک...هتد بێت. وێنە بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بە تایبەتی لە بواری ئەدەبدا یان لە شیعردا، کە شاعیر وێنەیەکی شیعری لە ڕێگەی هۆنراوەکانییەوە دەگەیەنێتە ئاوەزی خوێنەر. وێنە لە جیهاندا پانتاییەکی فراوانی بەکارهێنانی لە ئاستەکانی ژیانی مرۆڤدا هەیە، بۆیە بە یەکێک لە جۆرەکانی هێما دادەنرێت و دەچێتە چوارچێوەی هێمای نازمانییەوە. واتای وێنەیەک هاوتایە لەگەڵ چەند وشەو دەستەواژەوە نوسراو و چاپکراوێکدا، هەر بۆیە زانای چینی(کۆنفۆشیوز) دەڵێت((هەزار وشە بەقەد وێنەیەک ڕونتر نادوێت)). (عامر ابراهیم، ٢٠:١٩٩٦).

سەرەتا نوسینی وێنەیی شێوەیەکی سادەو ساکاری هەبووە، بۆ نمونە لە بری وشەی (خانوو) وێنەی خانویەکیان دەکێشا. یان لە بری دوو مانگ(شەست ڕۆژ) وێنەی دوو مانگیان دەکێشا، ئەم قۆناغە بەسەرەتای نوسین دادەنرێت و پێش نوسینی هێرۆگلۆفییە، وێنە خێراتر لە وشە پەیام و زانیارییەکان دەگەیەنێت، لە هەمانکاتدا ڕونتر ئاماژەکان و واتاکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە.

((وێنە لە پەیوەندیکردندا ڕۆڵی خۆی هەیە، توانای گواستنەوەی هەیە لە مێشکی کەسێکەوە بۆ مێشکی کەسێکی تر، بەڵام ئەو وێنەیەی کەسی قسەکەر و گوێگر لە کاتی ئاخاوتندا بەمەبەستی تێگەیشتن ئاڵوگۆڕی دەکەن، ڕێژەییەو ناتوانرێت بە ڕێژەی ١٠٠٪ واتا لە ڕێگای وێنەی هۆشەکییەوە بگوازرێتەوە، چونکە تێکەڵ بە هەست و بۆچونی کەسی دەبێت)). (دزەیی،٢٠١٥:١٧٠).

هەندێک لە وێنەکان لەگەڵ هێماکانیاندا لەیەکچونێک هەیە، وەک تابلۆی سروشت و وێنەی کەسێکی خەمبار، کە شێوەکانیان هەڵگری واتاکانیانن، هەندێک وێنە هێمای لەخۆوەیە، چونکە شێوەکانیان هەڵگری واتاکانیان نین، وەک هێمای ژمارەکان(٨،٧،٦).

وێنەکان بەپێی نەتەوەکان و کلتوریان گۆڕانی بەسەردادێت، بۆ نمونە ((بونی ئاڵایەک لەسەر کەشتییەک، بەواتای ئەوە دێت، کە سەرۆک لەسەر کەشتییەکەیە، لێرەدا هێماکە تەنها وێنەیەکە)). (دیکرۆ سشایفەر،٢٠٠٧:٢٣٤).

کەواتە لە هەر شوێنێک هێمای وێنەیی بوونی هەبێت، بە واتای ئەوە دێت، کە مرۆڤ دەستی بەوشوێنە گەیشتووە، چونکە دانانی هێما و وێنە پێویستە ڕێککەوتنی کۆمەڵی لەسەربێت. لە ڕۆژگاری ئێستادا وێنە و هێماکان زۆربەی شوێن و شار و کوچەو کۆڵانەکان و گەورەترین کۆمەڵگای شارستانی و دامەزراوەکانی گرتۆتەوە، دەتوانرێت بونیان بە پیشکەوتن و شارستانی و نەبونیان بە دواکەوتوی کۆمەڵگا لەو بوارەدا ئەژماربکرێت.

پێویستە لێکچونێک هەبێت لە نێوان وێنەکە و کەرەستەکە لە دەرەوەی زمان، بۆ نمونە وێنەی شاخێک دەکێشرێت؛ پێویستە وێنە و شاخەکە لە ڕاستیدا وەکویەک و پەیکاڵ بن لە ڕوی واتا و ڕوخسارەوە لە کاتێکدا وێنەی کاریکاتێری لێکچون و پێوەندی لە نێوان وێنە و کەرەستەکەدا بونی نییە، چونکە ئەو واتایەی وێنەی کاریکاتێری دەیگەیەنێت واتای خوازراو مەبەستی پشت وێنەکانە. سەرەتای نوسین بە شێوەی وێنەی سەر دیوار بووە، یان وێنەیەک لە شێوەی تابلۆدا یەک واتای گەیاندووە، کە گوزارشتی لە بیر و بۆچونی ئەو کەسە یان ئەو سەردەمە کردوەو هۆکارێکیش بووە بۆ گواستنەوەی بیروبۆچون و پێوەندی کۆمەلایەتی و کلتوری و زمان.....هتد، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. (ئەرستۆ) لە بارەی وێنەوە دەڵێت ((هیچ بیرکردنەوەیەک بێ وێنەکردن ڕوونادات)). (ئەحمەد،٢٠١٣:٢٤).

لەم پێناسەیەوە ئەوە ڕوندەبێتەوە هەموو بیرکردنەوەیەک، پێویستە لە ڕێگەی وێنەکانەوە بخرێتە ڕوو، یان وێنەکە لە مێشکی قسەکەردا دروست دەبێت؛ پاشان لە ڕێگەی دەربڕینەوە بەرجەستە دەکرێت.

پێمانوایە وێنە کاتێک دروست دەبێت، کە بیرێک لە مێشک و ئاوەزی کەسەکەدا بوونی هەبێت، ببێتە هۆی گەیاندنی واتا و مەبەستێکی گشتی یان دیاریکراو.

واتای سیمانتیکی هەر وشەیەک لە زمانەکاندا وەک لێکسیم لە فەرهەنگیی ئاوەزیدا گەنج و تۆمارکراون، کەواتە هەموو وشەیەک خاوەنی واتای تایبەت(فەرهەنگیی) خۆیانن. بەمپێیە واتای بنەڕەتی وشەکان و لێکسیمەکان بریتین لە پۆلە ڕەگەزەکراوەکان وەک(ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار)، کە لە فەرهەنگدا دیاریکراون. ( مەحویی، ٢٠٠٩:١٣).

کەواتە وشەکان خاوەنی هەندێک واتان، کە بە زانیاری واتایی ناسراون، کە دەبێتە نیشانەو تایبەتمەندی واتایی وشەکان، ئەویش لە ڕێگەی نیشانەی واتاییەوە دەستنیشان دەکرێت. قسەپێکەران و ئاخێوەرانی زمانەکە واتای بنەڕەتی وشەکان، زانیاریمان لە بارەی توانای وشەکانەوە دەداتێ و دەبێتە هۆی گەیشتن بە واتای فەرهەنگی وشەکان و چۆنێتی بەکارهێنانیان. نیشانە واتاییەکان دەبێتە هۆی خاڵی جیاوازی و هاوبەشی نێوان وشەکان وەک:

[ + مرۆڤ، + زیندوو + خواردن...هتد].

زانیارییە زمانییەکان( فەرهەنگییەکان) بریتین لە زانیاری( وشەسازیی و دەنگسازیی ڕستەسازیی). لە ڕێگەی واتای سیمانتیکییەوە دەنوێنرێن و نیشاندەدەرێن؛ دەتوانرێت لە ڕێگەی دروستەی وشەسازیی و ڕستەسازییەوە تایبەتمەندی واتاوە لە سنوری سیمانتیکی فەرهەنگیدا بەرجەستە بکرێت، کە ئەمەش زانایانی بواری هێمالۆژی گرنگی پێدەدەن بۆ مەرجی بوونی هێمای زمانیی، کە بریتییە لە دوو دیوی دەنگ و واتا( فۆڕم، ناوەڕۆک).

بۆدرککردن و کنەکردنی واتای وێنەکان(ئاسایی) پێویستە ئاخێوەری زمانەکە زانیاری زمانیی لەسەر وێنەو دەربڕاوەکان هەبێت، چونکە هەندێکجار دەربڕاو(وشە) لەسەر وێنەکان دەنوسرێت. بۆ لێکدانەوەی واتای وشەکان بەپێی واتای بنەڕەتی وشەکە لێکدەدرێتەوە و واتاکەی دەخرێتەڕوو. واتە واتای سیمانتیکی وشەکان دیاریدەکرێت و پاشان بەپێی کۆزانیاری کەسەکە واتایی وشە بەرجەستە دەکرێت، کە واتایەکی سیمانتیکییە و دابڕاوە لە دەوروبەر و ئەو واتایانەیە، کە لە فەرهەنگدا تۆمارکراون. دەکرێت واتاکان فراوانبکرێت، یان تەسکبونەوەی واتایی ڕوودات.

بۆ نمونە وشەی(گەڵا) لە کۆندا بۆ واتای گەڵای دار بەکاردەهات، واتە سنوری بەکارهێنانی فراوان نەبوو، بەڵام لە ڕۆژگاری ئێستادا واتاکەی فراوانبووە:

- گەڵا → گەڵای دار
→ دۆلار(پارە)
→ گەڵابەسەر (بەو کەسانە دەگوترێت، کە باری داراییان باشە).

کەواتە ڕایەڵەی واتایی لە نێوان فۆڕمەکاندا بەدیدەکرێت، بەو واتایەی وشەیەک دەتوانرێت بەپێی تێپەڕبوونی کات واتای زیادەی لێباربکریت، یان کەم بکرێتەوە. وێنە لە سیمانتیکدا بە

چەند ڕێگایەک نیشاندەدرێت هەندێک وێنە سروشت و کەسایەتی و ژینگەیە، کە واتاکەی کار دەکاتە سەر بیر و دەرونی بینەر و چێژی پێدەبەخشێت، یان وێنەی( ئاگادارکردنەوە، ڕێنمای تەندروستی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی....هتد)، پێویستە وێنەکان بە شێوەیەکی گشتی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیان لە باردا بێت:

١-کاتێک وێنەکان وەکو هێمایەک بەکاربێت، لەم کاتەدا وێنەکان نمایندەی خۆیان ناکەن، وەکو هێمای(هاتوچۆ، نەخۆشخانە...هتد). (فێرس) لایوایە ((پێویستە هەر نیشانەیەک یەک وێنەی مەبەستی هەبێت لە ڕێگەی ئەم وێنەیەوە دەتوانرێت بزانرێت شتێک گوتراوە لە بری شتێکی تر)). (مارسل،١٣٩٧:٣٦٨).

٢-هەندێکجار وێنەکان ئاماژەن بۆ شتی نادیار، واتە واتایی شاراوە بۆ واتایەکی ڕون و ئاشکرا بۆلای بینەر دەگوازێتەوە. هەروەک(نجف) دەڵێت ((هەر شتێک نوێنەری شتێکی ترە جگە لە خۆی، بەواتایەکی تر شتێک پێناسەی شتێکی تر بکات و ڕونیبکاتەوە،جگە لە خۆی)). (أبوالحسن،١٣٩٩:٥٠). پێدەچێت نەتوانرێت لە ڕێگەی هێمای زمانییەوە بخرێتەڕوو، بەهۆی بەربەستی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و تابۆوە، بۆ نمونە( خواردنەوە حەرامەکان،بەکارهێنانی هەندێک وشە وەک: ژێرپردەکە، چەم....هتد ).

٣-وێنەکان، توانای بەهێزی خۆیان لە گەیاندنی پەیام و واتای جیاواز و ئاشکرا بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ و خێرا هەیە.

وێنەکانیش وەکو وێنەیەکی ئاسایی سەیردەکرێن، بەڵام هەندێک وێنە هەڵگری واتای لێڵن، پێویستە کەسەکە ئارەزو و شارەزایی لە بواری هونەری وێنەکێشاندا هەبێت بە تایبەتی ئەو وێنانەی واتای نەرێنی یان ئەرێنی دەگەیەنن، یاخود ڕەمزێکن بۆ کارەساتی گەلێک، یان نیشانەی سەرکەوتن و ئازادبوونی گەلێک نیشاندەدەن. دەشێت وێنەی کەسێک( سەرکردەیەک) ببێتە ڕەمز و نیشانەی سەرکەوتن و ڕزگاربوونی گەلێک، کە بە بینینی وێنەکە ڕاستەوخۆ بیری بینەر دەجوڵێت و واتایەکی تایبەتی بۆ دیاریدەکرێت، کە جیاوازە لە واتای وێنەیەکی دیکە، بۆ نمونە وێنەی سەرکردەیەکی وەک( قازی محمد) بۆتە سومبول و نیشاندانی کۆماری مهاباد، یان وێنەی(غاندی) بۆتە ڕەمز و نیشانە بۆ گەلی هیندستان. واتای وشەو وێنەکان پەیوەست بە پڕاگماتیکەوە، پێویستە هەنگاوێک لە واتایی سیمانتیکی دوربکەوینەوە بۆ ئەوەی دەستمان بە واتای پڕاگماتیکی وشەو دەربڕاو و وێنەکان بگات. بە تایبەتی واتای وێنە کاریکاتێرییەکان بە بێ پەنابردنە بەر واتای پڕاگماتیکی واتای پڕاوپڕی بە خوێنەرو و بینەر ناگات، وەک باسکرا واتای سیمانتیکی گرنگی بە واتای فەرهەنگیی دەدات، کە بریتین لە واتای(دەنگسازی و

وشەسازی و ڕستەسازی و واتا و واتالێکدانەوە)، کە ئاخێوەری زمان پەنایان بۆ دەبات بۆ بەرهەمهێنانی وشەو ڕستەی واتا و ڕێزمان دروست. (سەعید،٢٠١٩:.....).

پراگماتیک گرنگی بە دەربڕاو دەدات بەپێی دەوروبەر و بەکارهێنان، پەیوەست بەوەی واتایەکی فەرهەنگیی ئاوەزی نییە، خۆی بە واتای مەبەست و دەربڕاوەکان لە زماندا خەریکدەکات، بۆ نمونە کاتێک خوێندکارێک درەنگ دێتە پۆلەوە مامۆستاکە دەڵێت: زوو نیە؟ . لێرەدا کەسی گوێگر بە پێی زانیاری کەسی و کۆزانیاری لێکدانەوەی واتایی بۆ دەربڕاوەکەی مامۆستا دەکات، کە مەبەستی درەنگ هاتنە.

یاخود تەنها لە ڕێگەی هێمای نازمانییەوە دەتوانێت ئەو واتا و مەبەستە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر بە سەیرکردنی کاتژمێرەکەی بگەیەنێت. ئەم واتای پراگماتیکییە خێراتر و ئابوریکردنە لە زماندا، وەک لە گەیاندنی واتای سیمانتیکیدا. کەواتە واتای پراگماتیکی دەتوانرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێمای زمانیی و نازمانییەوە بخرێتەڕوو بە لەبەرچاوگرتنی بۆنەو بەکارهێنان. پێوەندی لە نێوان وێنەو و هێماکاندا هەیە، چونکە وێنە یەکێکە لە جۆرەکانی هێما، یان دەچێتە بازنەی هێمای نازمانییەوە، بەڵام لە هەندێک وێنەدا، چ کاریکاتێریدا هێمای زمانیی ئاماژەی پێکراوە. واتە هێمای زمانیی و نازمانیی هاوبەش دەبن، لە گەیاندنی واتادا، لەم کاتەدا وێنەو هێما زمانییەکە هاوکاردەبن بۆ ئاشکراکردنی واتای مەبەست و دیاریکراو، بۆ نمونە لەم وێنە کاریکاتێرییەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




وێنەی کاریکاتێری ژمارە(٤)

https://www.facebook.com/groups/1095359758049483/?ref=share

سەرەتای نوسینی کۆمێنت و کاریکاتێر دەگەڕێتەوە بۆ(یەعقوب بن صنوع)، پاشان ڕۆژنامەیەکی گاڵتە ئامێزی دەرکرد بەناوی(باوکی عەینەک، ابو نضارة)، لە دوایدا چەندین وێنەی کاریکاتێری دیکە هاتنەبەرهەم. لە فەڕەنساش وەکو هونەرێکی گاڵتەئامێز و زیادەڕۆیکردن لە سروشتی ڕوخسار و تایبەتمەندی کەسەکان وێنەی کاریکاتێری هاتەکایەوە، وەک گۆڕینی ئەندامەکانی جەستە، ڕەخنەگرتنێکی کۆمەڵایەتی...هتد، کاریکاتێر هێزێکە لە ڕەخنەگرتن، لە زۆر لە وتارەکان و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان گرنگترە.

کاریکاتێر لە هونەرە کۆنەکانە و مێژووەکەی بۆ میسرییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، یەکەم وێنەی کاریکاتێری لە ساڵی(١٢٥٠)پێش زاین دۆزرایەوە، وەکو پارچەیەک قوماش لە قەبری پاشاکانی میسرِی کۆن، پاشان لەڕاگەیاندنی ئەوروپادا لە سەدەی نۆزدەدا بڵاوکرایەوە. کاریکاتێر وەکو پەیامێک وایە لە دەوروبەرێکی هاوبەشدا واتاکەی لێکدەدرێتەوە، هەروەها یەکێکە لە هونەرە گرنگەکان شێوازی خستنەڕووی ئەستەمە، بۆیە لە وێنەکێشاندا گرنگییان پێدا و بەرجەستەیانکرد. یەکەم وێنەی کاریکاتێری دەگەڕێتەوە بۆ وێنەی باڵندەیەک، کە بە پلیکانە بەسەر درەختێکدا سەردەکەوێت، ئەمە کۆنترین وێنەی کاریکاتێرە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا لەسەر کاغەزی بەردی وێنە کێشراوەو لە میسر دۆزراوەتەوە. .وێنەی کاریکاتێریان، وەک هۆکارێک بەکارهێناوە؛ مەبەستی خۆیان پێگەیاندوە لەسەر ڕوی دیوار و ئەشکەوتەکان.

### ٢/٣-١: جۆرەکانی وێنە:

چەند جۆرێک وێنە هەیە، وەک شاعیر ئەو وێنەیەی دروستیدەکات لە ڕێگەی هۆنراوەکانەوە ،جیاوازە لە وێنەی فۆتۆگرافی یان وێنەیەک کە بە دەست دەکێشرێت، هەرچەندە هەندێک شاعیر وەکو وێنەگرێک وێنەی سروشت و ڕوداوەکان لە مێشکی خوێنەردا دروستدەکات، وەک(گۆران)ی شاعیر لە هۆنراوەکانی( گەشتی قەرەداغ و هەورامان)دا وێنەی سروشتەکەی بە تەواوی بەرجەستەکردووە، بە شێوەیەکی گشتی وێنەکان بە پێی(کارەکتەر و شاعیر و نوسەر و.... هتد)، دروست دەبێت، بەڵام لێرەدا چەند جۆرێکی وێنە دەخەینەڕوو:

١-وێنەی وەستاو:

ئەو وێنانەن، کە بەشێوەیەکی جێگیر و وەستاو دەکێشرێن و پانتاییەکی دیاریکراوی نەگۆڕی هەیە. (فەرەج،٢٠٠٠:١٢). بۆ نمونە:

١-دارتاشەکە کورسییەکی دروستکرد.

وێنەی دیاریکراو، لەم ڕستەیەدا بریتییە لە وێنەیەکی وەستاو، کە دارتاشەکە کارەکەی تەواو کردووەو لە جوڵان وەستاوەو کورسییەکەی دروستکردوە.

٢-وێنەی جوڵاو:

جوڵە لە وێنەدا بنەمای بەردەوام بوون و مانەوەی شتە مادییەکانە، چونکە جوڵە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی مادە. دەتوانرێت لە ڕێگەی وێنەوە کەرەستە و شتی مادی بخرێتەڕوو، بە مەبەستی بەردەوامی ژیان ، لەبەر ئەوەی وێنە لە پێوەندییەکی بەردەوامدایە و دانەبڕاوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی. وێنەی جوڵاو ئەو وێنەیەیە، کە هەمیشە بە شێوەیەکی کاتی لەگەڵ سروستدا لەجوڵاندایە و لە ڕێگەی تیشکی واتاییەوە هەرگیز ناوەستێ. (الصائغ،١٩٨٧:١٨٢).

وێنەی جوڵاو لە ڕێگەی کامێراوە جێبەجێدەکرێت، کە بە زۆری لە فیلمە سینەماییەکاندا، وەک (ڤیدۆ،ڤیدۆی دیجیتاڵ) نیشاندەدرێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەک بە وێنەی کاریکاتێری بکرێت پرسیاری ئەوە بکەین: ئایا وێنەی کاریکاتێری دەکەوێتە کام سنور و جۆری وێنەکانەوە؟

وێنەی کاریکاتێری پانتاییەکی فراوانی لە هونەری وێنەکێشاندا داگیرکردوە و بەشداری هەموو جۆرەکان و بوارەکانی وێنە دەکات بۆ نمونە: وێنەی وەستاو بەکاربهێنرێت چ وەک تابلۆیەک، کە هیچ ئاماژەیەکی جوڵەی تێدا نەبێت، یان وەک و وێنەی جوڵاو بە هاوکاری هێمای زمانیی و نازمانیی پەیامەکەی بگەیەنێت، وەکو هێمای (هاتوچۆ، چێشخانە، نەخۆشخانە...هتد).

شاعیران دەتوانن لە ڕێگەی هۆنراوەکانیانەوە وێنەی کاریکاتێری لە شێوەی تەنز و گاڵتەجاڕیدا بگەیەننە خوێنەران، کە یەکێکە لە تایبەتمەندی وێنەی کاریکاتێری، بۆ نمونە: شاعیری گەورەی کورد(شێخ ڕەزا)، کە وێنە لە شێوەی تەنز و داشۆریندا دەخاتەڕوو، بۆ نمونە لە یەکێک لە هۆنراوەکانیدا دەڵێت:

حەمەی وەستا فەتاح سەد بارەکەڵا لەم سەر و ڕیشە

کە گوێدرێژێک بە تەنیا چۆن دەبات ئەم بارە قامیشە

لێرەدا، شاعیر لە ڕێگەی هۆنراوەکانییەوە، دەتوانێت وێنەیەکی کاریکاتێری دروستبکات. لە لایەکی ترەوە ئاخێوەرانی زمان دەتوانن وێنەی کاریکاتێری لە دەربڕینی ڕۆژانەیاندا لە مێشکی

گوێگردا دروست بکەن، هەرچەندە تا ڕادەیەک دەچێتە بواری سوکایەتیپێکردن و ڕەخنەگرتنەوە وەک:

٢-دەڵێی کوڵە فرەی.

لێرەدا وێنەی کەسێک بە باڵندەیەک چوێنراوە، کە شێوەیەکی سەیر و سەمەرەو ناپەسەندی لە کۆمەڵدا هەیە. هەروەها لە ڕێگەی پەند و ئیدیۆمەکانەوە، دەتوانرێت وێنەو وێنەی کاریکاتێری بەرجەستە بکرێت و بخرێتەڕوو، واتە لەگەڵ دەربڕینی پەند و ئیدیۆمەکەدا وێنەکەی لە مێشکی گوێگردا دروست دەبێت. وێنەکەش هەندێکجار وەکو تەنز و ڕەخنە، یان وەک و دەرخستنی لایەنی باشی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نیشاندەدرێت. وەک بە کەسێک بگوترێت (ئاگری بنکا) لێرەدا لە ڕێگەی ئەم دەربڕاوەوە وێنەی کەسێکی نەخوازراو و نەرێنی لە کۆمەڵدا نیشاندەدات، کە بەرجەستەکەری دوو وێنەیە لە مێشک و هزری گوێگردا. کەواتە وێنەی کاریکاتێری لە ڕێگەی جۆرەکانی وێنەوە دەخرێتەڕوو، کە دەبێتە جێگەی بایەخی بینەران و خوێنەران، پەیامەکەشی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە کەسی بەرانبەر دەگەیەنرێت.

پرۆسەی دابەشکردنی وێنە بۆ بابەتی ورد و سنوردار یەکێکە لە کێشەو گرفتەکان، کە ناتوانرێت ئەم دابەشکردنە بەشێوەیەکی کارەکی ئەنجامبدرێت، هەربۆیە هەندێک لە شارەزایانی ئەم بوارە وێنە دابەشدەکەن بۆ(وێنە کەسییەکان، وێنە بابەتییەکان). (قەندیلچی، ١٩٩٦:٢٢).

پسپۆڕان و شارەزایان لەسەر جۆرەکانی وێنە کۆک نین، یان لە چۆنێتی ناونانی جۆرەکانیان جیاوازییان هەیە، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت جۆرەکانی وێنە لە ئێستادا دەستنیشان بکرێت و بریتین لەمانەی خوارەوە:

١-وێنەی فۆتۆگرافی: بریتییە لەو شێوازەی، کە لە ڕێگەی کەسێکەوە(فۆتۆگرافەر)وێنەکە دەگیرێت، وەک لە وێنەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، مێژووی بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە. سەرەتا لە ژورە تاریکەکاندا بەکاردەهێنرا، لە ڕێگەی کونکردن بۆ ئاراستەکردنی ڕوناکی بەرەو کەسەکە، یان ئەو شتەی یان ئەو شوێنەی کە دەیانویست وێنەی بگرن. پاشان کاری وێنەگرتنی فۆتۆگرافی برەوی پێدراو توانرا کامێرا بەرهەمبهێنن، تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ داهێنانی کامێرای کۆمپیوتەری و دیجیتاڵی....هتد، کە بتوانرێت وێنەکان دەستکاریبکرێت و لە ماوەیەکی

کورتدا کۆپییان بخرێتە بەردەست. پێچەوانەی شێوازە کۆنەکانی وێنەگرتن، کە دەستکاریکردن و بەرهەمهێنانی وێنەکان کاتێکی زۆری دەخایەند، بۆ نمونە:



https://mawdoo3.com/

٢-وێنەی ئاسایی(photos): کۆمەڵێک ڕەنگی تێدا بەکاردیت، کە شێوەی وێنەکە پێکدەهێنێت. ئەمەش هۆکارێکە بۆ پاراستنی ڕوداوەکان و بەڵگەنامەکان، دەتوانرێت لە کاتی پێویستدا بەکاربهێنرێت، یان وەکو یادەوەرییەکی زیندوو هەمیشە مرۆڤەکان بە سەیرکردنیان خۆشی شادی یان ناخۆشییان پێدەبەخشێت، وەک لەم وێنەیەدا نیشاندراوە.



لە دوای بڵاوبونەوەی وێنە و وێنەی فۆتۆگرافی چەند جۆرێکی دیکە لە وێنە ئاماژەی بۆ کراوە وەک:

آ-وێنەی ڕەشوسپی: لەگەڵ داهێنانی کامێرادا ئەم جۆرە وێنەیە بەکارهێنراوە، کە بە وێنە کۆنەکان ناسراوە. شێوەی وێنەکان بە ڕادەیەکی پێویست ڕوون نەبون، وەک لە وێنەکەدا دەردەکەوێت. پاشان وێنەی ڕەنگاوڕەنگ هاتەکایەوە، یەکەم وێنەی ڕەنگاو رەنگ بۆ ساڵی(١٨٦١)ی زاینی دەگەڕێتەوە.



ب-وێنەی سروشت: ئەم جۆرەیان گوزارشت لە دیمەنی سروشتی دەکات، وەک (شاخ، دەشت، سەوزایی، دارستان، گوڵ...هتد)، کە وێنەیەکی ڕاستەقینەیە، وەکو خۆی نیشاندەدرێت، بۆ نمونە لەم وێنەیەدا خراوەتەڕوو.




ج-وێنەی شارەکان و شوێنەوارە مێژووییەکان: ئەم جۆرەیان یارمەتی خەڵکی دەدات، بۆ ئەوەی ئاشنابن بە (مێژوو، کلتور، پێشکەوتن، دەستکەوتنی زانیاری و ...هتد)، پێویست ناکات

خەڵک سەردانی مەیدانی بۆ ئەو شار و شوێنەوارانە بکات، چونکە بەهۆی وێنەکانەوە مرۆڤ شارەزای ئەو شوێنانە دەبێت، وەک لە وێنەکەدا دیارە.



د-وێنەی کەسی(کەسایەتی): یەکێکە لە جۆرەکانی وێنە، کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، چونکە تایبەتە بە کەسەکان و چۆنێتی مامەڵەکردنی فەرمی و بەڵگەنامەو بروانامەو....هتد، کە زۆربەیان پێویستی بە وێنەی کەسی هەیە. هەر لە ڕێگەی ئەم وێنانەوە دەتوانرێت هەر نەتەوەیەک بە وێنەی سەرکردەو کەسایەتییەکان و ڕۆشنبیران و.....هتد، ئاشنابن، بۆ نمونە:



https://ar.m.wikipedia.org/w

جگە لەو جۆرە وێنانەی باسکران، چەندین جۆری دیکەی وێنە هەیە، وەک وێنەی(شەو، ڕۆژ، ڕۆژنامە، گۆڤار، کاریکاتێر، بانگەشە، گیانلەبەران، نابەرجەستە....هتد).

## ٣/٣ وێنەی کاریکاتێری و هێمای زمانیی و نازمانیی:

لەم پارەدا جەخت لەسەر شیکردنەوەی واتای وێنەی کاریکاتێری دەکرێت، بە پێی گونجان و پێویستی هەندێک لە بنەماکانی تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی کراوەتە چەقی شیکردنەوەی واتای هێما زمانییەکان لەپاڵ واتای هێما نازمانییەکەدا واتایەکی پڕاو پڕی بە وێنە کاریکاتێرییەکان بەخشیوە، لە هەمان کاتدا دەربڕاوەکان و هێما زمانییەکان خوێندنەوەی واتای جیاواز و مەبەستی دیاریکراویان بۆ دەکرێت. کاری توێژینەوەکە بەشێوەیەکی کارەکی، بریتییە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەو کنەکردنی مەبەست و پەیامی دیاریکراوی وێنە کاریکاتێرییەکان. لایەنی کارەکی هەندێک لە وێنە کاریکاتێرییەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامدراوە، لە ژێر وێنەی هەر کاریکاتێرێکدا واتای جیاوازی هەریەکەیان خراوەتەڕوو:



وێنەی کاریکاتێری ژمارە(٥)

https://www.facebook.com/Dr.ArasBradosty

شیکردنەوەی واتای وێنەی کاریکاتێری ژمارە(٥).

-واتای سیمانتیکی: واتای هۆشەکی بریتییە لە خستنەڕووی وێنەی چەند منداڵێک، کە سەرقاڵی یاریکردنن بە ئایپاد و مۆبایل، لە بەرانبەردا منداڵێک یاری بەتۆپ دەکات، هێمای زمانیی تێدا بەکارنەهێنراوە ، بۆیە زیاتر واتایەکی پڕاگماتیکی هەیە و لە دەوروبەردا ڕوندەبێتەوە.

-واتای پڕاگماتیکی: سەرەڕای واتای سیمانتیکی وێنە کاریکاتێرییەکە، واتای پڕاگماتیکیش دەگەیەنێت. باس لە بەراورد کردنێک دەکات لە نێوان ژیانی منداڵانی ئێستا و ڕابردودا، کە لەئێستادا منداڵ چێژ لە مامەڵەکردنی ژیانی منداڵی نابینێت، بەڵکو لە چوارچێوەی ماڵەکانیاندا

کاتەکانیان بەبەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان بەسەردەبەن، بەڵام منداڵانی ڕابردوو بەکەمترین هۆیەکانی یاریکردن و فێرکردن دەیانتوانی مامەڵەیەکی دروستی ژیانی منداڵییان بکەن.

دەتوانرێت وێنەکە لە چەند ڕویەکەوە ڕاڤەبکرێت:

آ-نیشانەی پڕاگماتیکی: دیاریکردنی شوێنی یاریکردنی منداڵانی ڕابردوو لەگەڵ شێوەی یاریکردنی منداڵانی ئێستا، کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە.

ب- کردە ئاخاوتنیەکان: پێویستە خێزان(دایک و باوک) ئاوڕێک لە ژیانی منداڵانی ئێستا بدەنەوە بە بەراورد بە ژیانی ڕابردوو، تاکو ژیانی منداڵییان وەکو خۆیان ببەنەسەر.

ج- بەخشکەیی دەربڕین: ئەم وێنەیە ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە، کە کێشەو گرفت لە شێوەی ژیانی خێزانی ئێستادا زیاترە، وەک لە ژیانی ڕابردوی خێزانەکان بە تایبەتی ژیانی منداڵان. هەربۆیە پێویستە خێزان هەوڵبدات سنور و کاتێکی دیاریکراو بۆ منداڵەکانیان دابنێن لە بارەی بەکارهێنانی ئامێری ئەلکترۆنییەوە، چونکە توانای هزری مرۆڤ کەمدەکاتەوە؛ کاتێک زیاد لە پێویست هۆگری ئامێرە ئەلکترۆنییەکان بێت، چونکە دەبێتە هۆی لەناوبردنی چەندین خانەی سودبەخشی مێشک، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر داهاتوی منداڵ دروستدەکات.



وێنەی کاریکاتێری ژمارە(٦)

(بەکر عەبدولڕەحمان، درەختە ئەنفالکراوەکان،٢٠٢١)

شیکردنەوەی واتای وێنەی کاریکاتێری ژمارە(٦).

-واتای سیمانتیکی: واتای هۆشەکی ئەم وێنەیە لە کاتێکدا بەبێ هێمای زمانیی کێشراوە، بریتییە لە بڕینەوەی سێ داری بەتەمەن، کە گەورەکەیان وێنەی( عومەری خاوەر)ی بەرزکردۆتەوە.

-واتای پراگماتیکی: لەپاڵ واتای سیمانتیکییەکەیدا، دەتوانرێت درک بە واتای پراگماتیکی بکرێت، کە باسی ژینگە دۆستی و ڕەمزی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەکات، کە بۆتە سومبول بۆ گەلی کورد، هەروەها وێنەکە مێژووی نەتەوەیەک لە ژێر ڕەگی دارەکاندا نیشان دەدات. هەر بۆیە پێویستە ئاوڕێک لە ژینگە بدرێتەوە و گرنگی پێبدرێت. واتا پراگماتیکییەکەی لەم گۆشە نیگایانەشەوە دەخەینەڕوو:

آ- نیشانە پراگماتیکییەکان: نیشانەکان بریتین لە ئاماژەکان؛ بەمەبەستی دیاریکردن و ناسینەوەی بیری وێنە کاریکاتێرییەکە، کە لەم وێنەیەدا ئاماژە بە(عومەری خاوەر) کراوە بۆ تێگەیشتن و نیشاندانی سومبولی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، کە بەهۆی دەوروبەرەوە زیاتر واتاکەی ڕوندەبێتەوە.

ب-گریمانەی پێشینە: ئەوەمان پێدەڵێت، کە بڕینەوەی دار و تێکدانی ژینگە بەردەوامە لەم وڵاتەدا، لە کاتێکدا دارەکان ژینگە پاک دەکەنەوەو دەیانەوێت سومبولی کورد بخەنە سەر سەریان. ئەوەشمان پێدەڵێت، کە کوردیش وەکو نەتەوەکانی دیکەی جیهان خاوەنی سومبولی خۆیەتی.

ج-کردە ئاخاوتنییەکان: بریتین لە:

١-توانج و گلەیی کردن .

٢-ناڕەزایی دەربڕین.

٣- پەیوەست نەبوون بە ئاوەدانکردنەوەی وڵات.

٤- پشتگوێخستنی مێژووی نەتەوەیەک.

د- بەخشکەی دەربڕین(پەنامەکی).

بیری سەرەکی ئەم وێنە کاریکاتێرییە، نیشاندانی مامەڵەی خراپە لەگەڵ ژینگەدا، لە هەمانکاتدا هەڵگری ئەو بیرەیە، کە بڕینەوەی دارەکان یەکسانە بە ئەنفالکردنی کورد، بە واتایەکی تر بڕینەوەی دارێک وەکو ڕشتنی خوێنی مرۆڤێک وایە، پێویستە ئەم حاڵەتە ببێتە جێگەی سەرنجی جیهان.



وێنەی كاریكاتێری ژمارە(٧)

https://www.facebook.com/darasaeed

شیكردنەوەی واتای وێنەی كاریكاتێری ژمارە(٧).

-واتای سیمانتیكی: واتای هۆشەكی بۆ سەرجەمی وێنەكە بریتییە لە نیشاندانی سێ مرۆڤ، دایک و باوک و كوڕێک، كە دایک و باوكە بەتەمەنەكە پاڵ بە كوڕەكەیانەوە دەنێن، دەیانەوێت هاوكاری كوڕەكەیان بكەن. بەهۆی وێنەكەوە تەمەنیان دركپێدەكرێت یان دەزانرێت كە دایک و باوكییەتی، چونكە هێمای زمانی لەگەڵدا بەكارنەهاتووە.

واتای پڕاگماتیكی: كاریكاتێرێكی كۆمەڵایەتییە و تەنها هێمای نازمانیی تێدا بەكارهاتووە؛ واتای پڕاگماتیكی لەپاڵ واتا هۆشەكییەكەیدا، دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت، كە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەتایبەتی لە خێزانەكاندا، منداڵ هیچ بەرپرسیارێتییەک هەڵناگرێت و تەنها پشت بە دایک و باوكی دەبەستێت، ئەمەش دەبێتە هۆی كەمئەندامبونی منداڵەكان لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە، بە تایبەتی بەهۆی بەردەوام بەكارهێنانی تۆڕی ئەنتەرنێت و بێ ئاگاییان لەدەوروبەر.

-بەخشكەیی دەربڕین:

١-تێكدانی پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بە تایبەتی خێزان، ( دەركەوتنی دیاردەی منداڵ سالاری).

٢-دایک و باوک بەبەردەوامی لەخزمەتی منداڵەكانیاندان.

٣-پێویستە پێداچونەوە بە پەروەردەی منداڵاكاندا بكرێت.

٤-نیشاندانی شێواز و ڕوخساری گەنجی سەردەم.




وێنەی کاریکاتێری ژمارە (٨)

(گۆڤاری موچوڕکە،٢٠٠٩،ژ:١)

شیکردنەوەی واتای وێنەی کاریکاتێری ژمارە(٨).

-پێکهێنەری ڕستەسازی: لێرەدا جەخت لەسەر کەسێک کراوەتەوە، کە کاری وێنەگرتنە، یان کاری هونەری بەهەموو جۆرەکانییەوە، شێوازی ڕیزکردنی کەرەستەکانی ڕستەکە بریتییە لە(بکەر+بەرکار+کردار)، کە شێوازێکی ئاسایی و بنەڕەتی ڕێزمانی زمانی کوردییە.

-واتای سیمانتیکی: واتای هۆشەکی(فەرهەنگی) ئەم وێنەیە بە هاوکاری هێما زمانییەکەی واتای سیمانتیکی ئەم وێنەیەیان پێکهێناوە و بریتییە لە: کەسێک کاری هونەری دەکات، کە خاوەنی واتای هۆشەکی خۆیەتی[+ مرۆڤ، +مۆسیقا، +هونەر، +ڕۆشنبیری]، گیرفانەکانی بەبەتاڵی دەرهێناوە و لەهەمانکاتدا پێدەکەنێت.

-واتای پراگماتیکی: ئەم وێنەیە بار و ژیانی هونەرمەندان دەخاتەڕوو، مەبەستە شاراوەکەی ئەم کاریکاتێرە بریتییە لە: هەرکەسێک ژیانی بۆ کاری هونەری تەرخانبکات، لە ئەنجامدا تەمەنی دەڕوات و لەڕووی ئابورییەوە خاوەنی هیچ داهاتێک نابێت.

-نیشانە پراگماتیکییەکان: لێرەدا بەهۆی دەوروبەر و دەستنیشانکردنی کاری هونەرییەوە بیری وێنەکەی خستۆتەڕوو، واتا سیمانتیکییەکەی پێچەوانەی واتای پراگماتیکییەکەیەتی، کە هونەرمەند خۆشی و خەندە و چێژ بە جەماوەر دەبەخشێت، بەڵام لە کۆتاییدا خۆی تاڕادەیەک بێخەندەو غەمگین دەمێنێتەوە.

-گریمانەی پێشینە: ئەم وێنەیە ئەم گریمانانەی لێبەرهەمدێت:

١-هونەرمەند هەیە.

٢-ڕێزنەگرتنی هونەرمەند، لەلایەن دەسەڵات و خەڵکەوە.

٣-کەمتەرخەمی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

٤-ناڕەزایی و گلەیی دەربڕین.

-بەخشکەی دەربڕین: بیری سەرەکی ئەم وێنە کاریکاتێرییە، بریتییە لە خستنەڕووی باری ژیانی هونەرمەندان بە گشتی، هەروەها دەیەوێت ئەو پەیامە بەلایەنی پەیوەندیدار بگەیەنێت، بۆ نمونە بەراوردکردنی ژیانی ئێستای هونەرمەندانی خۆماڵی(کوردی) و بیانی لە ڕووی ژیانکردنەوە.




وێنەی کاریکاتێری ژمارە(٩)

(گۆڤاری مچوڕکە،٢٠٠٩، ژ:١)

شرۆڤەکردنی واتای وێنەی کاریکاتێری ژمارە(٩):

-ئەرکی زمان(ڕستە): ئەرکی هێمای زمانیی لەم وێنەیەدا، بریتییە لە ئاگادارکردنەوەی وێنەگرەکە بەهۆی بەکارهێنانی وشەی(وریابە)، لە هەمانکاتدا بە شێوەی نەرێ پەیامەکەی گەیاندووە.

-واتای سیمانتیکی: واتای هۆشەکی ئەم وێنەیە بریتییە لە وێنەگری کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی و کەسێک چاودێری دەکات، بۆ ئەوەی کارەکەی ئەنجامبدات، کە بریتییە لە وێنەگرتنی پرۆژەکانی حکومەتی هەرێم. هێمای زمانیی و نازمانیی تییدا بەکارهاتووە.

-واتای پراگماتیکی: لەپاڵ واتا سیمانتیکییەکەیدا واتایەکی پراگماتیکی شاردراوەتەوە، ئەوە نیشاندەدات، کە دوو بینا هەیە، یەکێکیان بە شێوازێکی نوێ و سەرنجراکێش دروستکراوە، ئەوی دیکەیان بینایەکە بۆتە کەلاوە، پێویستە وێنەگر وێنەی کەلاوەکان نەگرێت، بەڵکو تەنها وێنەی بینا نوێیەکە نیشان بە جەماوەر بدات.

-نیشانە پراگماتیکییەکان؛

١-نیشانەی کەسی: بریتییە لە( ئەو..... ە) ئاماژەیە بۆ کەلاوەکان.

٢-نیشانەی شوێن: کارەکانی حکومەتی هەرێم.

٣-نیشانەی کات: لێرەدا ئاماژە بۆ کاتی حوکمڕانی حکومەتی هەرێم کردووە.

-گریمانەی پێشینە: ئەم گریمانانە دەکرێت:

١-وێنەی دوو بینا هەیە، وێنەی بینا نوێیەکە دەگرێت، نەک کەلاوەکە.

٢-کەسی چاودێر بە زمانی جەستە ئاماژە بۆ کەلاوەکان دەکات.

-بەخشکەیی دەربڕین: واتا شاراوەکەی بریتییە لە:

١-پرۆژەکانی حکومەتی هەرێم بەمشێوازە دەخرێنە بەر چاوی بینەران لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا.

٢-ڕاستییەکان لە جەماوەر دەشارێتەوە، واتە جوانکاری بۆ کارەکانی حکومەت دەکرێت، چونکە هاووڵاتی زیاتر بەچاو بڕیار دەدات.

٣-گەندەڵی ئابوری نیشان دەدات، پێدەچێت ئەو کەلاوانەش، هەمان بودجەیان بۆ تەرخانکرابێت، بەڵام بیناکەی پێ نۆژەن نەکرابێتەوە.




وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١٠)

(دەهۆڵ تایمز، ٢٠٠٢، ژ:٣١)

شیکردنەوەی واتای وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١٠).

-پێکهێنەری ڕستەسازی: بەکارهێنانی جێناوی سەربەخۆی(من) لە ڕستەی یەکەمدا بۆ زیاتر جەختکردنەوەو دڵنیابونی بەرانبەرە، کە ئەم گوتویەتی، نەک کەسێکیتر، نەیگوتووە کەرکوک شارێکی کوردستانە. لە کاتێکدا لە ڕستەی دووەمدا یاری بە زمان و ڕستەکە کردووە، بە دڵنیایی کەرکوک شارێکی کوردستانە، بەهۆی بەکارهێنانی جێناوی سەربەخۆی(من)ەوە، پەیامەکەی گەیاندووە، لە کاتێکدا ڕستەی زمانی کوردی ڕێگەپێدراوە بکەرەکەی دەرنەبڕدرێت، واتە بکەرخراوە، بەڵام ئەم جۆرە ڕستانە زیاتر بە مەبەستی نەهێشتنی گومانە لای کەسی گوێگر، لێرەدا بەهۆی شێوازی ڕستەکانەوە دەتوانرێت واتای جیاواز بخرێتەڕوو.

-واتای سیمانتیکی: واتای هۆشەکی وێنەکە بریتییە لە وێنەی پیاوێک[+ مرۆڤ، +هەراش، +نێر، +ڕۆشنبیر]، کە جانتایەکی هەڵگرتوەو پێدەکەنێت و قسە دەکات.

-واتای پڕاگماتیکی: بەلەبەرچاوگرتنی بیری سیمانتیکی و دەوروبەر دەگەینە ئەوەی، کە ئەو هێما زمانییەی پیاوەکە دەریبڕیوە و دەیەوێت بیگەیەنێت بە حکومەتی عێراق بڵێت: کەرکوک شارێکی عێراقییە، بەڵام لای حکومەتی هەرێم بڵێت: کەرکوک شارێکی کوردستانییە.

-نیشانەی پڕاگماتیکی: شێوازی دەموچاو و جلوبەرگی پیاوەکە، ئەوە دەردەخات، کە کەسێکی بەرپرسە، بەهۆی لێکدانەوەی بە دەوروبەرەوە زانیاری و واتای تەواو لای بینەر و خوێنەر بەرانبەر بە باری ڕامیاری و دەسەڵاتی بەرپرسەکان ڕووندەبێتەوە.

-بەخشکەی دەربڕین: ئەم وێنەیە دەیەوێت ئەو پەیام و مەبەستە بگەیەنێت کە بەرپرسەکان دوو بەڵگەیان بەدەستەوەیە، یەکێکیان جانتایەکە وای نیشاندەدات، کە بەڵگەی کوردستانی بونی کەرکوک دەسەلمێنێت، بەڵگەکەی دیکە وەرەقەیەکی بەدەستەوەیە بەحکومەتی عێراق بڵێت: کەرکوک شارێکی عێراقییە، کە ئەمەش دوو ئاراستەیی لە بڕیار و بیرو بۆچونی بەرپرسەکاندا دیاریدەکات.




وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١١)

(سیخورمە،٢٠١٨،ژ:٢٤٧)

شیکردنەوەی واتای وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١١).

-پێکهێنەری واتا: بەهۆی وشەی(کوردستان)ەوە، کە هەڵگری چەندین نیشانەی واتاییە دەتوانرێت درک بە واتاکانی بکرێت و چەند پەیامێک بگەیەنێت. نیشانەی واتایی کوردستان[+شوێن، +نەتەوە، +سنور، +ژیان، +حکومەت، +ماف،.....هتد].

-واتای سیمانتیکی: وێنە کاریکاتێرییەکە، بریتییە لە مەنجەڵێک، کە کۆمەڵە دەستێک بە کەوگیر مەنجەڵەکە تێکدەدەن، کە لەسەر مەنجەڵکە نوسراوە(کوردستان).

-واتای پراگماتیکی : لەپاڵ واتا هۆشەکییەکەدا، ئەو هێما زمانییەی لە وێنەکەدا دەربڕاوە، تارادەیەک هێما نازمانییەکەی ڕوونکردۆتەوە، جەختی لەسەر خاکی کوردستانە، ئەوەمان پێدەڵێت، کە کوردستان مەنجەڵێکە بە هەموو لایەن و حیزب و ڕەنگەکانەوە هەوڵی تێکدانی باری گشتی کوردستان دەدەن.

-نیشانە پڕاگماتیکییەکان: بەهۆی نیشانەی شوێنەوە(کوردستان) ئاراستەی بیرە پڕاگماتیکییەکەی ئاشکراکردوە. هەمەڕەنگی دەستەکانیش ئاماژەیە بۆ لۆگۆی تایبەت بەگروپ و حیزبەکان، کە لە کوردستاندا کاردەکەن و واتای شاراوەکەی ڕوونکردۆتەوە.

-گریمانەی پێشینە: لە وێنەکەدا گریمانەی ئەمانە دەکرێت:

١-شوێنێک بە ناوی کوردستان هەیە، کە خاوەنی سامانێکی سروشتی دەوڵەمەندە.

٢-کوردستان ئاگری لە ژێردایەو دەسوتێت.

٣-چەندین حیزب لە کوردستاندا بونی هەیە.

-بەخشکەی دەربڕین: پێویستە هەموو لایەک ئاگاداربێت، کە هەوڵێکی تێکدەرانە بۆ کوردستان هەیە، چونکە شوێنێکی سروشتی و دەوڵەمەند و جوگرافی گرنگی هەیە، بە هەموو حیزبەکان هەوڵی خۆشکردنی ئاگرەکە دەدەن.




وێنەی کاریکاتێری ژمارە (١٢)

(سیخورمە،٢٠١٥،ژ:٢٣٤)

شیکردنەوەی واتای وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١٢).

-واتای سیمانتیکی: واتای هۆشەکی ئەم وێنەیە بریتییە لە: وێنەی ئەسپێک، کە چەند کەسێکی لەسەرە لە ڕوی تەمەنەوە جیاوازن، باری ئەسپەکەیان قورسکردوە، هێمای زمانییەکە بریتییە لە (تەکەتول، گرانی، حیزب، گەندەڵی) ،کە ئەمانە وشەن، بەڵام واتای جیاواز دەگەیەنن.

-واتای پڕاگماتیکی: واتای شاراوەی ئەم وێنەیە دەمانگەیەنێتە ئەوەی، لە کاتی ئێستادا عێراق بارگرانییەکی زۆری لەسەرە بەهۆی ( تەکەتول، گرانی، حیزب، گەندەڵی) هەموان لە بەرژەوەندی خۆیان داهاتی عێراق بەکاردەهێنن.


-گریمانەی پێشینە: پێشبینی ئەم گریمانانە دەکرێت:

١-بوونی گەندەڵی و تەکەتولی حیزبی و گرانی لە عێراقدا.

٢-وڵاتێک هەیە بە ناوی عێراق.

٣-هەموان لەبەهەدەردانی سامانی وڵاتدا بەشدارن.

-بەخشکەی دەربڕین: بەیارمەتی هێمای زمانیی وێنەکە پێویستە هەموان ئاگاداربن، کە عێراق وڵاتێکە لە هەموو ڕووەکانەوە هیلاکە و بەتایبەتی لەڕوی ئابورییەوە؛ زۆرترین بەهەدەردانی سامانی وڵات بەهۆی گەندەڵییەوە دەبرێت، پاشان هۆکارەکانی دیکە. ئەگەر چارەسەر نەکرێت و باری سەرشانی هاووڵاتییان سووک نەکرێت، عێراق بەرەو هەڵوەشاندنەوە هەنگاو دەنێت.




وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١٣)

(سیخورمە،٢٠١٢،ژ.٢٢٢)

شیکردنەوەی واتای وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١٣).

-پێکهێنەری واتا: لە ڕێگەی نیشانە واتاییەکانەوە سەیری مافەکانی ژنان بکرێت، نیشانە واتاییەکانی ژن بریتین لە [+مێ، +ماف، +مرۆڤ، -چەوساندنەوە،....هتد].

-واتای سیمانتیکی: واتای هۆشەکی وێنەکە بریتیە لە: دوو ئافرەت لە دورەوە بەکامێرا لە مافەکانی خۆیان دەڕوانن، مافەکانیان لەسەر لەوحەیەک نوسراوە.

-واتای پراگماتیکی: بەهۆی هێمای زمانیی و واتای هۆشەکی وێنەکە و دەوروبەرەوە، واتا شاراوەکەی ئاشکرا دەبێت. پێمان دەڵێت: کە ژنان بەبیر و باوەڕی جیاوازەوە، لە دورەوە لە مافەکانی خۆیان دەڕوانن و هەرخۆشیان هۆکارن بۆ ئەوەی مافەکانیان بەرجەستەنەکرێت.

-بەخشکەیی دەربڕین: ئەم واتایانە دەگەیەنێت:

١-مافی ژنان بوونی هەیە.

٢-پێویستە ژنان مافەکانیان بۆ فەراهەمبکرێت.

٣-ژنان خۆیان هۆکارن بۆ بەدەستنەهێنانی مافەکانیان، چونکە تەنها لە دورەوە سەیریان دەکەن و هەنگاوی کارەکی بۆ نانێن، بەم شێوەیە بە ئامانج ناگەن.

٤-مافەکانی ژنان لای ژنانی عەلمانی و ئیسلامی وەکویەک وایە، بگرە ژنانی عەلمانی هەنگاوێک نزیکترن و مافەکانیان گەورە دەکەن.

٥-مافەکان تەنها دەربراون، پێویستە کردەی کرداری بۆ ئەنجامبدرێت، تا لە دورەوە گلەیی و گازندە لە پیاوان نەکەن.

-نیشانەی پراگماتیکی: ئەم نیشانانەی تێدایە:

١-شێوەی جل و بەرگیان بیروباوەڕیان دەردەخات.

٢-بەکارهێنانی ئامێر بۆ سەیرکردنی مافەکانیان، ئەوە دەگەیەنێت، کە تەنها لە دورەوە سەیری مافەکانیان دەکەن.

-کردەی ئاخاوتن: کردەی ئەم وێنەیە بریتییە لە :

١-نارەزایی دەربڕین و گلەیکردن.

٢-تاوانبارکردنی ژنان، بەجیاوازی بیروباوەڕە جیاوازەکانەوە.




وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١٤)

(گەپ،٢٠٠٩،ژ:٩٩)

شیکردنەوەی واتای وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١٤).

-جۆری ڕستە: بەهۆی هێمای زمانییەوە ڕستەیەکی سەرسوڕمانی دەربڕییوە، بریتییە لە(جاخۆ لە سلێمانی بە٦٠٠دینار تێمکرد!!)، یەکێکە لە جۆرەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا. لەکاتێکدا بەهێمای نازمانیی دەستەکانی ئاماژەی پێکردووە، کەسی بەرانبەریش بەڕستەی(ئۆخەی...ئۆخەی..... هەرکەس بۆخۆی)وەڵامی داوەتەوە.

-واتای سیمانتیکی: لەم وێنەیەدا واتا هۆشەکییەکەی ئاشکرایە، کە وێنەی بەنزینخانەیەک و کارمەندێک و شۆفێرێک نیشاندەدات، کە دەیەوێت بەنزین تێبکات.

-واتای پڕاگماتیکی: بەهۆی واتای هۆشەکی و هێمای زمانیی دەوروبەرەوە، کە ئاماژەی بۆ کراوە. واتا شاراوەکەی ئاشکرا دەبێت، کە بریتییە لە جیاوازی نرخی بەنزین لە نێوان دوو شاری هەرێمی کوردستاندا.

-بەخشکەی دەربڕین: بەشێوەیەکی پەنامەکی ئەم واتایانە دەگەیەنێت:

١-دوو شاری هەرێمی کوردستان کە لە ژێر چەتری یەک حکومەتدان، بەڵام نرخی بەنزین جیاوازە.

٢-بێباکی خاوەن بەنزینخانەکان، کە بەئارەزوی خۆیان نرخ دادەنێن، کە لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا ئەم دیاردەیە بوونی هەیە.

-نیشانە پراگماتیکییەکان: پێویستە بەپێی دەوروبەری جیاواز و ڕاستەوخۆ بیر و واتا پراگماتیکییەکەی دیاریبکرێت، چونکە بەتێپەڕبوونی کات و شوێن واتا پراگماتیکییەکەی گۆڕانی بەسەردادێت. کە لێرەدا بەهۆی هێمای زمانیی شوێن، کە (سلێمانی و هەولێر)ە، شوێنەکەمان بۆ ئاشکرا دەبێت.



وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١٥)

(بەکر عەبدولڕەحمان، ٢٠١٩:١٩)

شیکردنەوەی واتای وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١٥).

-واتای سیمانتیکی: واتای هۆشەکی ئەم وێنەیە بریتییە لە: وێنەی دوو پیاو، کە یەکێکیان بۆیاخی قۆندەرەی ئەوی دیکەیان دەکات، کە خاوەنی سمێڵێکی درێژ و ڕەشە. ئەم وێنەیە هێمای زمانیی لەگەڵدا نییە، بەڵکو تەنها هێمای نازمانیی تێدا بەکارهاتووە، بەڵام بەهۆی زمانیی جەستەو دەوروبەرەوە یارمەتیدەرن واتای وێنەکە شرۆڤە بکرێت.

-واتای پراگماتیکی: واتای شاراوەی ئەم وێنەیە دەمانگەیەنێتە ئەوەی لەکاتی ئێستادا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ژیانی بەرپرس و دەوڵەمەندەکان و کەسانی ئاساییدا هەیە.

-نیشانە پراگماتیکییەکان:بەهۆی نیشانەی شوێنەوە(کورسی) و لێکدانەوەی دەوروبەرەوە، زانیاری بینەر بەرانبەر ژیانی دەسەڵاتداران، واتاکەی ڕوندەبێتەوە.

-گریمانەی پێشینە: گریمانەی ئەمانەی خوارەوە دەکرێت:

١-بەرجەستەکردنی ژیانی دوو کەسی جیاواز.

٢-بەرپرسەکان و دەوڵەمەندەکان پارەیەکی زۆریان هەیە.

٣-هیچ دەربڕاوێک لەنێوانیاندا بەکارنایەت، بەڵکو تەنها بەزمانی جەستە دەدوێن.

-بەخشکەیی دەربڕین: ئەم پەیامانە دەگەیەنێت:

١-جلوبەرگی بەرپرس و دەوڵەمەندەکان، لە باشترین و کەشخەترین جلوبەرگی سەردەمن، بە پێچەوانەی کەسانی هەژار و ئاساییەوە، کە جلوبەرگێکی زۆر سادەیان لەبەردایە.

٢-بەرپرس و دەوڵەمەندەکان زۆربەی کات ڕوخسارێکی گرژیان هەیە، هەرچەندە تاجی پادشاییان لەسەردایە، بەڵام کەسانی هەژار و کرێکار و ئاسایی ڕویان خۆشەو پێدەکەنن و بەرانبەر بە ژیان گەشبینن.

٣- پلەو پایەو دەسەڵاتی بەرپرس و دەوڵەمەندەکان، پێدەچێت پێیانبەخشرابێت، بەڵام ژیانی هەژاران وەکو شانس و زارهەڵدان بۆیان دەرچووە.

٤-مێژووی نەتەوەکەیان لەژێر پێدا داناوە .




وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١٦)

(بکر عبدالرحمن،٢٠٢٢)

شیکردنەوەی واتای وێنەی کاریکاتێری ژمارە(١٦).

-واتای سیمانتیکی: واتای هۆشەکی ئەم وێنە کاریکاتێرییە بریتییە لە: بوونی دارێکی بڕاوە، کە دەیەوێت بە دەستەکانی مۆسیقا لێبدات. لەکاتێکدا سەری دارەکە بڕاوەتەوە.

-واتای پراگماتیکی : واتای شاراوەی ئەم وێنەیە بوونی دیاردەیەکی ناشارستانی و گوێنەدان بە یاساکانی پاراستنی ژینگە، کە لە ئێستادا بۆتە جێگەی سەرنج و بەدیاردەیەکی قێزەون لە وڵاتدا دادەنرێت.

بەخشکەی دەربڕین ئەم واتایانەی لێهەڵدەهێنجرێت:

١-پیویستە ژینگە بپارێزرێت و بە هاوکاری لەگەڵ مۆسیقادا ژینگەیەکی ئارام بۆ هاووڵاتیان دروستبکرێت.

٢- دوای ئەوەی درەختەکان دەبڕنەوە، درەختەکان دوبارە دەیانەوێت گەشبینی و خۆشی و خەندە و ژینگەیەکی دروست بۆ خەڵک فەراهەمبکەن .

٣-بەهۆی هێمای زمانیی(help) ەوە، درەختەکان داوای یارمەتیدەکەن، کە ئەمەش وێنەو پەیامێکی جیهانی دەگەیەنێت.

٤-بوونی هەورەکان، کە ئەماژەیە بۆ بارینی باران، دەیەوێت درەختەکان دوبارە سەوزببنەوە.

٥-هاندانی خەڵکی بۆ ڕواندنی درەخت و زیادکردنی پانتای سەوزایی لە وڵاتدا.

-گریمانەی پێشینە: لەم وێنەیەدا گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە ئێستاش خەڵک هەیە، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان درەختەکان دەبڕنەوەو دژی ژینگە کاردەکەن. گوێنادەن بەوەی، کە سروشتی وڵات دەشێوێنن.

## ئەنجام:

١- زانستی هێمالۆژی سنوری کارکردن و بەکارهێنانی فراوانترە، لە زانستی زمان، چونکە هێمالۆژی لێکۆڵینەوە لە هێمای زمانیی و نازمانیی دەکات.

٢- لە زانستی هێمادا نیشانە (ڕەمز) بە پایەیەکی گرنگ و سەرەکی ئەم زانستە دادەنرێت، تا ئەو ئاستەی سیمبول لقێکە لە نیشانە، واتە نیشانە ڕۆڵی چەمک دەبینێت. بە واتایەکی تر هەموو سیمنولیک نیشانەیە، بەڵام هەموو نیشانەیەک سیمبول نییە.

٣-وێنە کاریکاتێرییەکان لە کاریگەری  گەیاندنی پەیامی جیاواز پەیکاڵ دەبێت لەگەڵ هێمای زمانیدا، بەڵکو هەندێکجار شوێنکەوتەی زیاتر بەجێدەهێڵێت.

٤- زمانی وێنە کاریکاتێرییەکان شێوازێکی جیهانی هەیە، واتە سنوریان بۆ دیاریناکرێت، تایبەت نییە بە نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە، ئەگەر هێمای زمانیی لەگەڵدا نەبێت.

٥- وێنەی کاریکاتێری ڕاستەوخۆ مەبەست و پەیام بەدەستەوە نادات، بەڵکو واتایەکی ناڕاستەوخۆو شاراوەی هەیە، کە بەپێی جۆرەکانی دەوروبەر گۆڕانی بەسەردا دێت.

٦- کاریکاتێرستەکان زیاتر ئەو وێنە کاریکاتێرییانە دەکێشن، کە هەڵگری پەیامی ڕامیارین، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە دەبێت، کە باری ڕامیاری دەبێتە چەق و باڵی بەسەر لایەنەکانی دیکەی ژیاندا کێشاوە.

٧- کاریکاتێر بەشێکی سەرەکی لەبواری پڕاگماتیکدا پێکدەهێنێت، لەو ڕێگەیەوە پەیامی خۆی بەهۆی(کردەی قسەیی و گریمانەی پێشینە و نیشانەکان و کردەی ئاخاوتن و....هتد)دەگەیەنێت.

٨- کاریکاتێر تاکە هونەرە، کە دەتوانێت گلەیی و گازندە بە لایەنی پەیوەندیدار لە کەمترین کاتدا بگەیەنێت، بە بێ بەکارهێنانی زمانێکی زبر، بەڵکو تەنها مەبەستی ئاگادارکردنەوەو هەڵوێست وەرگرتنە.

٩-  هێما کۆکەرەوەی نیشانەو ڕەمز و ئاماژەیە، واتا زاراوەی هێما دەبێتە چەمکێکی گشتی کە هەموو زاراوەکانی دیکە لەئەمەوە سەرچاوە دەگرن.

١٠- لێکدانەوەی پڕاگماتیکی وێنە کاریکاتێرییەکان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی دەوروبەر واتاکانیان دیاریناکرێت، واتە بەپێی قسەکەر و گوێگر واتاکانیان دەگۆڕێت. لە کاتێکدا واتای سیمانتیکی وێنە کاریکاتێرییەکان هەمان واتا و شرۆڤەکردنیان لای کەسەکان هەیە.

# لیستی سەرچاوەکان

*القران الكريم (سورة البقرة) ، الآية؛٣١.

## زمانی کوردی:

١- ئەحمەد، بێستون حەسەن(٢٠١٢)، کۆمەڵە وشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٢- ئەلڕەحمانی، ئەحمەد(٢٠٢١)، تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیان، و.سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٣- ئەسعەد، چۆلی(٢٠١٣)، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

٤- ئەمین، وریا عومەر(٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٥- ئەلزغول، عیماد عەبدولڕەحیم(٢٠١٥)، بنەما سەرەکییەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

٦- ئیبراهیم، محەمەد عەبدول کەریم(٢٠١٢)، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە.

٧- باطنی، محەمەد رضا(٢٠١٢)، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، و. هێرش کەریم، چاپخانەی گەنج.

٨- حاجی مارف، ئەوڕەحمان (١٩٧٦)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنای فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

٩- حسەین، شیلان عومەر(٢٠٢١)، زانستی زمانی کارەکیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

١٠- حەمیدی، عاصف(٢٠١٠)، کارکردن لە تەلەفیزیۆندا، و.حەکیم عوسمان، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم.

١١- عەبدولڕەحمان، بەکر(٢٠١٩)، سمێڵ بابڕەکان، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

١٢- خۆشناو، نەریمان، کامەران محەمەد(٢٠٠٨)، قوتابخانە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی منارە.

١٣- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا(٢٠١٦)، زار و زمان، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

١٤- دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠٠٩)، واتاسازی(چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پڕاگماتیکییە)، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی خانی.

١٥- دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠١٠)، واتاسازی وشەو ڕستە، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

١٦- دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠١٣)، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٧- دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠١٤)، پڕاگماتیکی دەق و وتار، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٨- دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠١٤)، زانستی پڕاگماتیک، چاپی دووەم، هەولێر.

١٩- دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠١٥)، زانستی سیمانتیک، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢٠- دزەیی، عەندولواحید موشیر(٢٠١٥)،لێکۆڵینەوە پڕاگماتیکییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢١-ڕەشید، ئارام عەبدولواحید (٢٠١٣)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی لەریا.

٢٢- ڕێشاوی، یەحیا عومەر(٢٠١٩)، توێژینەوەی میدیایی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٢٣- زمانەوان، کۆمەڵێک(٢٠٠٩)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، و. محەمەدی مەحوی، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

٢٤-سەپان (٢٠٠٧)، ئەگەر ڕۆژنامەنوس هات، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٢٥-سەعید، یوسف شەریف(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٢٦- شاسواری، عادل(٢٠١٣)، ئەرکەکانی ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

٢٧- شوانی، ڕەفیق(٢٠١٤)، وشەسازی زمانی کوردی، کەرکوک، چاپخانەی داودی.

٢٨-صاڵح، دەرون عەبدولڕەحمان(٢٠٢٠)، ڕۆڵی زمان لە ئاڕاستەکردنی لایەنی دەرونی تاکدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

٢٩- عەلی، بەکر عومەر(٢٠١٤)،چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، هەولێر،چاپخانەی هێڤی.

٣٠- عەلی، تاڵیب حوسێن(٢٠١١)، واتاسازی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٣١- عەلی، تاڵیب حوسێن(٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٣٢- عەلی، تاڵیب حوسێن(٢٠٢٠)، زانستی زمان و زمانی کوردی، بەشی دووەم، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

٣٣- غەریب، ئاکۆ(١٩٩٩)، زمانی کاریکاتێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی.

٣٤-فەتاح، محەمەد مەعروف(١٩٩٠)، زمانەوانی، هەولێر.

٣٥- فەتاح، محەمەد مەعروف(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٣٦- قادر، خانزاد عەلی(٢٠١٢)، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

٣٧- قادر، محەمەد(٢٠١٢)، کاریکاتێر، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

٣٨- کەریم، سەلام(٢٠٠٥)، زمان و ڕۆژنامە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

٣٩- محەمەد، دارا حەمید(٢٠١٠)، واتاسازی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ژیر.

٤٠-محەمەد، دارا حەمید(٢٠١٤)، هەندێک لایەن لە تیۆرەکانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج.

٤١- مەحمود، ئاڤێستا کەمال(٢٠٠٩)، پڕاگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە کرمانجی خواروودا، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

٤٢- مەحویی، محەمەد(٢٠٠١)، ڕستەسازی کوردیی، سلێمانی.

٤٣- مەحویی، محەمەد(٢٠٠١)، سەرەتایەک بۆ زانستی زمان، سلێمانی.

٤٤- مەحویی، محەمەد(٢٠٠٨)، زانستی هێما، هێما واتا و واتالێکدانەوە، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٤٥- مەحویی، محەمەد(٢٠٠٩)، زانستی هێما، هێما واتا و واتالێکدانەوە، بەرگی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند.

٤٦- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا(٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سارا.

٤٧-عەبدوڵلا، عەبدولسەلام، نەجمەدین(٢٠٠٨)، شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕوی زمانەوانییەوە، چاپی یەکەم ، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

٤٨-مەعروف، کەمال(٢٠١٢)، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، سلێمانی، چاپخانەی لەریا.

٤٩- ناوخۆش، سەلام، خۆشناو، نەریمان (٢٠١٠)، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٥٠- ویدۆوسن، ه.د.(٢٠٠٨)، سەرەتایەک بۆ زمانەوانی، و.هۆشەنگ فاروق، چاپی یەکەم، دهۆک، چاپخانەی خانی.

**گۆڤار:**

١- ڕەشید، شەماڵ(٢٠٠٩)، مچوڕکە، سلێمانی، ژ١، ل١٢.

٢- سەعید، محەمەد مەجید، قەیس کەمال ئەحمەد(٢٠٢٠)، دەوروبەری زمان لە گەیاندنی کاتی سینتاکسی کرداردا " شێوە زاری خانەقین"، زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(٢)، ل٣١.

٣-(٢٠١٢)، سیخورمە، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی، ژ٢٢٢، ل١٦.

٤-(٢٠١٥)، سیخورمە، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی، ژ٢٣٤، ل١١.

٥-(٢٠١٨)، سیخورمە، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ژ٢٤٧، ل٥.

٦- شاپان(٢٠٠٢)، دەهۆڵ تایمز، هەولێر، ژ٣١، ل٣.

٧- عەلی، بەکر عومەر، حسەین،ئازاد ئەحمەد(٢٠١٣)، دەوروبەری زمانیی، زانکۆی سلێمانی، ژ(٤٢)، بەشی B .

٨-عەلی، شیرزاد سەبری(٢٠١٩)، سڤکاتیکرن د کاریکاتێرێ کوردیدا- ڤە کۆڵینەکا پراگماتیکی، المجلة الاکادیمیة الجامعة نوروز، المجلة ٨، عدد١، ص٩٩ .

٩- فەرهادی، ساجیدە عبداللە(٢٠١٤)، واتای وشە لە نێوان دیدی فردینات دی سۆسێر و هالیدایدا، مجلة الآستاذ، المجلد الآول، عدد(٢١١)، ص٤٧٣.

١٠-(٢٠٠٩)، گەپ، هەولێر، چاپخانەی موکریان، ژ٩٩، ل٦.

١١-(٢٠٠٩)، مچوڕکە، سلێمانی، ژ١، ل١١.

**نامەی ئەکادیمی:**

١-ئەحمەد، تریفە عومەر(٢٠١٣)، پڕاگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، زانکۆی سلێمانی.

٢-ئەحمەد، گۆران عەبدوڵڵا(٢٠١٥)، تەنزە ئەدەبییەکان لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا- باشوری کوردستان- بە نمونەی گۆڤارەکانی(مەلای مەشهور، سیخورمە، گەپ)، زانکۆی سلێمانی.

٣-ئیبراهیم، بەشدار محەمەد(٢٠١٤)، واتاسازیی بەرهەمهێنان-لێکدانەوە لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی.

٤- حەسەن، ساکار عەبدوڵڵا(٢٠١٤)، خۆخزانی وشە بۆ ناو ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، سلێمانی.

٥- حەسەن، فەرهاد تۆفیق(٢٠١٠)، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی.

٦- سەعید، محەمەد مەجید(٢٠١٥)، فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسیمبون، زانکۆی سلێمانی.

٧- شاخەوان، مەلا مەحمود(٢٠١٤)، ڕۆژنامەگەری تەنز لە هەرێمی کوردستان- گۆڤاری سیخورمە وەک نمونە.

٨- فەرەج، هۆگر مەحمود(٢٠٠٠)، پڕاگماتیک و واتای نیشانەکان، زانکۆی سلێمانی.

٩-کریم، دیار علی کمال(٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی، ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، زانکۆی سەلاحەدین.

١٠- محەمەد، بژوێن یەحیا(٢٠١٦)، نواندنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی.

١١- محەمەد ئەمین، محەمەد قادر(٢٠٢١)، لێکدانەوەی پەیوەندییە واتاییەکان- بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان، سلێمانی.

١٢-مامە، داستان صابیر(٢٠٢١)، ڕۆڵی هێما نازمانییەکان لە ئاخاوتنی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین.

**وانەی خوێندنی باڵا:**

١–بەرهەم ستار عەبدولڕەحمان(٢٠٢٠–٢٠٢١)، وانەی خوێندنی باڵا/ ماستەر، ئینگلیزی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت.

٢–دەرون عەبدولڕەحمان(٢٠٢٠–٢٠٢١)، وانەی خوێندنی باڵا/ ماستەر، زانستی زمان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت.

٣– شیلان عومەر حسەین(٢٠٢٠–٢٠٢١)، وانەی خوێندنی باڵا/ ماستەر، پڕاگماتیک، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت.

٤– عەبدولجەبار مستەفا مەعروف(٢٠٢٠–٢٠٢١)، وانەی خوێندنی باڵا/ ماستەر، مۆرفۆلۆژی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت.

**چاوپێکەوتن:**

١–ئازاد ئەحمەد حسەین(٢٠٢٢/٨/١٠)، کات:٩:٠٠.

٢– بەکر عەبدولڕەحمان(٢٠٢٢/٧/٨)، کات:٤:٠٠.

٣– شیلان عومەر حسەین(٢٠٢٢/٥/٥)، کات: ٨:٠٠.

٤– لوقمان محەمەد ئەحمەد(٢٠٢٢/٩/٦)، کات: ١١:٠٠.

٥– محەمەد فەتاح(٢٠٢٢/٧/١٢)،کات: ١٠:١٥.

**زمانی عەرەبی:**

١– آبو آصبع، صالح خليل(٢٠٠٦)، الآتصال و الآعلام في المجتمعات المعاصرة، الطبعة الخاميس.

٢– آولمان، ستيفن (١٩٨٦)، دور الكلمة في اللغة، و. كمال محمد بشير، الطبعة العاشرة، مكتب الشباب.

٣– آبراهيم قنديلجى، عامر(١٩٩٦)، توثيق الصورة فى الآعلام الصحافة وزارة الثقافة و الآعلام جار شؤون الثقافية العامة، بغداد.

٤– آڤيج، ميلكا(١٩٩٦)، آتجاهات البحث اللسانى، بغداد.

٥- براح، ناريمان(٢٠١٥)، النظرية السياقية في الدرس اللساني قديما و حديثا، جامعة العربى بن مهيدي- ام البواقى- كلية الآداب و اللغات، جزائر.

٦- جعفة، عبدالمجيد(٢٠٠٠)، مدخل الى دلالة الحديثة، طبعة الاولى، مغريب، دار توبغال للنشر.

٧- حجازي، محمود(١٩٧٣)، علم اللغة العربية، الكويت.

٨- رشيد، هدى صلاح، ملامح فكرة العلامة اللغوية (الدال و المدلول) في التراث اللغوي العربي الآسلامي، مجلة العلوم الآسلامية العدد٢٤، ص١٣٢.

٩- صائغ، يوسف(١٩٨٧)، الشعر الحر فى العراق، مطبعة الآديب البغدادية، بغداد.

١٠- صريفى، محمد(٢٠٠٦)، الآتصالات الآدارية، مؤسسة حورس الدولية، الآسكندرية.

١١- الطلحى، رده الله بن ضيف الله (١٩٩٠)، مكه المكرمة، جامعة آم القرى.

١٢- عمر، احمد مختار(١٩٨٢)، علم الدلالة، الطبعة الآولى، مكتبة دار العروبة للنشر و التوزيع، الكويت.

١٣- عياحنا، سامي، كريم زكي حسام الدين، نجس جريس(١٩٩٧)، معجم اللسانيات الحديثة، طبعة الآول، بيروت.

١٤- عبابنه، يعى(٢٠٠٥)، علم الدلالة.

١٥- فاخورى، عادل(١٩٨٩)، آقتضاء فى التداول اللسانى، مجلة عالم الفكر، جزء-٣، كويت.

١٦- لاينز، جون(١٨٦٨)، علم الدلالة، ت.مجيد حليم وآخرون، الكلية الآداب، جامعة البصرة.

١٧- لاينز، جون(١٩٨٠)، علم الدلالة، ت.مجيد حليم وآخرون، الكلية الآداب، جامعة البصرة.

١٨-مارى شسايفر، جان،ديكرو(٢٠٠٧)، القاموس الموسوعى الجديد للعلوم اللسان، ترجمة. منذر عياشى الطبعة الثانية، الناشر مركز الثقافى العربى، الدار البيضاء، المغرب.

١٩- محمد، كعوان، الرمز والعلامة و الآشارة المفاهيم و المجالات، قسنطينة.

٢٠- موريس، آيان(_____)، لماذا يهمن الغرب اليوم.

٢١- نحلة، محمود آحمد(٢٠٠٦)، آفاق جديدة فى البحث اللغوي المعاصر، دار المعرفة الجامعية.

٢٢-نورالهدى، لوشن(١٩٩٥)، علم الدلالة، دراسة و تطبيقآ، ط/١، بنغازى، ليبيا.

## زمانى فارسى:

١- باقرى،(١٣٩٩)، مقدمات زبانشناسى، چاپ بيست و چهارەم نشر قطرة، تهران.

٢-دانسى، مارسل(١٣٩٧)، مباحث اساسى زبان شناسى مردم شناسانه، ترجمة على آكبر شيرى، چاپ اول، آنشارات تمدن علمى، تهران.

٣-دينەسن، آنة مارى(١٣٨٩)، در آمدى بر نيشانەشوناسى، ترجمة مضغر قهرمان، چاپ چهارم، نشر پرش، آبادان.

٤- شعيرى، حيد رضا(١٣٨١)، مبانى شناسى نوين، چاپ دووم، چاپ و صحافى: مهر- قم.

٥- صفوى، كورش(١٣٩٩)، زبان شناسى و آدبيات تارخچه چند آشطلاح(گزيدة مقالات)، چاپ اول، انتشارات همرس، تهران.

٦- صفوى، كورش(١٤٠٠)، آشنايى يا زبان شناسى در مطالعات ادب فارسى، چاپ چهارم، انتشارات علمى، تهران.

٧-نحفى، آبو الحسن(١٣٩٩)، مبانى زبان شناسى و كاربرد آن در زبان فارسى، چاپ سيزدهم، آنتشارات نيليوفر، تهران.

## زمانی ئینگلیزی:

1-Azad Hasan Fatah (2012), Acognitive Grammar Analysis of Suffixes in English and Kurdish.

2-Evans and Melnie Green (2006), Cognitive Linguistic An Introduction.

3-jean Dubois (1989), mot contexte ET autres dictionnaire de linguistique la rousse Paris.

4-Kempson, R(1975), Semantics, 2nd Edition, Harmon ds worth: penjuin Books.

5-Morris .C.W (1938) Foundations of The Theory of Singns, Chicago University Press, Chicago.

6-Nell A., Steven E., Mark H. Jay (1998), C0ngnitive Science an Introduction.

7-Talmy, Glles Fauconnier (2000), Cognitive Linguistice.

8-Wardhaugh, Ronald (1990),An Introduction to Sociolinguistics.

**:ماڵپەڕی ئەلەکترۆنی**


https://mawdoo3.com

https://www.facebook.com/darasaeed

https://www.facebook.com/Dr.ArasBradosty

https://www.facebook.com/groups/1095359758049483/?ref=share-

https://www.facebook.com/groups/1095359758049483/?ref=share-

https://www.facebook.com/poly12amadayi/

https://m.facebook.com

https://ar.m.wikipedia.org/w

http://xorhelat.net/

https://www.almrsal.com/post/716379

## پوختە:

زمانی مرۆڤ بریتییە لە پێڕەوێکی هێمایی، پێکدێت لە دیوێک دەنگ و دیوێک واتا. هێمای زمانیی و نازمانیی، وەک دیارترین کەرەستەو یەکەکانی زانستی هێمالۆژین، گرنگی بەبونیاد و کەرەستەو یەکەکانی پێوەندیکردن دەدات، کە دەبێتە هۆی ئەوەی زمان بە ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێت. لەم ڕێگەیەوە واتای هێمای زمانیی و نازمانییەکان بخاتەڕوو.

ئەم توێژینەوەیە، ناونیشانی(ڕۆڵی هێمای زمانیی و نازمانییەکان لە بونیادی وێنەی کاریکاتێرییەکاندا)ی دراوەتێ، بە مەبەستی توێژینەوەو باسکردنی زانستی هێما(هێمالۆژی) بە شێوەیەکی گشتی، هێمای نازمانیی بە شێوەیەکی تایبەتی، گرنگی و ڕۆڵی هێمای زمانیی و نازمانییەکان لەبەرهەمهێنانی واتاو مەبەستی جیاواز، لە بونیادی وێنە کاریکاتێرییەکاندا بەرجەستە دەکات. لە لایەکی ترەوە باس لە جۆرەکانی زمان و شێوازی گەیاندن و کاریگەری لەسەر خوێنەر و بینەر"گوێگر" کراوە. هەروەها ڕۆڵی وێنەی کاریکاتێری لە گەیاندنی واتای سیمانتیکی و پڕاگماتیکی بەپێی تیۆری دەوروبەر باسکراوە، هەرچەندە تاک لە ڕێگەی هێمای زمانییەوە زیاتر کردەی پێوەندیکردن و لێکتێگەیشتنی کارا دەبێت، بەڵام سەرەتای زمان بۆ هێما نازمانییەکان دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێما نازمانییەکان بەتەواوکەری کردەی پێوەندیکردن و گفتوگۆ دادەنرێت، چونکە لە ڕێگەیانەوە (هێمای زمانیی و نازمانیی) زیاتر کاریگەری و بایەخیان لەسەر تەواوکردنی پرۆسەکە جێدەهێڵن.

ئەم توێژینەوەیە پیکهاتووە لە سێ بەش، لە بەشی یەکەمدا، باس لە قوتابخانە زمانەوانییەکان بەپێی ڕیزبەندی کارکردنیان لە ئاستەکانی زماندا کراوە. هەروەها ئاماژە بە فەرهەنگ و زانیاری فەرهەنگیی و جۆرەکانی زمان دراوە. بەشی دووەم، تایبەتکراوە بە تیۆرەکانی واتا بە شێوەیەکی گشتی و تیۆری واتاسازی لێکدەرەوەیی و تیۆری دەوروبەر بە شێوەیەکی تایبەتی، لە هەمانکاتدا بنەماکانی تیۆری واتاسازی لێکدەرەوەیی خراوەتەڕوو، هەر لەم بەشەدا تایبەتمەندییەکانی هێمای زمانیی و نازمانیی ئاماژەی پێکراوە. لە بەشی سێیەمدا، کە لایەنێکی کارەکی توێژینەوەکەیە، چەمک و زاراوەی وێنەی کاریکاتێری و جۆرەکانی بە شێوەیەکی ورد خراوەتەڕوو. لە هەمانکاتدا باس لە مێژووی وێنەو جۆرەکانی وێنە کراوە، لە هەمان بەشدا چەند نمونەیەکی وێنەی کاریکاتێری بە شێوەیەکی کارەکی و لێکدانەوەی واتای سیمانتیکی و پڕاگماتیکییان؛ بەپێی هەندێک لە بنەماکانی تیۆری واتاسازیی لێکدەرەوەیی و تیۆری دەوروبەر خراوەتەڕوو.

# الخلاصة :

اللغة الانسانية: هي نسق من الإشارات والرموز، تتكون من قسمين الصوت والمعنى، والرموز بشقيها(اللغوي و غير اللغوي) مثال لأبرز ادوات وحدات علم(المنطق الرمزي) حيث تهتم بتأسيس أدوات وأليات التواصل، فتكون سبباً لتمكين اللغة القيام بواجباتها, ومن خلالها تقوم بعرض الرموز – اللغوية و غير اللغوية. عنوان هذه الدراسة ( دور الرموز اللغوية و غير اللغوية في تأسيس الصورة الكاريكاتيرية)، أحاول من خلالها أن أبحث والبحوث عن علم الرمز أو (المنطق الرمزي) بشكل عام، والرموز غير اللغوية بشكل خاص، وذالك من أجل بيان أهميتة الرموز(اللغوية و غير الغوية) في أنتاج المعاني والأهداف المختلفة و بناء الصورة الكاريكاتيرية و تجسيدها.

من جهة أخرى هذة الدراسة تسلط الضوء علي انواع اللغة وطرق التواصل و تأثيرة على القارىء والمستمع والمشاهد، وكذالك دور الصورة الكاريكاتيرية في توصيل المعانى سيمانتيكية و براكماتيكية وفق ماذكر في نظرية سياق. ان مفاهيم الفرد وتواصله يتعزز عن طريق الرموز اللغوية، لكن بداية اللغة تعود للرموز غير اللغوية، ومع ذالك تعتبر الرموز غير اللغوية تتمة لعملية التواصل و المحادثة، ومن خلالهما ( الرموز اللغوية و غير اللغوية) تزداد أهميتهما وتأثيرهما في أتمام العملية بشكل أكثر فعالية.

هذا البحث يتكون من ثلاثة أقسام:

القسم الأول: يتحدث عن مدارس اللغوية يحسب مراتب عملهم في مستويات اللغة، كما يشير إلى القاموس و المعلومات القاموسية و أنواع اللغة.

و القسم الثاني: مخصص لنظريات(الدلالة) بشكل عام و نظرية(سياق وعلم الدلالة) بشكل خاص، وبيان الخصائص الرموز اللغوية وغير اللغوية.

وفي القسم الثالث: ذكر فيه خلاصة مفهوم مصطلح (الكاريكاتير) و أنواعه، ودورهم في إنتاج المعاني و المفاهيم الدلالية حسب نضرية السياق كما أشير إلي عدة امثلة للصورة كاريكاتيرية طبقت خلالها بشكل العملى تحليل معاني(السيمانتكية و البراكماتيكية) فيها .

## Abstract

The human language is a symbolic method, consisting of two aspects voice and meaning. Language and non-language symbols, such as the most prominent tools and units of symbolic science, care about the structure, tools and communication units, which make language, perform its duties. In this way, it shows the meaning of language and non-language symbols.

This research, entitled "The role of language and non-language symbols in the structure of caricature images", is intended to research and describe the symbology in general, non-language symbols in particular, the importance and role of language and non Language symbols embody different meanings and purposes in the construction of caricature images. On the other hand, the types of language, mode of communication, and influence on the reader and the listener have been mentioned. Also, the role of caricature image in conveying symantic and pragmatic meaning have been mentioned according to the surrounding theory, although individuals are more active in communication and understanding through language symbols, but the beginning of language refers to non-language symbols. However, non-language symbols are considered complementary to the action of communication and dialogue, because through them (verabal language and non-verabal language symbols) they leave more influence and importance on completing the process.

This study consists of three sections, in the first part: linguistic schools are discussed according to their working order at language levels. Dictionary is also referred to as dictionary information and language types. The second part is dedicated to meaning theories in general, and the theory of exigencies and surrounding theory, particularly  verbal language and non- verabal language symbols. In the third part of the research, the concepts and terminology of caricatures and their types and roles in the production of meaning were briefly discussed, according to the surrounding theory, and then some examples of caricature images were practically interpreted as symanthetic and pragmatic meanings.

## خشتەی وێنە کاریکاتێرییەکان و بەکارهێنانی هێمای زمانیی و نازمانییەکان:

| ژمارەی وێنەو وێنە کاریکاتێرییەکان | بەش | چۆنێتی لێکدانەوەی واتاکانیان بەپێی هەندێک بنەمای تیۆری(واتاسازی لێکدەرەوەیی و دەوروبەر). |
|---|---|---|
| ٢ | دووەم | بەهۆی هێمای زمانیی و نازمانییەوە توانراوە واتای وێنە کاریکاتێرییەکە بخرێتەڕوو، پەیامی ڕامیاری و ئابوری بە دەسەلات دەگەیەنێت. |
| ١ | سێیەم | وێنە کاریکاتێرییەکە بە یارمەتی هێمای زمانیی و نازمانیی، واتای وێنە کاریکاتێرییەکەیان خستۆتەڕوو، واتە بەبێ هێمای زمانیی واتایەکی پڕاوپڕی بە بینەران و خوێنەران نەدەگەیاند، ئەم وێنەیە زیاتر پەیامێکی پەروەردە و فێرکردنی هەڵگرتووە. |
| ٣ | سێیەم | لەم وێنە کاریکاتێرییەدا چۆنێتی دابەشکردنی داهاتی وڵات دیاریدەکات، هێمای زمانیی و نازمانیی واتاکەیان بەرجەستەکردووە، کە پەیامێکی ئابوری و ڕامیاری گەیاندووە. |
| ٤ | سێیەم | وێنە کاریکاتێرییەکە لە ڕێگەی هێمای زمانیی و نازمانییەوە بەرجەستەکراوە، بەڵام واتاکەی زیاتر بەهۆی هێمای نازمانییەوە خراوەتەڕوو، پەیامێکی ڕامیاری هەرێمی و نێودەوڵەتی هەڵگرتووە. |
| ٨ | سێیەم | هێمای زمانیی و نازمانیی تێدا بەکارهێنراوە، بەڵام جەختکردنەوەی خوێنەر و بینەر زیاتر بۆ لێکدانەوەی واتاکەی جەختی لەسەر هێمای نازمانییەکەیە، پەیامێکی ڕۆشنبیری دەگەیەنێت. |
| ٩ | سێیەم | لەم وێنە کاریکاتێرییەدا هێمای زمانیی و نازمانیی بەکارهێنراوە، بەڵام ڕوونکردنەوەی واتاکەی زیاتر بەهۆی هێمای زمانییەوەیە، پەیامی ڕامیاری بەحکومەت دەگەیەنێت. |
| ١٠ | سێیەم | هێمای زمانیی ونازمانیی بەکارهێنراوە بە مەبەستی گەیاندنی واتایەکی تەواو بە خوێنەران و بینەران، لەم وێنەیەدا هێمای زمانیی و نازمانیی هاوبەشن لە ڕونکردنەوەی واتاکەدا، پەیامی ڕامیاری دەگەیەنێت بە حکومەتی ناوەند. |
| ١١ | سێیەم | لەم وێنە کاریکاتێرییەدا هێمای زمانیی و نازمانیی تێدا بەکارهاتووە، بەڵام جەختکردنەوەی خوێنەر بۆ بەرهەمهێنانی واتاکەی هێمای نازمانییە، پەیامێکی ڕامیاری و جیهانی و ناوخۆی هەڵگرتووە. |

| | | |
|---|---|---|
| لەم وێنە کاریکاتێرییەدا هێمای زمانیی ونازمانی بەکارهێنراوە و هاوبەشن لە گەیاندنی واتادا، پەیامێکی ئابوری بە لایەنی دەسەڵات گەیاندووە. | سێیەم | ١٢ |
| هێمای زمانیی و نازمانیی تێدابەکارهاتووە، بەڵام جەختکردنەوەی خوێنەر بۆ هەڵهێنجانی واتاکەی زیاتر لەسەر هێمای زمانییە، پەیامێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی دەخاتەڕوو. | سێیەم | ١٣ |
| هێمای زمانیی و نازمانیی بە هاوبەشی واتای وێنە کاریکاتێرییەکەیان خستۆتەڕوو، پەیامێکی ئابوری بە حکومەت گەیاندووە. | سێیەم | ١٤ |
| لەم وێنە کاریکاتێرییەدا، هێمای زمانیی و نازمانیی تێدابەکارهاتووە، بەڵام هێما نازمانییەکە زیاتر واتای وێنەکەی خستۆتەڕوو، کەمتر جەختکردنەوەی خوێنەر و بینەر لەسەر هێما زمانییەکەیە، پەیامێکی جیهانی و ژینگەپارێزی هەڵگرتووە. | سێیەم | ١٦ |

**خشتەی وێنەو وێنە کاریکاتێرییەکان و بەکارهێنانی هێمای نازمانیی:**

| چۆنێتی لێکدانەوەی واتاکانیان بەپێی تیۆری دەوروبەر: | بەش | ژمارەی وێنە و وێنەی کاریکاتێری |
|---|---|---|
| وێنە کاریکاتێرییەکە تەنها هێمای نازمانی تێدابەکارهاتووە، واتە جەختکردنەوەی بینەر بۆ هەڵهێنجانی واتا بەهۆی هێمای نازمانییەوەیە پەیامێکی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت. | دووەم | ١ |
| وێنەی کەسێکی ئاساییە، بەهۆی زمانی جەستەو هێمای نازمانییەوە توانراوە واتایەکی پڕاوپڕ بگەیەنێت، کەسەکە هەست بەخۆشی و بەختەوەری دەکات. | دووەم | ٣ |
| وێکە بەهۆی هێمای نازمانییەوە، کە ڕەمزێکی ئاینی نیشانداوە، واتاکەی ئەوەیە هەرکەسێک ئەم نیشانەیە هەڵگرێت، پەیامێکی ئاینی تایبەت بە کەسانی بەرانبەر دەگەیەنێت. | دووەم | ٤ |
| لەم وێنەیەدا بەهۆی هێمای نازمانیی و زمانی جەستەوە، شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کەسەکانەوە واتاکەی ڕوون | دووەم | ٥ |

| | | |
|---|---|---|
| دەبێتەوە، کە بریتییە لە زیزبونی کەسی بەرانبەر، پەیامێکی نەرێنی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت. | | |
| لەم وێنەیەدا، تەنها هێمای نازمانیی تێدابەکارهاتووە وێنەی هونەرمەندێک خراوەتەڕوو، کە وەکو سومبول لای نەتەوەی کورد ئاماژەی پێدەکرێت، پەیامێکی هونەری بە جیهان دەگەیەنێت. | دووەم | ٦ |
| لەم وێنەیەدا هێمای نازمانیی تێدا بەکارهاتووە کە نیشانەیەکی جیهانی هەیە، هەموان لە پەیامەکە تێدەگەین، کە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات. | دووەم | ٧ |
| لەم وێنە کاریکاتێرییەدا، تەنها هێمای نازمانیی بەکارهێنراوە، بەڵام بەهۆی بەرزی ئاستی کێشانی وێنەکەوە، توانراوە واتایەکی پڕاوپڕ بگەیەنێت، پەیامێکی ڕامیاری و ئابوری گەیاندووە. | سێیەم | ٢ |
| لەم وێنە کاریکاتێرییەدا، تەنها هێمای نازمانیی بەکارهێنراوەو بەهۆیەوە واتایەکی تەواوی گەیاندووە، پەیامێکی کۆمەڵایەتی و خێزانی هەڵگرتووە. | سێیەم | ٥ |
| لەم وێنە کاریکاتێرییەدا، تەنها هێمای نازمانیی بەکارهاتووەو واتایەکی مرۆڤایەتی گەیاندووە، واتە پەیامێکی مرۆڤانەو جیهانی و ژینگەپارێزی خستۆتەڕوو، بە دیوێکی تردا وێنەکە ئەو زوڵموزۆرە نیشاندەدات، کە بەرانبەر نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە بە مەبەستی گەیاندنی بە جیهان. | سێیەم | ٦ |
| لەم وێنە کاریکاتێرییەدا هێمای نازمانیی تێدابەکارهاتووەو پەیامێکی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەک جیهانی گەیاندووە. | سێیەم | ٧ |
| لەم وێنە کاریکاتێرییەدا تەنها هێمای نازمانیی بەکارهاتووە و توانیوێتی واتایەکی پڕاوپڕ بگەیەنێت، پەیامێکی کۆمەڵایەتی و لایەنی دەرونی بە دەسەڵاتداران دەدات لە ڕوی جیاوازی ژیانکردنیانەوە. | سێیەم | ١٥ |

حكومة اقليم كوردستان العراق

رئاسة مجلس الوزراء

رئاسة التعليم العالى والبحث العيلمى

جامعة السليمانبة/ كلية التربية الآساسية

قسم اللغة الكردية

# (دور الرموز اللغوية وغير اللغوية فى تآسيس الصورة الكاريكاتيرية)

رسالة

فريدون عبدالله على

مقدمة إلى كلية التربية الآساسية فى جامعة السليمانية كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستيرفى اللغة الكردية

آشراف

آ. م. د. جوانه آحمد حمه حسين

٢٧٢٣ ك ١٤٤٤هـ ٢٠٢٣ م

Kurdistan Regional Government-Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
University of Sulaimani
College of Basic Education
Department of Kurdish Language

# The Role of Language and Non-Language Symbols in the Structure of Caricature Images

A Thesis

Submitted To The Council Of The College Of Basic Education, University Of Sulaimani, In Partial Fulfillment Of The Requirements For The Degree Of Master Of Arts In Kurdish Language

By:
Faraidoon Abdulla Ali
Supervised by:
Assist. Prof. Dr. Jwana Ahmed Hama Hussein

2723 Kurdish 2023 A.D 1444 Hijri